بڕیاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکەکەمان و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێ بەربەستی نەم بڕیارە میژوویە ڕەوابەکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● الخميس ١٨ حزيران ١٩٨١ العدد ٥٩٢

رۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

هاوکاری
التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای ڕۆژنامەنووسی و وەرگێڕانی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل مەولە

● پێنج شەممە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٨١ ژمارە ٥٩٢

ڕای گشتی جیهان بەردەوامە لە دەربڕینی پشتگیری عێراق و نارەزایی دژی زایۆنی دوژمن

سەربازە دلێرەکانمان بەردەوام دەستی مەردانە لە دوژمن دەوەشێنن

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین چاوی بە بەڕێز یاسر عرفات دەکەوێت

سەرۆکی بەڕێز موهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان پێرێ ئێوارە چاوی بە بەڕێز یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین کەوت .

لە چاپێکەوتنەکەدا بە شێوەیەکی فراوان گرنگترین مەسەلەکانی ئێستا باس کران کە نەتەوەی عەرەبمانی پێدا تێدەپەڕێت بە تایبەتی دەستدرێژی بە بەردەوامەکانی زایۆنی و هۆی بەرەنگاربوونەوەیان .

لەم چاوپێکەوتنەدا هاوڕێ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لێپرسراوی نووسینگەی فەلەستینی خەباتی چەکدار تێیداو بەڕێز عزام الاحمد نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە بەغدا ئامادەبوون .

ئەوەبوو بەڕێز یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە سەردانێکی چەند ڕۆژە لە وولات ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوو گەیشتە بەغدا .

بەڕێز یاسر عرفات لە گفتوگۆیەکدا بۆ ئاژانسی دەنگو باسی عێراق ووتی سەردانی لە وولات لەم دۆخو بارە ترسناکەدایە کە نەتەوەی عەرەبی پێدا تێدەپەڕێت بە تایبەتی لە کاتی دەستدرێژیە بەردەوامەکانی زایۆنی بۆ سەر گەلی عەرەبی فەلەستین و لوبنان لە خوارووی لوبنان کە تێیدا زایۆنی دوژمن نوێترین چەکی ئەمریکا بەکاردەهێنێت .

سەبارەت بە زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمییەکانی عێراق بەڕێز یاسر عرفات ووتی ئێمە ئەم کارە دڕندانەیە بەوە دادەنێین کە نەك هەر دژ بە عێراقە بەڵکوو دژ بە هەموو نەتەوەی عەرەب و ئاسایشی نەتەوەیمانە .

لە بروسکەیەکدا بۆسەرۆکی فەرمانده صدام حسین

ڕۆژنامەنووسانی وولات پەیمانی نوێ دەکەن نەتەوەو وزەو توانایان لە پێناوی جەنگی نەتەوەیی کانمان دا تەرخان بکەن

ڕۆژنامەنووسانی وولات پەیمانیان بۆ پاڵەوانی ڕزگاری نەتەوەیی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین نوێ کردەوە کە هەموو تواناو وزەیەکی فیکری و سیاسی و ڕاگەیاندنی خۆیان لە پێناوی جەنگی نەتەوەیی یەڕەواکانماندا دژ بە دەستدرێژی زایۆنی و فارسی ڕەگەزپەرست تەرخان بکەن .

ئەمە لەو بروسکەدا هاتووە کە بۆ سەرۆکی فەرماندەیان ناردووە پاش تەواوبوونی ئاهەنگی ووتار خوێندنەوە کە بە سەرپێرێ نەقابەی ڕۆژنامەنووسان بە بۆنەی جەژنی ڕۆژنامەنووسی سەدو دوازدەهەمین ساڵەی بیرەوەری دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی عیراقی یەوە ڕێکی خستبوو . ئەمەیش دەقی بروسکەکەیە .

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

ئێمە لە کاتێکدا ئاهەنگ بە بۆنەی جەژنی سەدو دوازدەهەمین ساڵەی ڕۆژنامەنووسی عیراقەوە لەژێر دروشمی (قادسیەی صدام .. پێنووس و تفەنگ یەك ئامانج دەپێکن)دا دەگێڕین ڕاستگۆترین واتای خۆشەویستی و ڕێزلێنان و لایەنگیری بۆ جەنابتان بەرزدەکەینەوە و پەیمان نوێدەکەینەوە ووشەکانمان وەك شمشێری ماف و دادپەروەری لەپشتی سەرکردایەتی داناتانەوە لەکاردا بن لەسەر ڕێگای تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرگری کردن لە دەستەڵات و سەربەرزی نیشتمانی و نەتەوەیمان .

ڕۆژنامەنووسی عیراق کە بۆ یەکەمین جار لەژێر سێبەری شۆڕشی حزبی بەعسی عەرەبی دا لە حەفدەی تەمووزی پێش دوازدە ساڵدا ئاهەنگی بەمجەژنەوە گێڕا ئەمڕۆ بووەتە ڕەوشتێکی خۆشەویستی ڕەوشتەکانی خەباتگێڕی کە لە چوارچێوەی ئەوەوە دووپاتی دەکاتەوە سەر بە ڕێڕەوی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیەو توند ڕاوەستاوە لە ڕووبەڕووبونی ئەو هەڕەشەیانەی بەرەو ڕووی نەتەوەکەمان و تاقیکردنەوە شۆڕشگێڕی یە پێشەنگەکەمان دا دەبنەوە لە هەرێمی عیراقداو دووپاتی دەکەنەوە کە هەموو ووشەیەکی مولتەزیم گوللەیەك بێت کار لەبەرەی دوژمنان بکاتو .. لەسەر ڕێگای ڕزگارکردنی فەلەستین و هەموو بستە زەویەکی داگیرکراوی خاکی عەرەب .

بەم بۆنەیەوەو بە ناوی پێنووس هەڵگرانەوە ئەی شۆڕە سواری قادسیەو پاڵەوانی ڕزگاری پەیمان نوێدەکەینەوە ووزەو توانای فیکری و سیاسی و ڕاگەیاندنی کانمان لە پێناوی جەنگی نەتەوەیی یە ڕەواکانماندا دژ بە دەستدرێژی زایۆنی و فارسی ڕەگەزپەرست تەرخان بکەین و بۆ ئەوەی ئالای شۆڕش هەر شەکاوە بێت و نەبەردی عەرەب هەرنەمرێت .

سعد قاسم حمودی
نەقیبی ڕۆژنامەنووسان

ڕۆژنامەی (نیشتمان)ی کوێتی :

هێرشێکی بەرهەڵستی گەران لە کۆستاریکا

تاقمێکی چەپڕەوی چەکدار هێرشیان بردووەتە سەر ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس لە ناوچەیەکدا کە دوازدە کیلۆمەتر لە باکووری سان خۆزێی پایتەختی کۆستکاریکاوە دوورە .

سەرچاوەکانی پۆلیس ووتوویانە پۆلیسێك کوژراوەو ژمارەیەکی تریشیان بریندار

ڕاوانە ل : ٧

هەستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی فانتۆمی ئێرانی

ڕۆژنامەی (نیشتمان)ی کوێتی ڕۆژی سێشەممە ووتوویەتی فڕۆکەشکێنەکانی چەکی ئاسمانی کوێتی فڕۆکەیەکی فانتۆمی ئێرانییان خستووەتە خوارەوە لەو سێ فڕۆکەیەی کە ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو هێرشیان بردووەتە سەر ناوچەی عەبدەلی .

ڕۆژنامەکە لە هەواڵێکدا کە نەیداوەتە پاڵ هیچ سەرچاوەیەك ووتوویەتی فڕۆکەکە لە خاکی کوێتدا کەوتووەتە خوارەوەو پارچەکانی کۆ کراونەتەوەو گوێزراونەتەوە . هەروەها ووتووشیەتی فڕۆکەشکێنەکانی کوێت فڕۆکەیەکی تریشیان پێکاوەو بە ئاگر گرتنەوە لە سنووری کوێت پەڕیوەتەوە .

پەنجەیشی بۆ ئەوە

ڕاوانە ل : ٧

لەبەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشدا

فەرەنساو بریتانیاو چین و یەکێتی سۆڤیەتو چەندین دەوڵەتی تر دەستدرێژی یەکی زایۆنی بۆسەر عێراق تاوانبار بکرێت

پێری شەو لە نیۆیۆرك دکتۆر سەدون حمادی وەزیری دەرەوە لەگەڵ شێخ صباح الاحمد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەزیری دەرەوەی کوێتدا کۆبووەوە .

لەم کۆبوونەوەیەدا بیروڕای خۆیان سەبارەت بە ستراتیژیەتێکی هاوبەشی عەرەب لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا کە لە دەستدرێژی یەکەی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمییەکانی عیراق دەکۆڵێتەوە .

ئەوەبوو ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان پێری ئێوارە دەستی بە کۆبوونەوە کردو یەکەمین کەس قسەی کرد بەڕێز ئیدۆ ئۆمارۆ نوێنەری نەیجەر بوو کە بە توندی دەستدرێژی یەکەی تاوانبار کردو ووتی قەوارەی زایۆنی بە شێوەیەکی ئاشکراو ناشیرین ئاشتیو ئاسایشی ئەم ناوچەیەی جیهانی پێشێل کرد .

هەروەها نوێنەری پەنەماو کۆماری عەرەبی یەمەنو بەڕێز عصمة کەتانی قسەیان کرد .. هەروەها لە کۆبوونەوەی پێری ئێوارەدا نوێنەری فەرەنساو بریتانیاو چین قسەیان کردو داوایان کرد بڕیارێکی ئەوتۆ دژی دەستدرێژی یەکەی زایۆنی بۆ سەر دەزگاکانی ئەتۆمی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمییەکانی عیراق دەربکرێت .

بشتگیری ئەم پێشنیارەی کردو نوێنەری چین نارەزایی دەربارەی دەستدرێژی یەکەی زایۆنی دەربڕیو پەنجەی بۆ زایۆنی دەربڕیو ئەوە تەنیا ئەوە ڕاکێشاکە ئەوە تەنیا دەستدرێژی نییە بۆ سەر عیراق بەڵکوو دەستدرێژی یە بۆ سەر وولاتە عەرەبەکان .

ڕاوانە ل : ٧

بۆ سێیەمین جار پالمە لە بەغدا دەدات

ئۆلف پالمە نێردراوی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند کە هەفتەی داهاتوو بۆ سێیەمین جار سەر لە بەغدا دەدات بۆ پەردان بە هەوڵو تەقەلای خۆی لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەرێکی بۆ ناکۆکی نێوان عیراقو ئێران .

پالمە لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ پەیامنێری (ئا.د.ع)دا لە مۆسکۆ ووتی چەند پێشنیارێکی نوێی پێیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە .

هەروەها دووپاتی کردەوە کە بەدەنگەوەهاتنێکی گەورەی ڕەچاوکرد لە پێناوی سەرخستنی ئەم ئەرکەی لە چوارچێوەی سەردانەکانی پێشووی بۆ بەغدا لەلایەن بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین و هەموو لێپرسراوەکانی تری وولاتەوە .

سەبارەت بە دەستدرێژی یەکەی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمییەکانی عیراق پالمە وای دەبینێت کە ئەمریکا و فەرەنساو بریتانیاو چین و یەکێتی سۆڤیەتو چەندین دەوڵەتی تر دەستدرێژی یەکەی زایۆنی بۆسەر عیراق تاوانبار بکرێت .

ڕاوانە ل : ٧

ڕۆژی ١٤-٦-١٩٨١

١٩٦ کوژراو ، حەوت تانك ، سێ نەفەربەری زرێپۆش ، سێزدە ئۆتۆمبیل ، پێنج تۆپخانەی هەمە جۆرە ، بنکەیەکی مووشەك ، چوار کۆمەڵ تەقەمەنی ، سێ ڕووانگە ، یەك لوولە هاوێژ .

ڕۆژی ١٥-٦-١٩٨١

٦٧ کوژراو ، پێنج سەنگەری پیادە ، یەك تانك ، سێ ئۆتۆمبیل ، یەك تۆپخانە ، دوو کۆمەڵ تەقەمەنی .

ئەمەو فارسی دوژمن بۆ جاری دووەم شاری بەسرەی بە تۆپخانەیەکی تاکی چەشنی (١٧٥) ملم بۆردمان کرد لەدەوروبەری ناوچەی عەبادانەوە بەرانبەر بە بەسرە ، کە بووەتە هۆی شەهیدبوونی حەوت هاوولاتی و بریندار بوونی ٣٨ کەسی تر .

ڕۆژی ١٦-٦-١٩٨١

١١٣ کوژراو ، دوو سەنگەری پیادە ، یەك تانك ، یەك نەفەربەری زرێپۆش ، دە ئۆتۆمبیل ، یەك شەڤڵ ، دوو کۆمەڵ تەقەمەنی ، دوو ڕووانگە .

بە بڕوایەکی پتەوو ، بە ووردەیەکی بەرزو ، بەتوانابوونێکی بێهاوتاوە سەربازە دلێرەکانی قادسیەی صدام دەستی توندو تیژ لە سەربازە هەڵخەڵەتێنراوەکانی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن دەوەشێنن و ، لە هەموو گەرتەکانی بەرەی جەنگدا سەرکەوتنی نوێ دژ بە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن تۆمار دەکەن .. ئەمەو سەرجەمی زیانەکانی دوژمن لە ڕۆژانی ڕابوردوو بەم چەشنە بووە :

ڕۆژی ١٠-٦-١٩٨١

١٢٤ کوژراو ، پێنج سەنگەری پیادە ، یەك نەفەربەری زرێپۆش ، یازدە ئۆتۆمبیل ، پێنج تۆپخانەی ٥کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەك فڕۆکەی هیلیکۆپتەر .

ڕۆژی ١١-٦-١٩٨١

٢٩ کوژراو ، نەفەربەرێك ، یەك زرێپۆش ، هەشت ئۆتۆمبیل ، پێنج تۆپخانەی هەمە جۆر ، یەك شەڤڵ ، هەشت کۆمەڵ تەقەمەنی ، پێنج ڕووانگە .

ئەمەو فڕۆکەکانمان هێرشیان بردە سەر مۆڵگەی سەربازو ئامێرەکانی دوژمن لە ناوچەی دیزفوول و نزیك کرماشان و ناوچەی عەبادان و ڕاستەوخۆ پێکاویانن و بەساغی گەڕاونەتەوە بنکەکانیان .

ڕۆژی ١٢-٦-١٩٨١

٢٤٥ کوژراو ، ١٤ تانك ، ٦ نەفەربەی زرێپۆش ، ٦ ئۆتۆمبیل ، حەوت تۆپخانە ، یەك بنکەی مووشەك ، یەك شەڤڵ ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەك ڕووانگە ، یەك لوولە هاوێژ ، یەك فڕۆکەی هیلیکۆپتەر .

ئەمەو فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانمان هێرشیان بردە سەر ئامێرەکانی دوژمن لە ناوچەی عەبادان ، فڕۆکەکانی ئاسمانیش هێرشیان بردە سەر مۆڵگە ئامێرەکانی دوژمن لەناوچەی عەبادان و ڕاستەوخۆ پێکانیان و بەساغی گەڕانەوە بنکەکانیان .

ڕۆژی ١٣ - ٦ - ١٩٨١

٣٠٩ کوژراو ، دوو تانك ، یەك نەفەربەری زرێپۆش ، حەوت ئۆتۆمبیل ، سێ تۆپخانە ، یەك کۆمەڵ تەقەمەنی ، دوو ڕووانگە ، فڕۆکەیەکی هیلیکۆپتەر .

ڕۆژنامەیەکی بریتانیا

ڕژێمی فارس چەندین وێنەی دەزگا ئەتۆمییەکانی عێراقی بە «ئیسرائیل» داوە

ڕۆژنامەی (سەندەی تەلەگراف)ی بریتانیا دووپاتی کردووەتەوە کە (ئیسرائیل) نەیدەتوانی بۆردمانی دەزگا ئەتۆمییەکانی عیراق بکات بەیارمەتی ڕژێمی فارس نەبێت .

هەروەها ووتوویەتی ڕژێمی فارس زیاتر لە (هەزار) وێنەی دەزگا ئەتۆمییەکانی عیراقی بە (ئیسرائیل) داوە کە فڕۆکە فانتۆمەکانی ئێران لە کاتی هێرشیان بۆ سەر دەزگا ئەتۆمییەکانی عیراق لە ئەیلوولی ڕابوردوودا و لە کاتی هێرشهێنانی تردا بۆ سەر بەغدا گرتوویانن .

ڕۆژنامەکە ووتوویەتی وێنەکان ئەوەندە ئاشکراو ڕوون بوون یارمەتی شارەزایانیان داوە کە شوێنی دەزگاکان بە ووردی دیاری بکەن هەروەها ئەو وێنانە شوێنی مووشەکی سام ٢و، سام ٦و چەکەکانی تری دژ بە فڕۆکەبان لە نزیکی شوێنی دەزگا ئەتۆمییەکە دەرخستووە .

ڕۆژنامەکە بە زمانی چەند سەرچاوەیەکی ئاگاداریەوە ووتوویەتی بەهۆی لابەنێکی سێیەمەوە کە لەوانەیە دەوڵەتێکی ناوچەکە بێت یان دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی بێت کە لەم دوایی یەدا چەکی سپێری بە ئێران داوە ، ئەو وێنانە بە ئیسرائیل دراون .

ڕۆژنامەکە ئەوەیشی دووڕنەخستووەتەوە کە لەوانەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕژێمی ئێران و ئیسرائیلدا ڕووی دابێت بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ئێران زۆر پێویستی بە یارمەتی ئیسرائیل هەیە لەو جەنگەیدا لەگەڵ عێراقدا .

دوو ڕۆژنامەی زایۆنی پەردە لە ڕووی تاریکای زایۆنی و ئەمریکا لادەدەن بۆ بۆردومان کردنی دەزگا ئەتۆمییەکانمان

ڕۆژنامەی (مەعاریف)ی زایۆنی ووتوویەتی چەند لێپرسراوێکی سیخوڕی ئەمریکا پار بە نهێنی سەریان لە (ئیسرائیل) داوە بۆ ئەوەی لەگەڵ لێپرسراوانی سیخوڕی ئیسرائیلدا ئەو زانیاریانە بەڕاوورد بکەن کە سەبارەت بە خۆئامادەکردنی ئەتۆمییانەی عیراق . گەیشتووەتە دەستیان . .

ئاژانسی دەنگو باسی فەرەنسەوی لە زمانی

ڕاوانە ل : ٧

ئێران

● بەنی صەدر ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە
● تاقمێکی بە هەشتی داوای لە سێدارەدانی دەکەن

لە سەرکارلادانی سەرۆکی ڕژێمی فارس بەنی صەدر لەسەر کورسیی سەرۆکایەتی بە شێوەیەکی ناشکرا ڕوونبووەتەوەو بووەتە مەسەلەیەکی کورتی وەختی .

ئەوەبوو ئەوەی ناوی ئەنجوومەنی شووراى ئیسلامی بە بڕیاری دا سەبارەت بە شایستە نەبوونی بەنی صەدر بۆ سەرۆکایەتی سیاسی دەنگ بدات ئەویش بە لابەنی کەمەوە لە ماوەی بیستو چوار سەعاتدا .

ئاژانسی دەنگو باسی فەرەنسەوی ووتوویەتی ئەنجامی دەنگدانەکە پێشتر زانراوە چونکە دوژمنانی بەنی صەدر کە لایەنگیری حزبی (کۆماری ئیسلامی) دەکەن لە ئەنجوومەندا زۆرن کە ئەنجوومەنیش بڕیاری دا ئەوا کوتو پڕ خومەینی بڕیاری لەسەرکار لادانی بەنی صەدر دەردەکات .

ئەوەبوو ١٤٥ نوێنەر لە سەرجەمی ١٨٣ نوێنەر لە

ڕاوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری‌دا ٭

موچەیەکی ٥٠٠ دیناری بۆ خێزانی پسپۆڕی فەرەنسایی بڕێتەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش بڕیاری‌دا موچەیەکی خانەنشینی‌ی بڕاوە بە خێزانی پسپۆڕی فەرەنسەوی (هنری دانیال تۆسێ)بەخشێت کە ٥٠٠ دیناری عیراقی‌یە .

ئەوەبوو پسپۆڕی ناوبراوی فەرەنسەوی لە ئەنجامی هێرشی دڕندانەی فڕۆکەکانی زایۆنی‌ی دوژمن بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراق لە حەوتی ئەم مانگەدا، کۆچی دوایی کرد .

ئا.د.ع

لێکۆڵینەوەی ڕەوتی جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزاری‌یەکانی پارێزگای سلێمانی

بەڕێز جمال حاجی شریف سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجەیی پارێزگاری‌سلێمانی لە ڕەوتی جێبەجێ‌کردنی پرۆژە خزمەتگوزاری یەکانی پارێزگاکە کۆڵانەوە .

لەم کۆبوونەوەدا کە لەو بەسەلەیانە کۆنرایەوە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی‌ڕاپەڕاندنی ناوچەکە ئامادەبوون .

هەروەها بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن کۆبوونەوەیەکی تری لەگەڵ سەرۆکانی دام‌و دەزگا ڕەسمی‌یەکان‌و ئەندامانی ئەنجوومەنی گەلی‌و ئەنجوومەنی شارەوانی‌و پیاوە ئایینی‌یە بەڕێزەکان‌دا سازدا لەگەڵیان‌دا لە ڕەوتی جێبەجێ‌کردنی نەخشەی بنەڕەتی‌ی شاری سلێمانی کۆڵایەوە بە ئامادەبوونی بەڕێزان پارێزگارەکان‌و ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن .

لە کۆبوونەوەکەدا باسی واقیعی ڕەوتی ئۆتۆنۆمی‌ی ناوچەکەو ئەو دەستکەوتە مەزنانە کرا کە تێیدا وەدی هێنراون .. سەرەڕای واقیعی چەوساندنەوەو ڕەگەزپەرستی کە گەلی کوردی تێدا دەژین لە ئێران .

ئەوانەی لەم کۆبوونەوەدا ئامادەبوون دووپاتی یەکێتی‌ی گەلی عیراق‌و پشتەوی‌یان کردەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی‌ی فارس‌و زایۆنیزم پێکەوە .. هەروەها ڕۆڵی گەلی کوردمان لە دروست‌کردنی سەرکەوتنەکانی جەنەنگی پیرۆزی قادسیەی صدام‌دا .

ئەنجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن سەری لە نەخۆشخانەی فێرکردنی شاری سلێمانی‌داو چاوی بە پزیشک‌و کارگێڕە تەندروستی‌یەکان کەوت کە لەوێ‌دا ئیش دەکەن بە ئامادەبوونی دکتۆر محمد زیوەر شریف ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و تەندروستی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان .

لەم چاوپێکەوتنەدا لە شێوازەکانی پەرەپێدانی دەزگا تەندروستی‌یەکان‌و پێداویستی‌یان لە کارگێڕی مام ناوەندی‌و پزیشکی موقیم‌و دەزگا ئامێری تاقیگا کۆڵرایەوە .

ووتیشی کە بەم زووانە دەست بە دروست‌کردنی نەخۆشخانەی نوێ‌ی سلێمانی دەکرێت کە ١٥ ملیۆن دیناری تێ‌دەچێت‌و شەش سەد قەرەوێڵەی تێدا دەبێت‌و نوێ‌ترین ئامێرو کەرەستەی پزیشکی‌ی تێدا دەبێت لەم چاوپێکەوتنەدا بڕیاردرا ئەو ئافرەتانەی کە بەشێوەی کاریکێری تەندروستی ئیش‌دەکەن‌و بڕوانامەی سەرەتایی‌یان هەبە بخرێنە دەورەی سستەری‌یەوەو بە سەر دەزگا تەندروستی‌یەکانی پارێزگاکەدا دابەش‌بکرێن .. لەهەمان کات‌دا ئەمینداره گشتی‌یەکانی بەڕێوەبەرایەتی‌یە گشتی‌یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەریان لەودەزگایانەدا کە پەیوەندیان بە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانیانەوە هەبەو لە پێداویستی‌یەکانیان‌و ڕەوتی کاری جێبەجێ‌کردنی پرۆژەکانیان کۆڵینەوە .

ئاهەنگێکی دووتار خوێندنەوە بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی عیراقەوە

بەڕێز طارق عزیز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران دووپاتی کردەوە پیاوانی ڕۆژنامەنووسی‌و ڕاگەیاندنی عیراق ئەوانەی لە ئامێزی شۆڕش‌دا پەروەردەبوون‌و لە ئامۆژگاری‌و فیکری سەرکردەی دانا (صدام حسین)ەوە سوودیان بینی توانای بێ‌هاوتای خۆیانیان چەسپاند لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی تێکۆشان‌داو چەندین وێنەی زینووی جەنگە نەتەوەیی‌یە بیرۆزەکەمانیان بەگەلی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب بەخشی دژ بە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن .

هەروەها لەووتارێك‌دا کە ئێوارەی بەسرپێرێ لەو ئاهەنگی ووتار خوێندنەوەدا خوێندیەوە کە نەقابەی ڕۆژنامەنووسەکانی عیراق بە بۆنەی سەدو دوازدە هەمین ساڵی ڕۆژنامەنووسی‌ی عیراقەوە سازی دابوو، ووتی ڕۆژنامەنووسەکانمان لە ئامادەکردنی جەماوەری عەرەب‌دا بەشداری‌یان کرد ئامادەکردنێکی ئەوتۆ کە یەکێك لە بنەما سەرەکی‌یەکانی سەرکەوتنەکانمان لە جەنگەدا دەنوێنێت .

هەروەها ووتی هەر لە سەرەتای بەرەنگاربوونەوەی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن لە سنووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب ووتەکانی سەرۆکی زانا صدام حسین‌و بەیاننامەکانی سەرکردایەتی دووپاتیان دەکردەوە کە لەهەمان کات‌دا کە ناچارین لەسەر خاکی محەمەرەو عەبادان‌و دزفوول دەجەنگێین ئەوا قودس‌و جەلیل‌و ڕام‌الله لەچاوو ویژدانمان‌دا دەژین .

هەروەها ڕووی قسەی لە ڕۆژنامەنووسان کردو ووتی ئەم ئاهەنگ‌گێڕانەتان بابەخێکی تایبەتی‌ی هەیە چونکە لەگەڵ سەرکەوتنەکانمان‌دا شان‌بەشانەکە دژ بە دوژمنێکی داگیرکەری دەستدرێژی‌کەرە دەیەوێت زیانمان پێ‌بگەیەنێت ، ئەو سەرکەوتنانەی کە شان‌بەشانی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عیراق بەشداریتیان کرد کە بەوپەڕی ئازایەتی‌و پاڵەوانێتی‌یەوە جەنگاو باوەڕی خۆیی بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی‌و ئێستای‌و پاشەڕۆژی خستە ڕوو .

سەبارەت بە دەستدرێژی‌یەکەی زایۆنی‌ی دوژمن بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان ووتی کە بەشێك بوو لە بەشەکانی جەنگەکەمان کە هەرر لە سەرەتای پەیدابوونی حزبی شۆڕشی عەرەب حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە دەستی پێ‌کرد کە بەشێکە لەو جەنگەی دەستمان پێ‌کرد کاتێك پێشەنگەکانی شۆڕشگێڕی شۆڕشی‌ی تەموزی پیرۆزیان بەرپاکرد .. هەروەها بەشێکە لەو جەنگەی کە لە چواری ئەیلوولی ١٩٨٠دا بەسەرمان‌دا سەپێنرا دژ بە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن .

لە کۆتایی ووتارەکەیدا ووتی ئێمە هەست بە گەشبینی دەکەین نەك بە لە خۆبایی‌بوون یان بە سنگ دەربەڕاندن بەڵام چونکە دەزانین چی‌دەکەین‌و چیمان دەوێت‌و خوایشمان پێشنیوانی‌ی کردین‌و سەری خستین بۆ ئەوەی کارکردن بە نەخشەبۆدانان بەستینەوە . سڵاو لە ناخەوە بۆ ئەو شەهیدانەی لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا لە دەستمان‌دان بەڵام لە ئاوات‌و لەڕێڕەوەکەمان‌دا وون نەبوون بەڵکوو بەزیندوو دەمێننەوە لە شارەکان‌و لەخاکی عیراق‌و لەویژدانی ڕۆڵەکانی‌داو لەویژدانی عەرەب‌دا .

ئەوەبوو بەڕێز سعد قاسم حمودی ئەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا ووتارێکی خوێندەوتێیدا بەیمانی بەردەوام بوونی بەخشەشی بۆ سەرۆکی فەرمانده صدام حسین نوێ‌کردەوە بەناوی ڕۆژنامەنووسانی عیراقەوە شان‌بەشانی هاوڕێ چەکدارەکان لەسەر ڕێگای تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە تێکۆشانی لە پێناوی ژیانێکی سەربەستانەی ئازاددا هەروەها بۆ ئەوەی ووشە کاریگەری تێکۆشەرانەی خۆیی هەبێت‌و وەکوو گوللە کاریگەر بێت‌و ڕۆژنامەنووسی‌ی عیراق بەوە سەربڵنده کە لەسەر خاکی جەنگی نەتەوەیی پیرۆزدا خوێنی بەخشیوەو شەهیدبوون دەبێتە میدالیایەك سینگی ڕۆژنامەنووسان دەڕازێنێتەوە .

ئەمەو هاوڕێ ناصیف عواد ئەمینداری گشتی‌ی یەکێتی‌ی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستین‌و بەڕێز حنا مقبل ئەمینداری گشتی‌ی یەکێتی‌ی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب‌و دکتۆر فرید ایار ئەمینداری گشتی‌ی یەکێتی‌ی ئاژانسی دەنگ‌وباسەکانی عەرەب عەرو ووتاریان خوێندەوە.

لەئاهەنگەکەدا بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌و هاوڕێ کمال عبدالله بەڕێوەبەری ئوتیلەی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لەسەرکردایەتی‌ی نەتەوایەتی‌ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و بەڕێز عبدالقادر عبدالڕزاق ئەمینداری نهێنی‌ی ئەنجوومەنی نیشتمانی‌و لوا یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی‌ی پۆلیس ئامادەبوون سەرەڕای سەرۆك

بڕوانە ل : ٧

جەماوەر و ڕێکخراوەکانی ناوچەی کوردستان ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە دەستدرێژی‌یەکی زایۆنی بۆسەر دەزگا ئۆتۆمی‌یەکانمان دەردەبڕن

ئەو دەستدرێژی‌یەدڕندانەیەی فڕۆکەکانی قەوارەی زایۆنی‌ی دوژمن کردیانە سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان ، لەلایەن جەماوەری گەلی کوردەوە ناڕەزایی بەرانبەر دەربڕا ، هەروەها حزب‌و ڕێکخراوەکوردی‌یەکان ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر بەم کارە ناڕەواو دڕندانەیە دەربڕی

دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە هەمیشە هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆیان بەرانبەر بەم جۆرە کارە ناڕەواو نامەردانە دەردەبڕن‌و پشتگیری‌ی شۆڕش دەکەن‌و پتر سوورن لەسەر ئەوەی بەردەوام بن لە ڕێڕەوی نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازی‌دا کە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان لەسەری دەڕوات .

● **ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان :** لە بەیاننامەیەکەدا ناڕەزایی خۆی سەبارەت بە هێرشە دڕندانەکەی زایۆنیزم بۆسەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان دەربڕی‌و ئەم کارە ناڕەوایەی تاوانبار کرد .

هەروەها لە بەیاننامەکەدا دووپاتی ئەوەی کردەوە ئەم دەستدرێژی‌یەی کە هەموو جیهان تاوانباری کردو ناڕەزایی سەبارەت دەربڕی ئەوە دەردەخات تاچی ڕادەیەك پەیوەندی لە نێوان قەوارەی زایۆنی‌و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی فارس‌دا هەیە سەرەڕای ئەو پشتگیری‌و هاندانەی کە زایۆنیزم لە ئیستیعمارەوە وەری دەگرێت بەوەی کە ئەڵقەیەکی تەواوکەری ئەڵقەکانی پیلانگێڕانە دژی عیراقی شۆڕش .

ئەمەو بەڕێز احمد عبدالقادر نەقشەبەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ، دووپاتی کردووەتەوە کە ئەنجوومەنەکە بە ناوی هەموو ئەندامان‌و کارگێڕان‌و بە ناوی جەماوەری گەلی کوردمان لە ناوچەکەدا ئەم کارە تاوانکاری‌یە تاوانبار دەکات‌و ناڕەزایی دەربارەی ئەم هێرشە دڕندانەیە دەردەبڕێت‌و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە لەسەر بەردەوامی‌ی ڕێڕەوی نیشتمانی‌و پێشکەوتن‌و گرد بوونەوە لە دەوری سەرکردایەتی‌ی شۆڕش سوورین‌و لە قوربانی‌دان لە ڕێگای سەربەرزی‌و سەربڵندی‌ی نیشتمان‌دا درێغی نەکات .

● **هەروەها بەڕێز جمال حاجی شریف سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان** لە بروسکەیەکدا کە بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ناردوویەتی ووتوویەتی ئەو دەستدرێژی‌یەی کە کردیە سەر ووڵاتەکەمان هەستی ئێمەو هەستی ڕۆڵەکانی ناوچەکەی بزواند هەروەها دووپاتی کردەوە کە لە دەوری سەرکردایەتی‌ی شۆڕش ڕادەوەستن بۆ بەرگری‌کردن لە نیشتمانی‌و نەتەوە تاکو هەموو پارچە زەوی‌یە داگیرکراوەکانمان ڕزگار دەبن .

● **هەروەها پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان** بروسکەیەکی ناڕەزایی دەربڕینی سەبارەت بە دەستدرێژی‌یە ناڕەواکەی قەوارەی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان بە

بڕوانە ل : ٧

کوریتە هەواڵ

● ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز یحیی محمد رشید جاف پارێزگاری هەولێر کە شەممەی ڕابوردوو سازی دابوو بڕیاری‌دا لیژنەیەکی ناوەندی پێك‌بهێنرێت بۆ دابین‌کردنی پێداویستی‌یەکانی وەرگرتنی ئەوانەی کە یاسای بەزۆر پێ‌خوێندن دەیانگرێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی داهاتووی خوێندن‌دا دەست بە خوێندن بکەن .

ئەنجوومەنەکە بڕیاری‌دا لیژنە ناوچەی‌یەکانی قەزاو ناحیەکان بەهاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان‌دا زنجیرەیەکی کۆبوونەوەی ڕۆژی ووشیارکردنەوە سازبکەن بۆ باس‌کردنی مەودا و گرنگی‌ی بەژۆرپێ‌خوێندن .

● ئەنجوومەنی کشت‌وکاڵی‌ی پارێزگای هەولێر بڕیاری‌دا شەش‌سەد دۆنم زەوی کە هی کۆمەڵەی هاوبەشی‌ی کوردستانە کە هەڵوەشاوەتەوە بەسەر جوتیارەکانی ناوچەکەدا دابەش بکات ئەوانەی کە سوودی لێ‌وەردەگرن .

ئەنجوومەنەکە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوودا بە سەرۆکایەتی بەڕێز یحیی محمد رشید جاف پارێزگاری هەولێر لە ڕەوتی کارکردنی هەڵمەتی دروێنەکۆڵایەوە کە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابوردووەوە دەستی پێ‌کردووەو بە هۆیەوە توانرا ٤٣٢ دۆنم لە سەرجەمی یەك ملیۆن‌و ١٧٢ دۆنم زەوی‌ی بە گەنم‌و جۆ کێڵراو دروێنەبکرێت .

ئەنجوومەنەکە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە دەبێت هەموو ڕەنجێك چڕ بکرێتەوە بۆ تەواوکردنی هەڵمەتی دروێنە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا کە نیوەی یەکەمی مانگی داهاتوو دەکات‌و .. دانەوێڵەکە بە شێوەیەکی خێراو ڕێك‌و پێك بخرێتە بازاڕەوە .

دانانی ڕۆژی پانزەی حوزەیرانی لەموو ساڵێك بە ڕۆژی ووزە لەعیراقدا

لیژنەی هەرێمایەتی‌ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك عیراق‌دا ئەویش بەگوێرەی کۆنگرەی ووزەی نوێ‌و گرتووەکان .

ووزە بڕیاری‌دا ڕۆژی پانزەی بە ڕۆژی ووزە دابنێت لە پێشنیاری سکرتاریەتی نوێ‌بووەوەی سەر بە نەتەوە

لیژنەکە بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردووە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش بەچەستپاوی لەپێناوی باشترین سوودلێ وەرگرتنی سامانی نەوتی‌و هیدرۆکاربۆنی‌دا کاری کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نیشتمانی ڕەنێو بهێنرێن بەگوێرەی باشترین شێوازی فەنی‌و زانستی کە دەبێتە هۆی دابین‌کردنی ڕەنێوهێنانی‌و بەفیڕۆنەدانی .

هەروەها ڕوونی کردووەتەوە کە زایۆنی‌ی دوژمن کە لە دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراقی‌دا بەمەی تاوانێکی ئەوتۆی کرد کە هەموو گەلانی جیهان ناڕەزایی خۆیان سەبارەت دەربڕی‌و دوژمنانی مرۆڤایەتی‌و شارستانی‌و پێشکەوتن لەوانەیش فارسە نەژانە ڕەگەزپەرستەکان‌و زایۆنیزمە ڕق لە دڵەکان لەسەر دەستدرێژی‌کردن‌و مل‌هوڕی‌و هێرش‌بردنە سەر عیراقی بەتواناو بەهێزمان ڕێك‌کەوتوون .

لیژنەکە ووتوویەتی قەوارەی زایۆنی کە ددانە دڕندانەکانی جێ‌ی دەکاتەوە لەواقیعدا تەنیا هێرشی ناباتە سەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیانەی وڵاتەکەمان‌و بەس بەڵکوو هەموو وڵاتە عەرەبەکان‌و وڵاتانی جیهانی سێیەم دەگرێتەوە لەڕێڕەویان‌دا بەرەو پەرەسەندن‌و گەشەسەندن بە مەبەستی شاردنەوەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیانەیان .

بروسکەی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی عیراقەوە

بەبۆنەی بیرەوەری سەدوو دوانزە ساڵەی جەژنی ڕۆژنامەنووسی عیراقەوە بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ئەم بروسکەیەی ئاراستەی نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عیراق کردوە :

زۆر پێخۆشحاڵین ، گەش‌ترین ئاوات‌و جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش بە ئێوەو هەموو ئەوانە بکەین کە لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی‌دا کاردەکەن ، بەم بۆنەیەوە کە ڕۆژنامەنووسی‌ی عیراق جەژنی سەدو دوانزە ساڵەی خۆی دەکات‌و لە بڕینی ڕێگای خەباتی سەربەرزانەدا هەنگاو گورج دەکات‌و بە گوڕتر لە پێناوی خزمەتی ئامانجەکانی گەلی عیراقمان‌و نەتەوەی مەزنی عەرەب‌دا بەسەرکردایەتی‌ی سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین .

ئەو ڕۆژنامەکوردی‌یەیانەی کە دەزگاکەمان بێت‌و .. .. ووشەی گەلی خۆشەویستی‌و تاسەی بە کوڵ بۆ ئەو قەڵەمە بەفەڕانەی جەنگی شەرەفمەندی‌و سەربەرزی‌دا تۆمار دەکەن .

اسماعیل رسول احمد

بەڕێوەبەری گشتی‌ی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

قیرتاوکردنی شەقامی ناوخۆیی‌یەکانی سەرچنار

بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجەیی پارێزگاری سلێمانی دووشەممەی ڕابوردوو تەماشای ڕەوتی قیرتاو کردن‌و چەو کردنی شەقامە ناوخۆیی‌یەکان‌و

بڕوانە ل : ٧

لێکۆڵینەوەی پرۆژە شارەوانی‌یەکانی شاری سلێمانی

بەڕێز سعاد تالەبانی ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان لەڕەوتی جێبەجێ کردنی پرۆژە شارەوانی‌یەکانی شاری سلێمانی کۆڵایەوە .

ئەمەو بەڕێز سالم عبدالکریم جێگری ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی‌و ئابووری‌ی ناوچەکە سەرۆکایەتی‌ی کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبەرانی دەزگا بازرگانی‌یەکانی شاری سلێمانی‌ی کرد تێیدا باسی پێداویستی‌ی دەزگاکانیان کرد لە مووچەخۆرو کرێکار هەروەها پێداویستی‌یەکانی پەرەپێدانی کار لەو دەزگایانەدا .

ئا.د.ع

دەست پێ‌کردنی دروێنەی گەنم لە پارێزگای دهۆك

ڕۆژی شەممەی ڕابوردووە پارێزگای دهۆك دەست بە دروێنەی گەنمی وەرزی‌زستانی ڕابوردوو کرا .. سەرجەمی ئەو زەوی‌یانەی بەگەنم کێڵراون لە سەرتاپای پارێزگاکەدا گەیشتووەتە ١٤١ هەزارو ٥٥٢ دۆنم ، لەمانە ١٠٧ هەزارو ٦٢دۆنمی بە شێوەیەکی میکانیکی دروێنە دەکرێت‌و ئەوەیشی‌دەمێنێتەوە بە دەست دروێنە دەکرێت .

لەم دروێنەیەدا بیست‌و دوو دەڕاسەی سەر بە ئێستگەی خستنەکارو پاراستن‌و ٢٣ دەڕاسەی سەر بەکەرتی تایبەت بەشداری دەکەن .

ئەوەبوو دروێنەی جۆ لە پارێزگاکەدا لە سەرەتای هەفتەی ڕابوردوودا دەستی پێ‌کرد کە تاکوو ئێستا زیاتر لە دە هەزار دۆنم بە شێوەیەکی میکانیکی دروێنە کراوە لە سەرجەمی پانتایی ١٩ هەزارو ٥٠٠ دۆنم کە بڕیار وایە بە شێوەیەکی میکانیکی دروێنە بکرێت .. ئەو پانتاییانەی تریش کە ١٣ هەزارو ٥٥٧ دۆنمن بە دەست دروێنە دەکرێن .. ئەمەو دەستەی گشتی‌ی کشت‌وکاڵ‌و چاککردنی کشت‌وکاڵ چەندین تیپی کارکردنی بۆ جێبەجێ کردنی هەردوو هەڵمەتی دروێنەکە پێك هێناوە .

Institut Kurde de Paris

دوو هەڵوێست لە کلاڤەی ژیانی پیرەمێرد دا

پیرەمێرد ئەك تەنیا ناوی بەدەریایەکی بێبنی رۆشنبیری و چاوگەی بوژانەوەی سامانی نەتەوەیی و دارشتنی بناغەی ووشەی کوردی و رووناك-کردنەوەی لاپەرەکانی مێژووی کورد دەرکردبێ و باس بەلکو بە وێنەی شۆڕەسواریك و بلیمەت و لێهاتووی ڕێگای ئازادی و پێش کەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دێتە پێشچاو و لە قەڵەم ئەدرێ ».

هەموو ساڵێ رۆشنبیرانی کورد لە رۆژی یادکردنەوەی پیرەمێردا بە چاوی ڕیزلێ گرتنەوە ئاوورێك لە رابووردوی چالاکیەکانی پیرەمێرد لە مەیدانی جوولانەوەی رۆشنبیری کورد ئەدەنەوەو بەسەنگ و بەردی ئەمڕۆ سەرگووزشتەی ژیانی خەباتی بێپشووودانی هەڵی ئەسەنگێنن و بایەخ بە بەرهەمە پیرۆزەکانی ئەدەن بە لێکۆڵینەوەی پوختو بە لێکدانەوەی نوێ هەلوێستو ڕێبازو چالاکیە مەزنەکانی ئەخەنەروو .. کە لە ئاکامدا بازاری رۆشنبیری بێ گەرم ئەکەن و گەنجینەی سامانی نەتەوەی پێ بەپێزو دەوڵەمەند ئەکەن .

بێ گومان کەلە پیاوان و ئاودارانو زانایانی سەرانسەری ئەم جیهانە لە تێکرا مەیدانەکانی رۆشنبیری ، زانیاری کۆمەلایەتی ، تیۆری رۆژ لە دوای رۆژ ساڵ لە دوای مانگ بەپێی رەوتی پێش کەوتنی کۆمەڵو بەرزبوونەوەی رادەی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵك ناوو پلەو پایەیان تادێت روو لە بەرزیو گەورەیی ئەکا ، بازاری راستیو دڵسوزیو ئازایەتیو مێرخاسیان زیاتر گەرم ئەبێ ، کلپەی نیشتمان پەروەری ، زانایی و مرۆڤایەتیان باشتر تیشك ئەداو بیروراکانیان لەسەر کۆمەڵ وابرترو کاریگەرتر ئەبێ سەرگووزشتەی پڕ خەباتی ژیانی پیرەمێرد جێگایەکی تایبەتیو دیاری کراوی لەجوولانەوەی روشنبیری کوردا کردۆتەوە ، نیتر هەر هەلوێستێکی ، هەر دانە هۆنینەوە ، یا پەخشانێکی ، یا گەشتو گوزاری بە کوردستان یا دەرەوەی وولات ، یا هەر مل ملانی کردنێکی لەگەڵ دێوی رەشی رۆژگاردا ، یا هەر قوربانیو خۆڵێ یا بوردنێکی لە پێناوی ووشەی کوردی . . بانگ دانێکی برایەتیو یەکێتی لە نێوان کوردی . . ئیکرا هەر کوردا ... ئیکرا هەر یەکێ لەمانە داستانێکە بۆ خۆی پەندو عیبرەتێکەو دەرسو ئامۆژگاری دانێکە بۆ لاوانی ئەمڕو . تا لەسەر چەوتیو چەویلی دوێنی لەتاقی کردنەوەی تاڵو تفتی رابووردو بناغەی راستیو سەرکەوتن بەدی-هێنو ڕێگای پێش کەوتن دابین بکەن .

ژیانی پڕ بە پێزی پیرەمێرد پڕە لە هەلوێستی گرنگو مەردانە کە لە گێرانەوەو دوو باتکردنەوەیدا سوود ئەبەخشێ بە رۆشبیرانو ئەبێتە پاڵپێوەنەرو هاندانیان بۆ پێشەوە چونو تیژکردنی خەباتیان .. بۆ نموونە .. پیرەمێرد لە پایەو پلەی میریدا لە تورکیا گەیشتبوە پایەی (متصرفیەت) لە شاری (ئەماسیا) بەلام کە شەڕی یەکەمی جیهانی دوایی هات ئاگری عەشقی نیشتمان رایکێشایەوە بۆ ناو باوەشی گەل هاتەوە گوێی ئاگردانەکەی باوو باپیرانی تێکرا پایەو نیشانی دا بەزەویدا دەستی لە نازو نیعمەتی چلکی دەستی دنیا هەڵگرت ، تەنانەت وازی لە هەر دوو جگەرگۆشەکانی هێناو هەوارگەی لە خاکی جیا نابمەوە مامۆستا گۆران لە چلەی ماتەمی پیرەمێردا کە لە سلێمانی لە ٢٥-٨-١٩٥٠ گیرا لە ناوەختی ووتارەکەی ئەو راستیەی پشتاندا دەری خست کە ئەگەر بهاتابە پیرەمێرد لەسەر ئەو ڕێبازەی کە بۆ خۆی دیاری کردبوو ، لە ژیانی روشنبیریدا نەچوایە بەڕێوە بێ گومان ئەم سامانە زۆ رەی لە هەڵبەستو بەندو ئەدەبی هەرگیز بۆ نەتەوەکەی بەجێ نەئەهێشت .

گۆران بە شارەزایەوە هەلوێستی پیرەمێرد هەڵئەسەنگێنیو پەسندی ئەکاو بەکورتیو پیرەمێرد ئەڵێت : کاتێ پیرەمێرد دەستی دایە قەلەمو هاتە کۆڕی مەیدانەوە ، لەم مەیدانەوە لەم وولاتەدا چەند قەلەمێك هەبوو قەلەمی بە دەست بیری یەکەمی شێوەی سلێمانی کە نالی بوو کە شیعری کلاسیکی پێ ئەنووسی ، قەلەمی (حاجی قادر)یش کە شیعری نیشتمانیو شۆڕشگێری پێی ئەنووسی .

لەم مەیدانەدا پیرەمێرد ڕێگای تایبەتی خۆی گرتەبەر ڕێگەیەکی وای هەڵبژارد کە بتوانێ بە دروستی خزمەتی جوولانەوەی رۆشنبیری کورد بکا .

بەهۆی ئەم هەلوێستەوە هەندێ لە لاوەکانی ئەو کاتە گلەیان لە پیرەمێرد ئەکرد ، ئەیان گووت پێوستبوو قەلەمی ئاگراوی حاجی قادری هەڵبگرێت . بیوایە بە میراث گری ڕێگەی حاجی ، بەڵام گۆران پاش لێکدانەوەی بارو دۆخی ئەو کاتە دێتە ئەم راستیەو دەڵێت :

ئەگەر پیرەمێرد ڕێگای شۆڕشگێری بگرتایە بەر هەر لە سەرەتای یەکەم بانگەوە دەنگیان ئەخنکان هەر وەکو هی گەلێ خوێندەواری بە نرخی تریان خنکان .

کەواتە باشتر قەلەمی حاجی قادری هەڵنەگرت . کە لە ئەنجامدا ئەم خەرمانە رۆشنبیریەی بۆ بەجێ نەئەهێشتین .

غەفووری میرزا کەریم

بە بۆنەی بیرەوەری « ٣١ » ساڵی کۆچی دوایی وە

وولاتدا هەڵداو هەموو جارێ ئەم دوو دێرەی ئەووتەوە .

کاولکەی وطن هەندە شیرینە
ژاری دوبشکی عەربەت هەنگوینە

بەم رەنگە دەستی لە هەموو ناونیشانێکی خۆی هەڵگرت لە جیاتی حاجی تۆفیق بەگ .

حقوقی کوری محمود ئاغای ، هەمزە ئاغای مصرەفی بابان ناوی پیرەمێردی بری بە بالای خۆیداو ڕێگای رۆشنبیریو خزمەتکردنی گەلی هەڵبژارد بەکاڵو بیتاڵەوە خۆی هاویشتە ناوجەرگەی کاروانی نەسروەتی گەلەوەو بەرگی کلۆڵیو دامساوی لەگەڵ ئاندا پۆشیو چووە قەلەندرخانەکەیەوە .

خامەی رەنگینی بوو بە چەکی کاریگەری بۆ تێ کۆشان لە پێناوی سەرکەوتنی نیشتمان و پێش کەوتنی گەلدا .

نموونەیەکی تر لە هەلوێستیو مێرخاسیو دووربینی پیرەمێرد . . . پیرەمێرد لە ئەنجامی تاقی کردنەوەیەکی سەختی ژیاندا گەیشتبوە بیروڕایەك کە بێویستە مرۆڤ لە تێ کۆشانیدا دووربین بڕوانێ .. . گوێی نەداتە تیرو توانجی ئەمو ئەوو .. بە مووك نەدا لەسەر ئەو ڕێبازەی کە گرتووەیەتە بەر بۆیە زۆر بەسوردیو مامۆستایانە ڕێگەی راستی گرتبووە بەرو رەخنەو گلەیی بۆلەی ئەم لاو ئەولا کاری لەسەر ڕێڕەوی نەئەکردو زۆر جار ئەیووت لاوانو خەلکی چی ئەڵێن با بڵێن .. من ناتوانم بەرامبەریان هیچ بکەم تف هەڵدەم سەرو ریشی خۆم ئەگرێتەوە من هەرگیز لێیان لەگەلیاندامو هەرگیز لێیان نابمەوە مامۆستا گۆران لە چلەی ماتەمی پیرەمێردا کە لە سلێمانی لە ٢٥-٨-١٩٥٠ گیرا لە ناوەختی ووتارەکەی ئەو راستیەی پشتاندا دەری خست کە ئەگەر بهاتابە پیرەمێرد لەسەر ئەو ڕێبازەی کە بۆ خۆی دیاری کردبوو ، لە ژیانی روشنبیریدا نەچوایە بەڕێوە بێ گومان ئەم سامانە زۆ رەی لە هەڵبەستو بەندو ئەدەبی هەرگیز بۆ نەتەوەکەی بەجێ نەئەهێشت .

گۆران بە شارەزایەوە هەلوێستەوە هەڵئەسەنگێنیو پەسندی ئەکاو بەکورتیو پیرەمێرد ئەڵێت : کاتێ پیرەمێرد دەستی دایە قەلەمو هاتە کۆڕی مەیدانەوە ، لەم مەیدانەوە لەم وولاتەدا چەند قەلەمێك هەبوو قەلەمی بە دەست بیری یەکەمی شێوەی سلێمانی کە نالی بوو کە شیعری کلاسیکی پێ ئەنووسی ، قەلەمی (حاجی قادر)یش کە شیعری نیشتمانیو شۆڕشگێری پێی ئەنووسی .

لەم مەیدانەدا پیرەمێرد ڕێگای تایبەتی خۆی گرتەبەر ڕێگەیەکی وای هەڵبژارد کە بتوانێ بە دروستی خزمەتی جوولانەوەی رۆشنبیری کورد بکا .

بەهۆی ئەم هەلوێستەوە هەندێ لە لاوەکانی ئەو کاتە گلەیان لە پیرەمێرد ئەکرد ، ئەیان گووت پێوستبوو قەلەمی ئاگراوی حاجی قادری هەڵبگرێت . بیوایە بە میراث گری ڕێگەی حاجی ، بەڵام گۆران پاش لێکدانەوەی بارو دۆخی ئەو کاتە دێتە ئەم راستیەو دەڵێت :

ئەگەر پیرەمێرد ڕێگای شۆڕشگێری بگرتایە بەر هەر لە سەرەتای یەکەم بانگەوە دەنگیان ئەخنکان هەر وەکو هی گەلێ خوێندەواری بە نرخی تریان خنکان .

کەواتە باشتر قەلەمی حاجی قادری هەڵنەگرت . کە لە ئەنجامدا ئەم خەرمانە رۆشنبیریەی بۆ بەجێ نەئەهێشتین .

غەفووری میرزا کەریم

کوری کولانا

کورتە چیروك

ئێك ژلوقەتنا لبەرامبەر وی دەرکەفت ، قەبە قەستاکرێ . سەرێ وی ژدۆنی وسا یێ دتەیسیت کێچ دێ لێ تەحسن ، تدارەکا وی نەیا مروڤیت درستە .

هندی شیای ، گرێکیت لئەنیا خوەداین ، بتلەکێ مەی ، سەرێ خوێ ژبەریکا ساکوێ وی دەرێخستی ، هەر وەکی دنێرێتە پاکیتیت جگاراو شخاتاو پیلیت ئەلەمتریکا ، هەردوو لنگیت وی برەخ تەلیسێ خچ سۆرفە دلەرزین . دەستێ خوە هلانده جگارا ددەڤێ خوەدا ، قورمەکا درێژ لێداو برەقی دەنگێ خو بەردا :

« زەلام ، ما ئەڤە توچ ئەزمانا تێ ناگەهی ؟ ئاهـا هەکە تە بدەستێت خو توبتنا خو تەحل نەکر !! من ژی بو تەیە چ ژمن ناکەفیتە ئافێ. »

زەلامێ لبەر تشتیت خوە ڕوینشتی ، چاڤ لێبادان ، گرنژینەکا سار هلافیتە سەرو چاڤاو گوت .

: « گورك نەدخەما بارانێیە ، نەبونە ڕۆژەکو دوو ، هەما دکیرێرا زراڤ دیت بلا توبیرێرا ب ڤەتیت ! » .

ـ « دێ ڤیجا وەرە ڤەنجێ لسەر ڕەڤیت هۆسا بکە . »

ـ « ڤەنجی ... ڤەنجی! هێ . . . ئەز هاتیمە بەر دەرێ تە من خازوکی کریە ، چیە ... کون سحار وەرە ، تو بلێڤا من ڤە نریسیای های هلو.. و .. های هلو ، قاچو قوپیت خوە ژپێش چاڤیت مە بە بە ، ئەڤە نەجهێ تەیە !»

« دیارە تو گەلەکێ ژخوە رازی ، ماتو شنوی دزانی ئەڤە نەجهێ وان توخمایە ، ئەڤیت کێچ خودپاخلێدا نەگرن ، تو دزانی ئەڤا پشتا تەلێ دوکانا کێیە ، ئو وا هەی دی یاکێیە ـ تلا خو درێژکرێ ـ ئەڤیت دی ژی نەیا فەرە بێژم ، تو کتکت خودانا دنیاسی ، حەنەکا نزانن ، یا وان هەمی لاقدینە !! ئڤجا خو باڤێژە، هندی زوی‌ترە بۆ تە چێترە . » زەلامی سەرێ وی یێ سەرازبر بەرێ وی لمێرکی‌بو ، گوهیت خوە ڕەب لبەر پەبڤیت وی ڤەگرتبون ، بیستەکا خوش چاڤیت خو ئەویت کویر ، پێك دادان‌و ملهێبا خو دابن هزراو هلاڤیتن :

هندی جگار کێشانەکێ نەما ، ڕابو تشتیت خو ڕاقوتانە تەلیسی ، بناف ملیت خو داداو ڕێکا خو گرت ، لبنێ سویکێ لنگیت وی ئەڤیت دشەلەکێ پڕ تیقدا ، وێڤەتر نەبر ، تشتیت خوە ڕائیخستن ، شەلو کالکا کەڤن ، ئەڤا تیرا خو ، چیاو دولو نهال داینە سەرك ، بناف تۆزێ دادان . ژوی وێڤەتر ، هندە بویاغچی لسەر تەنەکیت خوە دروینشتینە ، هندەکا شەرەنیخە لەگەل پیلافا ، وە هندەکا شەرە دەڤە ، دژینا ددەنە هەف . لەهەمبەر وان چایخانەکا ددەڤی‌را مروڤە ، یا دلێ خو ڕادکەت، شەق رەڤا پویلاو هندە پەیڤیت مویت سەری دراوستین ، زەلامی چاڤیت خوە ژچایخانێ ڤەکرن ، وێڤەتر هاڤیتن ، ئاخینکەك زبنێ دلی کێشا « ئەڤ رویباری زەلال ، ئەڤروکە .. » ئەڤروکە ژدۆنێ تومبێلاو ئافا جوکا ، ڕەشە .... ئەو لەوا ئەڤە چەندە ماسی نەهاتینە سویکا ، چەروان لێهاتن تێك‌دان دیارە ! »

خودانێ چایخانێ دەستی‌دا مەرپویچێ خوە ، ددلێ خوەدا گوت « هەکە هوسا ئەز ڤان مروڤیت هەنێ، ژویرێ هلو نەکەم ، بەر پێت مەخوەش نابن ،گەلەك ریکیت هەین بێژمێ ڕابن، ئەڤە نەجهێ هەوەیە!»

هەر ژدویرڤە ڤزکیت ئافێ تۆز ژرەخو ڕویت زەلامی ڕاکر ، جارەکێ دووا، فزکا زێدەکر ، بسەر خرو مرێت وی‌دا گرت ، پاکیتیت وی تەڕبون ، بونە چیکیت تەقنێ ، زەلام راست ڕابو ڤە ، کەلا فێرسێ لێدا ، دلقوتکا وی خوشا لێددەت ، هندی دەنگێ وی بسەر کەتی ، خوری :

« ول ... ئەرێ ما توێ کورەی ؟ چاڤ بتەڤە نینن ؟ تە ئاڤاهی دمن نەهێلا ، ما کونهەژی ژخودێ نەمایە ، چ ئەردێ لێ ڕوینشتم ، هێژ من جهێ خوە گەرم نەکری ، ئەز هلو بوم ، بوچی ؟

ترازیا ڕۆژێ هێژ نەهاتیە. لنیڤەکا بازارێ باژێری ، زەلامەکێ مویت سپی سەر ژێن ڕەش ستاندین ، لسەرو رهێن وی ، ل دەرێ دوکانەکا گرتی ڕوینشتیە ، تەلبسەکێ خیچ سۆر لبەر سینگی‌یە ، مشتی سەر هیرو میرێن فروتنێنە .زەلامی مالخولیانێ لگەل خوە دگر ، لگەل هندێ دەستەکێ خو دلقلقاند ، مروڤی دزانی ئەڤە کویرێ چوین ، وەسا یێ مەلویلە ، دامایە ، وەکی کەوێ مژ پێدا هاتی .

نەنزا .»

خودانێ چایخانێ لتریقێنێدا، یێ پێ دکەنیت، زەلامی هەر چار کوژێت کوژێت تەلیسی کرنە دناف دەستێ خوەدا ، وە ژوان دورازی مشەخت بو، بویاغچی ژی تەڕبون ، وەلی چاوا ئاڤاهی توانەما ، وازی وسا ئاڤاهی دخودانێ چایخانێ نەهێلا ، دبرە ترا سپنداری‌و تئینا خارێ ؛ بەلێ ما چ تینیت .

زەلامی ریکا مال گرت ؛ کولەکێ لرەخێ باژێری ؛ برێڤە جارەکێ لبەر دیوارەکی ڕوینشت ، بیهنا خوە ڤەدەت ، هزرەکی خوە ژسەری هلاڤیت ، بەرێ خوسەر ئەڤرازدا ، وە دەستەکی خوە بلندکر ، « کەس ئ سەرا ژڤی تەقنی نابەتە دەر ، ئەز تێ ناگەهم، ئەرێ ما تو نابێژی ، نەردێ منێ بەر فرهەیە ؟ یا کانێ؟ ئان تو من نابینی ، چاوا کون مشك لمن بونە قەیسەری ! » جارەکا دی ڕابو سەر خوەو شەقاندنا هێدی هێدی ، تو هەرێ دبن لیف لێڤکاڤە دبێژیت **« ئەستەخفیرللا ، یارەبی تو ل من نەگری ، یارەبی یا هەر توێ مەزنی . »**

نزار محمد سعید

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی دەقی شانۆیی « محمدو سێوی »

ئەم ڕوونکردنەوەیەمان لە کاك « ناظم دلبەند »ەوە بۆ هاتووەو بە پێی سەربەستی بیروڕا دەربرین بڵاوی دەکەینەوە .

لەو ماوەیەی دوایی‌دا تیپی نواندنی هەولێر شانۆگەری « محمدو سێوێ »ی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە هەولێر پێش‌کەشی کرد . لێرەدا دەمەوی پەنجە بۆ راستی‌یەکی ئاشکرا درێژ دەکەم کە پێویستە رووی چاوپۆشینی لێ‌نەکرێ بەلادا بە هەر هۆیەك ، ئەویش مەسەلەی دزینی ئەم کارە هونەریەیە ، کە شەوانەو بۆ ماوەی چەند مانگێك ، دوای گەڕان‌و پشکنین‌و سەرو سۆراغ‌و ژانی ورەو لێ‌تۆزینەوەو هیلاکی بەردەوام، توانیومە ئەم کارە هونەریی‌یە بهێنمە دی کە خەونێکی گەورە بووە بە لامەوە ، بەلام دوای تەواو بوونی نووسینەکە ، نە پڕ ئەو هەموو شەونخونیە کرا بە گەرووی ئاگردار‌داو بەناوی دوو بەرای تر سعدون یونس‌و زاهیر عبدالله)ەوە پێش‌کەش‌کرا. جا ئەم چەند بەلگەیە دەهێنمەوە بۆ ڕاستی سەلماندن ، ئەوی راستی بێ شانۆگەری « محمد وسێوی» من نووسیومەو ... دوای تەواوکردنی دەقەکە لەسەر داخوازی کاك (سعدون یونس) وەك دەرهێنەرێکی شانۆیی لە هەولێر پێم‌داو بۆ ئەوەی دەری‌بهێنێ بۆ شانۆ ... دوای ئەوەی کەوا خوێندیەوەو ووتی (شتێکی زۆر چاکە ، وەمن بە گەورەترین کاری خۆمی دەزانم ، بەلام هەندێك کەمو کورتی تیایە ! ئەوبشیان لە کاتی پرۆڤەکردندا چارە سەری دەکەم) .. وە راستی‌یەکی کە هەمیشە ناشارێتەوە بۆ ئەوەی کە کاك سعدون یونس هیچ پەیوەندی‌یەکی بەوەوە نیە ... کە ئەویش نووسینی ئەم شانۆگەری‌یە ئەو پرۆگرامەیە کە لە کاتی پێش‌کەش کردنی شانۆگەری (خۆتان بگەرن هات) بڵاوکرایەوە کە ئەویش کاك سعدون دەری‌هێنابوو لە پشتی پرۆگرامەکە راگەیەندراوە کە بەرهەمی داهاتوومان شانۆگەری محمدو سێوێ‌یە لە نووسینی ناظم دلبەندو دەرهێنانی سعدون یونس).

× لە چاوپێکەوتنێکی سعدون یونس لەگەڵ بەرنامەی (شەوچەرەیەك لەگەڵ هونەرمەندێکی کوردی بەغداوە ١٦-١-١٩٨٠ لە ئیزگەی کوردی بەغداوە ، پێش‌کەش‌کرا دەربارەی وەڵامی پرسیاری چیرۆکە فۆلکلۆری‌یە کوردی‌یەکانمان چۆن بەکاربهێنین لە شانۆگەری کوردی کاك سعدون دەڵێ (پرسیارەکەت زۆر لە جێگەی خۆیەتی، چونکە من زۆر دەمێکە دەمەوێ لە کەلوپەلو فۆلکلۆری کوردی ئیش‌بکەم.. وەئەمە پالی پێوەنام کە ئیش لە شانۆگەری (محمدو سێوێ) بکەم کە برادەر ناظم دلبەند نووسیویەتی‌ووە بە هەموو توانایەکەمەوە هەولی سەرکەوتنی بۆ دەدەم ، چونکە ئەمە یەکەم کاری هونەریمە لەم بوارەدا ...

× وەبەلگەیەکی تر هەر بۆ ئەم راستی‌یانە ... دیسان لە چاوپێکەوتنێکدا لە بەرنامەی (جیهانی هونەر) کە لەکەرکوك پێش‌کەشی دەکرد کاك سعدون یونس دەربارەی بەرهەمی داهاتووی دەڵێ :ـ

بەرهەمی داهاتوومان بریتی‌یە لە شانۆگەری (محمدو سێوێ) لە نووسینی ناظم دلبەند ...

لە دووایی‌دا ئەمەوێ دووبارەی ئەوە بکەمەوە ، کە شانۆ گەلێ لەوە پیرۆزترە لەوەی بەم شێوەیە مامەلەی

بڕوانە ل : ٧

میشیما و ڕۆمانی نوێی ئایۆنی

لە دەیەمین بیرەوەری‌یدا

میشیما .. کێیە ؟

● میشیما لە ١٤ی کانوونی‌دووەمی ساڵی ١٩٢٥دا لە شاری توکیۆی پایتەختی ژاپۆن لەدایك‌بووەو ناوی راستەقینەی « کیمیتاك هیرۆکا »یە .

● لە ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٤٤ لە قوتابخانەی کانۆ شوان‌دا خوێندوویەتی‌و لە کۆقاری کۆمەڵەی وێژەیی قوتابخانەکەدا ڕۆمان‌و هۆنراوەشی بڵاو کردووەتەوە ئەگەرچی تەمەنی لە چواردەساڵ تێپەڕی نەکردبوو .

● گرنگترین شاکارەکانی‌ئەمانەن : (دارستانی فراوانی گوڵەباخەکان) کە بە ناوی‌خوازراوی (میشیما)وە بڵاوی کردووەتەوە ، ئەنجا (دزەکان)و (بیروباوەڕی دەمامك)و (هەزاەی‌شەپۆلەکان)و (کەپری زێڕین)و (چوارینی دەریای‌بەپێتی)و (ئەسپە هەڵاتووەکان)و (هەتاوی‌بۆلایین)و (پەرستگای بەیان)و شتی‌تر .

● لە کتێبی (میشیماو بینینی بۆشایی)دا ڕۆمانووسی فەرەنسەوی‌خاتوو مارگریت یۆرسینەر شێوازی وێژەیی میشیمای‌شی‌کردووەتەوەو زۆر بایەخی بۆ هۆیە داوە کەوای لێ‌کرد کۆتایی پێهێنانێکی دڵتەزێن بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێت.. خاتوو مارگریت ئەم بارەیەوە دەڵێت : لەوانەیە ئەوینداربوونێت‌و بووبێتە قوربانی‌ی ئەو ئافرەتەی کە وازی‌لێ‌هێنا یان لەوانەیە قوربانی‌ی ئارەزووەکان‌و میزاجی خۆی بووبێت کە هەردەم لە گۆڕاندا بوون‌و هەرچۆنێك بێت میشیما ئەوەی خستبووە لاوە کە بەجەرگ بێت !.

کە لە ساڵی ١٩٧٠دا خۆی کوشت مقۆمقۆو گفت‌وگۆو لێکۆڵینەوەیەکی زۆری خستە کۆمەڵگای ژاپۆنەوە . . چونکە یۆکیو میشما یەکێك بوو لە کۆلەکەکانی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌ی ژاپۆن .. لە ماوەی ژیانی‌دا پتر لە بیست ڕۆمان‌و هەژدە شانۆگەری‌و بیست چیرۆکی بەرهەم-هێناو .. هۆنراوەیشی دەنووسی‌و سێ جار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل پاڵێوراوە .

« میشیما » لە نووسینەکانیدا چەندین وێنەی ئایابی خۆرئاوابوونی کێشاوە .. هونەرمەندانە باسی پاشماوەکانی ئاگرکە-وتنەوەو .. دەمو چاوی تێکشکاوو .. دیمەنی خۆشەویستی لە سەیرانگەیەکی گشتی‌داو .. لەش‌و تەنی داڕووخاوو . . دەستی لارو چەوتو .. ئەسپی هەڵاتوو و .. خنکاوەکان کردووەو .. لە نووسینەکانیدا بە هێمنی وێنەی ئافرەتی پێشان‌داوە.. بە پێچەوانەی ئەوەیشەوە بە شێوەیەکی توندوتیژ وێنەی پیاوی پیشان‌داوە ..

میشیما نووسین بەبێ جووڵانەوە تەنیا بە ووشاردنێکی مێشك‌و ڕێ خۆش‌کردن بۆ کارێکی ئەدەبی‌ی لاواز دادەنێت‌و ، تێڕوانینیشی لە ژیان پشت بە پێویستی‌یەکی شێتانەی پاك‌و خاوێنی دەبەستێت . . لە نووسینەکانیدا ترس‌و تۆقینی خۆی لەم جیهانە دەردەخات، لە پاشەڕۆژو لە بەساڵدا چوون‌و پیربوون .. لە یەکێك لە ڕۆمانەکانیدا دەڵێت : لە دارستانە چرەکەدا لە مانگی نۆفەمبەردا .. هەموو درەختەکان .. گەڵاکانیان وەری .. ئەم ناوچە ، وەکوو ژاڵکەتاڵ ، بە تاڵو تەنیا هاتە بەرچاوو .. لەو لایشەوە گوڵێکی قرمز هەبوو بە هەڵپە چاوەڕێی پشکووتنی بەرەو کارەسات دەکرد .. دەیشی‌ووت کارەسات ئەوەیە هیچ شتێك نەمێنێتەوە .. بگرە بۆشاییش .. ئایا چی لە پاشەڕۆژی نادیاردا بەرچاو دەکەوێت ؟

ئەو سەرنجدانە بێ کۆتایی‌یە ، ڕەت‌کردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانرێت ببینرێن .. ئەو کاتەی چاو نایەوێت خودی خۆی ببینێت .. . دەشێت لە گۆزەران‌کردن‌دا دەوڵەمەندبوون نی‌یەو ئادەمیزادیش هیچ بیرەوەری‌یەکیان نی‌یە . .

بێ گەردی‌ی میشیما لە نووسینەکانیدا لەو ڕاستگۆیی‌و دوورەپەرێز-بیدابە کە خۆی لە گاڵتەجاری دوور دەخستەوە . . میشیما بە شێوازێکی لێ‌هاتووانە یەکێك لە ناکۆکی‌یە جەوهەری‌یەکانی پیشان دا کە نموونەی ڕۆشنبیری‌ی نوێی ژاپۆنە .. ئەوەیش ئەو ناکۆکی‌یەی نێوان ئارەزوو کردنی بەرەو ڕۆژئاوا چوون‌و دووپات کردنەوەی سەر بە ئەو ڕۆشنبیری‌یە نی‌یە ئەمەیش وای دەکرد بەرەو ڕۆشنبیری‌یە ژاپۆنیەکەی خۆی بگەڕێتەوە .

میشیما لە چوارچێوەی هەردوو هەڵویستە لەیەك ناکۆکەکەیەوە کە بە شێوەیەکی ئەوتۆیش پێکەوە بەستراون بە شیزۆفرینیا تاوانبار کرا .. ئەو لە کاتێك‌دا کە دەیویست وەکوو ڕۆژئاوا وابێت ، بە تەواوەتی دەرکی بەو ڕووخانە دەکرد کە کارتێکردنی ڕۆژئاوا دەیکردە سەر ژاپۆن .. هەرکەیش بیریستایە تێکەڵ بە ڕۆشنبیری‌ی ڕۆژئاوایی بێت هەستی بەوە دەکرد کە سەر بە ئەو ڕۆشنبیری‌یە نی‌یە ئەمەیش وای دەکرد بەرەو ژاپۆنیەکەی خۆی بگەڕێتەوە .

مکرم رشید تاڵەبانی

کردوویەتی بە کوردی

Institut Kurde de Paris

دووتیپی ئافرەتان و بەهرەی گەشاوە

بە نیازی لە باوەشی گرتنی توانا هونەریەکانو پەروەردەو ڕێنمایی کردنی ئەم توانا داهێنەرانە ، یەکێتی ئافرەتان لە هەولێر بیری لە پێکەوەنانی دوو تیپی هونەری کردەوەو چەندەها ئافرەتی هونەری خوازو بە بەهرە بە هۆی لە دایك بوونی ئەم دوو تیپە خنجیلانەیە توانایان گەشایەوەو ، چاوەڕوانی باشە ڕۆژێکی گەشن .

بەڕێوەبەری هەر دوو تیپەکە خاتوو - خەولە بکر - لە وەڵامی پرسیارێکی هاوکاریدا ووتی :

- بە مەبەستی زیاتر هاتنە کۆڕی ئافرەتو گەشانەوەی ئەو لێ هاتوانەی بەهرەیەکی ڕووناکیان هەیەو پێویستی ڕاستەقینەیان بە گەشانەوە هەیە ، بیرمان لە دروست بوونی ئەم دوو تیپە کردەوە کە یەکەمیان تیپی مۆسیقایە ئەوەی تر کۆراڵەو هەر دوو هونەرمەند جان تۆماس و ووریا ئەحمەد سەرپەرشتی ئەم دوو تیپەیان خستۆتە ئەستۆو لە ماوەیەکی کەمدا پەروەردەیەکی باشی ئەندامانی تیپەکانیان کردووە ..

ئایا تیپی کۆرال کەی دامەزراوەو جووجۆی چی بووە ؟

× سەرەتای ساڵی ١٩٨١ تیپەکە چاوی هەڵێناو ١٣ ئەندامی کچی تیایەو بۆ یەکەم جار لە گۆرانی جەماوەری لە نەبنەوا وەکو میهرەجان بەشداری کردووەو لە ناوچەی کوردستان یەکەم پلەی سەرکەوتنی بە دەست هێناو لە میهرەجانی ئەندامی جەند بەرهەمێکی هونەری خۆی پێش کەش کرد .

● ئەی دەربارەی تیپی مۆسیقای کچان ؟

× ئەندامانی ئەم تیپە ١٥ کچن و وەزیکەی هەشت مانگە ووریا احمدی هونەرمەند پرۆفەی هونەری بەم تیپە دەکات و بە نومێدەی کە بەرهەمەکانی لە چوار چێوەی ئاهەنگەکانی مانگی تەموزی ئەمساڵ پێش کەش بکات و تیایدا توانای داهێنانی ئەم ئەوەیە بگەیەنێتە خەڵك .

● ئایا هەر دوو تیپ هیچ گیرو گرفتێکی ئەوتۆیان هاتۆتە ڕێ لە ڕووی هونەری و بەڕێوەبردنەوە ؟

× لەبەر ئەوەی هەموو تاقی کردنەوەیەکی نوێ هەندێ کۆسپ و تەگەرەی بچووکی دێتە بەردەم ، ئەم دوو تیپە ساوایەش هەروا بەم قۆناغە تێ دەپەڕێ ، بەڵام باشە ڕۆژێکی ڕووناکتر لە بەردەم ئەم تیپانەدا هەیەو بە نومێدی گەشانەوەی ئەم توانایە هونەریانەیەو بە تەقەللای ئەو چەند هونەرمەندە دلسۆزەو بۆ خزمەتی هونەری کوردی .

شێرزاد عبدالرحمن :
نووسینگەی هەولێر

بۆ کەیبانوی ماڵ

لەم دوایی بەدا یەکێك لە کۆمپانیا فەرەنسایی یەکان ئامێرێکی قاپو شتنی کەلو پەلی مێزی نان خواردنو . بەرهەم هێناوە کە بە جۆرو مراسە فاتێکی نوێ یەوبە تایبەتی خاوەن چێشتخانەکان سوودی لێ وەردەگرن .

قەوارەی گەورەیە کۆمەڵێك لە قاپو قاچاخو مەنجەل دەگرێت هەر وەها ئامێرێکی تایبەتی تێدایە ، کاتێك قاپێك دەشکێت ئیشارەتێکی سوور دەدات .

دیسان ئەم ئامێرە هەموو کەلو پەلی مێزی نان خواردن پاك دەکاتەوە ، سەرەڕای ئەمانەش دەتوانرێت وەکو دۆلابێك بۆ هەڵگرتنی قاپەکان بەکاربهێنرێت .

خواردەمەنی نوێ

زەلاتەی پەتاتە بۆ سەیران

(١٠) سەڵك پەتاتەی جنراوی کوڵاو .
(٢) سەڵك خەیاری- جنراو .
(١) کوپ مەعدەنوسی جنراو .
(½) کیلو گۆشتی قووتووی پارچەکراو ، یا گۆشتی کوڵاوو بە هەمان شێوە پارچە کرابێت .
(½) کوب ڕۆن .
(٣) سەڵك پیازی جنراو .
½ کوپ سرکە .
½ بیبەری سەوزی جنراو .
(١) کەوچکێکی بچووك خوێ چۆنیەتی دروست کردنی .

سرکەکە دەکرێتە سەر پەتاتە گەرمەکەو کاتێك سارد دەبێتەوە لەگەڵ کەرەستەکانی تردا تێکەڵاو دەکرێتو دەخرێتە قاپێکی پلاستیکەوەو لە یەخچاڵەکە هەڵدەگیرێت تاکاتی ئەوەی دایك ئارەزووی سەیرانی دەبێت .

دووتیپی ئافرەتان و بەهرەی گەشاوە

بە نیازی لە باوەشی گرتنی توانا هونەریەکانو پەروەردەو ڕێنمایی کردنی ئەم توانا داهێنەرانە ، یەکێتی ئافرەتان لە هەولێر بیری لە پێکەوەنانی دوو تیپی هونەری کردەوەو چەندەها ئافرەتی هونەری خوازو بە بەهرە بە هۆی لە دایك بوونی ئەم دوو تیپە خنجیلانەیە توانایان گەشایەوەو ، چاوەڕوانی باشە ڕۆژێکی گەشن .

بەڕێوەبەری هەر دوو تیپەکە خاتوو - خەولە بکر - لە وەڵامی پرسیارێکی هاوکاریدا ووتی :

بۆیەکەم جار

کچە هونەرمەندێکی وێنەگر لە هەولێر

هونەری وێنە گرتن لەم ساڵانەی دووایی داو لە پاڵ لایەنەکانی تری هونەر بوژانەوەیەکی بە خۆیەوە دیوەو ئافرەتیش توانیویەتی زیاتر لێی نزیك بێتەوە ، هەر وەکو لە ڕۆڕبەی مەیدانەکانی تردا هەنگاوی ناوە ...

لە شاری هەولێردا ، بۆ یەکەمین جار ئافرەتێك ئەو ئارەزووە گەورەی لە دڵدا تەفیوەتەوەو لە چەندەها پیشانگای هونەری وێنەی فۆتۆغرافی بەشداری کردووە . . سەرەڕای ئەو پیشانگا تایبەتیەی کە لەم ماوەی دووایی دا بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ لە لایەنەکانی تاوانی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی تاران ڕێکی خستبوو .

خاتوو - بلقیس عبدالله لە وەڵامی پرسیارێکی - هاوکاری - دا ووتی :

× تەمەنم ٢٣ ساڵەو هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی وێنە گرتنی فۆتۆغرافیم هەبووەو ئەم ئارەزووەش گەورە بوو تا ئەوەی کە وەکو وێنە گرێکی ئافرەت لە یەکێتی ئافرەتان دامەزرام و زیاتر ترانیم لەم حەزەی خۆم نزیکتر بمەوەو بە هۆیەوە خزمەتێك بگەیەنمە خەڵك .

● ئەو پیشانگایانەی بەشداریتی تێدا کردوونو دووا پیشانگات چی بوو ؟

× تا ئێستا توانیومە هەشت پیشانگای هونەری بۆ نیشاندانی وێنەی فۆتۆغرامی ساز بکەم کە دووا بەرهەمیان دەرخستنی ئەو پەلامارە درندانەیە بوو کە فرۆکە ترسنۆکەکانی ڕژێمی ئێران کردبانە سەر هەندێ خاو وخێزانی ناوچەکەو من بە کامیرای خۆم ئەم ڕاستیەم خستۆتە ڕوو بە « ٤٠ » وێنەی فۆتۆغرافی . . . هەروەها بەشدارم لە پیشانگای - تریشدا هەبووە ..

● لە زۆربەی وێنەکانتا ئەتەوێ باسی چ کێشەیەك بخەیتە ڕوو .. ؟

× ڕاستی یەکەی ئەمەوێ بەشدار بوونی ئافرەت ڕوون بکەمەوە لەو گۆرانە فراوانەی کە بەمەر ژیانی کۆمەڵایەتیمان دادێو ئەو مەیدانەی کە ئافرەتی کورد تیایدا بەشداری کردووە ، ئەو کێشانەی کە ئافرەتی کورد لە پاڵ پیاودا ئامادەبوونی بەردەوامی هەبووە .

منداڵ لە دایکەوە فێرچی دەبێت !

منداڵانی ئەمڕو زیرەکترو ژیر ترن ، ئەگەر بێتو لەگەڵ منداڵانی نەوەکانی پێشوودا یەکبخرێت ، زۆر جار لە سەر زاری داپیرانمان ئەمەمان گوێ لێ دەبێ کە ، چەند نەوەیان دیوەو بەخێو کردووە .

ئێستا منداڵان ئاگایان لە هەموو شتێکە کە لە دەورو بەریان ڕوو دەدا هەروەها ئەو شتانەی لە ناوچە دوورەکانیدا ڕوو دەدەن ئاگاشیان لە دەنگو باسی تەکنەلۆژیای تازەیەو هۆیەکەش دیارو ئاشکرایە چونکە لە ڕێگەی تەلەفزیونەوە زۆر شت فێر دەبن لە دۆزینەوەی تازەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو چۆنیەتی سنوور دانانی نەژاد کە یارمەتیی خێزانەکان دەدات زیاتر بایەخ بدەنە منداڵ هەتا بتوانین بەخێویان بکەنو بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئامۆژگاریان بکەن بەبێ ئەوەی خۆیان لەگەڵیان ماندوو بکەن .

بەم جۆرە دایك دەتوانێ کاتێکی باش لەگەڵ منداڵەکەیدا بەسەر بەرێت بۆ نموونە قسەی لە گەڵدا دەکاتو فێری قسەی دەکاتو گوێ لە قسەکانی دەگرێت ، مێشکی منداڵ لە لای دایك دەبێو بەردەوام پەرە دەسێنرێت .

زۆر جار بە هەڵەدا دەچن گوایە منداڵان هەتا حەقتەی حەوتەمی تەمەنی هیچ شتێك نابینن بەڵام زانیاری نوێ ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە منداڵ لەم ماوەیەدا دەتوانێ زۆر شت لە یەك جیا بکاتەوە ، دەبینین منداڵ لە تەمەنی دوو مانگاندا ووریا دەبێتو ئاگاداری ئەو دەنگانە دەبێت کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن ، دەبێت هۆیە هەست پێ کەرەکانی منداڵ وەکو گوێ گرتنو بۆنو چێژو جوولانەوەکان هەر دەبێت لە دایکەوە دەست پێ دەکاتو لە سەرەتای تەمەنی یەوە توانایەکی گەورەی فێر بوونی هەیە ، لێرەدا ئەرکو دەوری دایك لە پەرەپێدانی توانای منداڵو لێهاتوویی دا دەر دەکەوێت .

ئەگەر بێتو منداڵ لەگەڵ دایك و باوکدا بمێنێتە دەرەوە لەوا فێری شت دەبێتو ئاگای لە دەوروبەری خۆی دەبێت ئەگەر بێتوو گوێی لێ بگیرێت و قسەی لەگەڵدا بکەیت باوەڕی بە خۆی زیاتر دەبێت بگرە ئەگەر منداڵیش بێت حەز لە کرینی کێبی بچووك و ڕەنگاو ڕەنگو خوێندنەوەیان دەکات بۆ ئەوەی بزانێت ناوەڕۆکەکەی چی یە ؟ دایکی خۆشەویست !

کاتێك منداڵەکەت گەورە دەبێتو لە تەمەنی چوونە قوتابخانەی نزیك دەبێتەوە ئەوا بواری ئەوەت دەبێت لەگەڵیدا سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بکەیت ، ئەو بەرنامانەی لەگەڵ تەمەنیا دەگونجێن هەروەها هەڵی ئەوەت دەبێت ئامۆژگاری بکەیتو وەڵامی هەموو پرسیارێکی بدەیتەوە کە نایزانێت .

توانا و ژیری منداڵەکەت لەگەڵ توانای خۆتدا بەراووردا ناکرێت ، چونکە تۆ ئەگەر شارەزای ڕەفتارەکانی بیت دەتوانیت ئامۆژگاری یکەیتو فێری ڕەوشتی چاکی بکەیت بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچێت و لە سەری نەڕوات .

سمیرە محمد علی

ئامادەی کردووە

ئافرەت دەنووسێت

بۆ ئەوەی ئافرەت نەبێتە مۆمیا

نسرین مصطفی

لە ئەنجامی بایەخ دانی دەرخستنی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە ، لەو ماوەیەدا ، دوو چاوپێکەوتنی کۆمەڵایەتی دەربارەی چەند کێشەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی بڵاو کرایەوەو دەست نیشانی چەند لایەنێکی تاڵی کۆمەڵایەتی کرد بوو ، هەر بە نیازی چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانەوە منیش لێرەدا باری سەرنجی خۆم دەربارەی (خۆازبێنی) و گفتوگۆکەی بەڕێز قازی هەولێر دەر دەبڕم .

فرۆشتنی کچە کوردی دڵ ناسك بە نرخی گران لە ئەنجامی گەلێ هۆی کۆنو دووا کەوتوانە دێتە کایەوە ، تەنانەت زۆر لە دایك و باوکان تا ئێستاش بە هۆش و بیرێکی دەرەبەگی سەرنج ئەدەنە چارەنووس و خۆزگەی ئافرەتانمانو لە ئەنجامی ئەوەدا ، ئافرەت ناتوانێ بە سەربەستی هەناسەی ژیان هەڵکێشێو بە چاوی بووکە شووشەو کەلوپەلی جوانەوە تەماشا دەکرێت ... سەرنج و ڕادەی تێگەیشتنی گەلێ خێزان وایە کە پیاو لە ڕێی بارەو ماڵو بوونەوە هەڵ بسەنگێنری ! ، نەك لە ڕێی بیرو هۆش و ڕادەی کەسایەتی و لایەنی مرۆڤایەتی یەوە ، لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەشدا پەیوەندی نێوان ئافرەتو پیاو سنوورێکی ووشك و وەردەگرێو نابێتە بەردی بناغە بۆ وەدەست هێنانی پاشە ڕۆژێکی ڕووناك ، هەر لەم بارەیەوە نەك هەندێ خێزان بەڵکو زۆربەی کچانیش ئەم جۆرە تەقلیدە ناشیرینە کاری تێکردوونو تەنها ماڵی قسەشەنگو ئۆتۆمبیلی جوانیان مەبەستەو ئەڵێن پیاو ئەو پیاوەیە کە تازەترین مۆدێلو ئەتەکێت مەرۆڤەر دەکات .. !!

سەرینێکی نوێ بۆ نووستن

هەموو پزیشك و دەروون ناسەکان ڕێکەوتوون کەوا شەونخوونی حاڵەتێکی نائاسایی یە لە ئەنجامی نیگەرانی و تورەبوونداو تووشی مرۆڤ دەبێت . ئەمەش کار دەکاتە سەر هەندێك لە شانەکانی مێشك جابۆ ئەوەی ئیتر مرۆڤ تووشی شەونخوونی نەبێتو خەو لە چاویدا نەڕێت یەکێك لە پزیشکەکان سەرینێکی نوێی دروست کردووە ، ئەم سەرینە زۆر سادە ، و ئاسایی یە خوری مەڕی تێیدایەو بۆنی تێکەڵاو لە پووش و پەڵاشی کویلەی تایبەتی دەخرێتە سەر سەرینەکە کە بۆن خۆشی لێوە دەردەچێت لە ڕێی گەرمایی لەش بەم جۆرە ئەوەی سەر دەنێتە سەر ئەم سەرینە لەشی خاو دەبێتەوەو خەوی لێ دەکەوێت .

ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەستدرێژی یە درندانەکەی زایۆنی بۆسەر دەزگا ئەتۆمی یەکانمان تاوانبار دەکەن

بێگومان شتێکی سەیرنییە کە عیراق لە لایەن ئیمپریالیزمی جیهانیو زایۆنیی رەگەزپەرستەوە مەبەست بێت ، پاش ئەوەی بوو بە سەنگێکی سیاسیو ئابووریو سوپایی و پایەیەکی باشی لە نێو دەوڵەتەکاندا پەیدا کرد .. ئەم دەستدرێژییەی دوایی یەی زایۆنیی دوژمن بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانی عیراق بەشێکە لە پیلانێکی فراوانو ئەلقەیەکە لە ئەلقەکانی کۆسپو تەگەرە خستنە بەردەم عیراق بۆ ئەوەی زانستو پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی تواناو ووزەکانی بێهێز بکرێن لە کاتێک کە کە دەیەوێت ڕۆلی خۆی لە جەنگی ڕزگاری کردنی فەلەستیندا ببینێت لە جەنگی زایۆنیزمی ڕەگەزپەرست ، هەروەها پاش ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کە سوپای پاڵەوانی عیراق دژ بە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن وەدەی هێنان ، بۆیە پاش نۆ مانگ جەنگ کردن لەگەل فارسی دوژمندا پەیوەندی نێوان بەرژەوەندی

قەوارەی زایۆنیو فارسی دوژمن دەردەکەوێتو ئەم دەستدرێژییەی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانمان ئەوە دەردەخات تا چی ڕادەیەك زایۆنیی دوژمن ترسی لە عیراق پەیدا کردووە .. کە ئەم کارە نارەوایەیشی کرد جیهان هەمووی تێکڕا نارەزایی خۆی دەربڕی و لە هەموو لایەکەوە سەرزەنشتیان کرد .

ئەوە بوو ئەنجوومەنی نیشتمانی بە توندی نارەزایی دەربڕیو دەستپێشکەری - یەکی ترسناکی دانا کە هەڕەشە لە ئاسایشو ئاشتیی جیهان دەکات ، لێرەشدا هەندێك بیروڕای ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەخەینە پێش چاو کە ... نارەزایی خۆیان سەبارەت ئەم کارە نارەوایە دەردەبڕن :

● **بەڕێز محمد امین محمد احمد دەڵێت**

ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانمان لە کاتێکدا کە سوپای پاڵەوانمان و گەلی مەزنمان لە جەنگی پیرۆزی خۆیدایە دژ بە فارسی ڕەگەپەرستی کینە لە سك ، بۆ عەرەبو دەوڵەتە ئیسلامی یەکانو بۆ هەموو جیهان دووپاتی دەکاتەوە کە پەیڕەوی عیراق پەیڕەوێکی ئازادیخوازی و سەر بەستانەو پێشکەوتنخوازانەیە و ، هاوپەیمانێتی یەردە لە ڕوو هەڵماڵراو لە نێوان قەوارەی زایۆنی ڕژێمی مل هوڕی فارسدا پتر وامان لێ دەکات سووربین بۆ سەندنەوەی مافە ڕەواکانمان لە خاکو ئاوی خۆمان دا هەرچەندە جەنگ درێژە بکێشێتو هەرچەندەیش قوربانیدان زۆر بێت تاکو دوژمنی داگیرکەر چۆك بۆ داخوازی یەکانمان دادەدات و ددان بە دەستەڵاتی تەواوەتی نیشتمانیماندا دەنێت لە خاکو ئاو دا .

ئەو پێشکەوتنە سەرتاپاگیری یەی هەموو بوارەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو ئاوەدانیو پەروەردەیی و ئەو هەنگاوە خێرایانەی عیراق لە بواری پەرەپێدان دا بڕیونیو ئەو پایە بەرزەی لە دەستە دەوڵەتی یەکان دا هەیەتیو سەنگی سیاسیو ئابووریو سوپایی لە ئاوچەکەدا ترسی بردووەتە دڵی زایۆنیی دوژمنەوەو پاڵی بە هاوپەیمانەکانیەوە ناوە کە فەرما نڕەواکانی ئێرانن لە چواری ئەیلوولی ڕابوردوودا دەست بە دەستدرێژی یەکەیان بکەن بۆ سەر عیراق .

● **بەڵام بەڕێز سیروان جاف دەڵێت** دەستدرێژی یەکەی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانمان هیچمان بەلاوە سەیر نی یە پاش ئەوەی عیراقی شۆڕش بوو بە قەڵای ئازادیو بوو بە هیوای نەتەوەی عەرەب بۆ بەدی هێنانی تواناو ووزەکانی تاکو شوێنی خۆی لە نێوان نەتەوەکانی جیهان دا هەبێتو قسەی سەربەستو ئازادی هەبێت ، ئەوە بوو زایۆنیو هێزە کۆنەپەرستەکان لەم مەبەستە گەیشتبوون هەروەها لە هەڵوێستی بیرەباوەڕیانەی شۆڕشەکەمان گەیشتبوون بۆیە پیلانەکانیان دەستپێکرد بۆ ئەوەی خستنە ڕێگای پێشکەوتن لە وڵاتەکەمان داو تا نەهێڵن عیراق پێشکەوتنی خۆی لە بواری زانستو پەرەپێدان و ئاوودا بەدی بهێنێت ، هەروەها زایۆنی هەستی بەوە کرد کە عیراق ئامانجەکانی وەدی هێنا ئەوا هەبوونی ئەوو قەوارەکە دەکەونە بەر مەترسی یەوە بۆیە بە هەموو شێوەیەك پشتگیریو یارمەتی ڕژێمی فارسی دا تاکوو عیراق خەریك بکاتو سوپاو ئابووری یەکەی لە چوارچێوەی جەنگی درێژ خایانەوە بێهێز بکات .

ئەو دەستدرێژییە نارەوایە بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانمان پێشێل کردنی یاسای نێو یەلکەنامە نێو دەوڵەتی یەکانە .. چونکە ئەم دەستدرێژییە تەیا دژ بە عیراق نەبووەو بەس ، بەڵکوو دژی بوونی عەرەبە ، لێرەشەوە یەئێپرسراوێتی جم وجوولو کەوتنە خۆی خێرا دەکەوێتە ئەستۆی پاشاو سەرۆك و میرە کانی عەرەب بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسی یەو بەگژداچوونی بە هەموو شێوەیەك .

● **هەروەها بەڕێز ناجی عزت جاف ووتی**

دەستدرێژی کردنی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانمان بەڵگەیەکی تری هاوپەیمانێتی ی پتەوی نێوان ئەم قەوارەیەو نێوان فارسی دوژمنە بۆ زیان گەیاندن بە وڵاتەکەمان کە هەڕەشە لە بنەما ئیمپریالیزمەکانی ناوچەکە دەکات لە پێشەوەی هەمووشیان قەوارەی زایۆنی .. ئێمە لە کاتێکدا نارەزایی خۆمان بە توندی دژ بەم دەستدرێژییە بۆ سەر وڵاتەکەمان دەردەبڕین ، لەوە دڵنیاین کە سەرکردایەتی مێژوویمان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لەم دەستدرێژییە بێدەنگ نابێتو ئەو ڕۆژە دێت تێیدا ئەم بۆژەیە لە ڕیشە هەڵکێشین کە ئیمپریالیزم لە ناوچەکەی ئێمە ئەیکات گەورەی عەرەبەیان دا دروستی کرد .

ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

- لە ٢٣و ٢٤ مانگی مایسدا ئەنجومەنی ناوچەی کوردستان دووجار ، بۆ گوێگرتن لەداواکاریو پێشنیارەکانی نوێنەرانی کوردستان کۆبوەوە ، لەو ڕۆژانەدا بە هەڵمانزانی ، کە گفتوگۆ لەگەل چەند ئەندامێکی ئەنجومەنەکەدا بکەین ...

ع . ت
نووسینگەی هەولێر

لە ژێر ئاڵای صدام حسین دا ئەم وڵاتە لەرگیز نووچ دان بە خۆیەوە نابینێ

ئەم جەنگی وڵاتەکەمان جەنگی ڕاستی یە دژی جەوتی و دواکەوتن

جەنگی کوردستان سەربازی بە وەفای پاراستنی خاکی عێراقن

● لەیشدا چاومان بە کاك علی حسین عبداللە - قایمقامی پێنجوێن و نوێنەری ناوچەکە کەوتو بەشداری کردنی خەلکەکەی لەجەنگی ڕەوای گەلەکەماندا شتێکمان بۆ ڕوون بکاتەوە ، لە وەڵامدا وتی :

- جەنگی قادسیەی صدام جەنگی ڕاستی یەو دژ بە ڕەگەزپەرستی و شۆفێنیەتەو ، جەنگێکە بۆ گێرانەوەی مافەکانی گەلی عیراقمان لە نەرزو ئاویداو ، هەموو هاوولاتی یەك هەستی بەم ڕاستی یە کردوە ، جا لەبەر ئەوە خەڵکی هەموو ناوچەکان خۆیان بە بەختیار زانی کە لەم جەنگەدا بەسەرو سامان بەشداری بکەن ، بەتایبەتی دانیشتوانی ناوچەی پێنجوێن کە چەندەها جار فڕۆکەباڵ شکاوەکانی خومەینی بەر ناپاڵم و شەستیری داوەو ، بوەتە هۆی کوشتنی چەندین مرۆڤی بێتاوان .. لەدوایی یدا کاك علی حسین پێی وتم کە بەداخەوە ڕۆژنامەی هاوکاری یان پێ ناگا ، منیش ئەم سەرنجە وەستاونو ، ئامادەن بەخوێن سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان بپارێزن .

لەدوایی یدا کاك علی حسین پێی وتم کە بەداخەوە ڕۆژنامەی هاوکاری یان پێ ناگا ، منیش ئەم سەرنجە دەخەمە پێش چاوو ، بەڵکو کارێکی وا بکرێ «هاوکاری» ئازیز بگاتە ناوچەی پێنجوێن .

● **لەچێگایەکی تری هۆڵی**

بروانە ل : ٧

ئەم دەستە لاوە خوێن- گەرمەش ، بۆ یەکەم جار دەردەکەونو دەیانەوێ خۆشەویستی گەورەی خۆیان بۆ شانۆی کوردی دەربڕن ..

ئەو بەهرانەی دەیانەوێت بگەشێنەوە

● **ئازاد عزیز لە شانۆگەری «محمدوسبێوی»دا دەرکەوت ..**

هەروەها لاوەکانی تریش .. ئەوەبو ئازاد ووتی :

جێی شانازییەکی گەورەیە کە مرۆڤ خۆی لەسەر تەختەی شانۆبدۆزێتەوەو بەوێ خزمەتی لایەنێکی ژیان بکات .. لەوەش پیرۆزتر ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی « هاوکاری » بێتە لامانو باسی خۆشەویستیان بۆ شانۆی کوردی تۆمار بکاتو بەو بۆنەوە دەڵێین ، ئێمەی شەیدای هونەری کوردی گەلێ پێویستمان بە دەستی دڵسۆزانە هەیە بۆ گەیشتن بە خۆزگەکانی پاشە ڕۆژ .

● **بەڵام برهان ئەحمەد جۆلا لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هەستی بۆ شانۆی کوردی دەڵێ :**

ژیانی ڕاستەقینەم ئەو چرپەیە بو کاتێ لەسەر شانۆ خۆم بینی.

● **سیروان عثمان لە « هەبو ، نەبو »دا دەرکەوتو لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ووتی :**

شانۆ لە لای من بووە بە ژیان ، تەنانەت ژیانی خۆم لەسەر شانۆدا دەبینمو لەو ڕێیەوە خۆشەویستی گەورەی خۆم بەرامبەر بە هونەرو کۆمەڵ دەردەبڕم.

● **طە ئاغاجان ، بۆ یەکەم جار لە شانۆگەرییەکی ئەم دووایی یەی تیپی سینەماو شانۆ دەرکەوت .. بەڵام ٣ ڕادەیەك توانی سەرکەوتن لە نواندنەکەی خۆیدا بەدی بێنێ .. لە وەڵامی پرسیارێکدا ووتی :**

زۆر بە هیوام کە دوای دەرکەوتنم لەم شانۆگەرییەدا کە بوە پاڵ پێوەنانێك بۆ زیاتر بەرەو پێشەوە چون ، بتوانم لە بەرهەمی شانۆگەریی تردا بەهرەی خۆم لە بواری خزمەت کردنی شانۆی کوردی بنوێنم بەڵام نەهەرۆو دڵشاد بەرامبەر بە شانۆی بیروڕایان کوردیو هاتنە پێشەوەیان لەو کۆڕە پیرۆزەدا ئەوەیە ، کە شانۆ چەندە پێویستی بە هاتنە پێشەوەی بلێمەتەکانی شانۆ هەیە ، ئەوەندەش ئەوان پێویست ڕاستەقینەیان بە دەستی گرتن هەیە .

دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی هونەرمەندە تەشکیلەکان بانگ دەکات بۆ ئەخشمە کێشانی بەرگێکی دیاری کراوی چوار ڕەنگی بۆ گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»و باشترین ئەخشەی بەرگ سەد دینار پاداشتی دەدرێتێو ئەوەی ئارەزووی بەشداربوون لەم کارەدا دەکات با پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان بە تەلەفوون بە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە بکات بۆ زانینی پێویستیەکانی تری ئەم بەرگەو سوپاس .

شێرزاد عبدالرحمن
نووسینگەی هەولێر

« ئەگەر خاوەن ماڵی ژیانی لەدەستبداو بمرێ ، پێویستە لەسەر فەرمانڕەوای شاد ، سەد (مانە)ی زیو بۆکەس وکاری مردووەکە بڕژێرێتەوە »

بەندی ٢٤ ی یاسای حەمورابی

پاشەکەوت کردن لە پێناوی مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژ دا

عبدالوهاب تاڵەبانی

● کەخۆم کرد بەژوورەکەی کاك (نەوزاد ئەمجەد)ی بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای تەئمینی ژیان لەهەولێر ، ئەو نوسراوەی سەرەوە کە بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوو سەرنجی ڕاکێشامو ئەوەو ڕاستی یەی پێ سەلماندم کە خەڵکی ئەم وڵاتە لەدێر زەمانەوە گرنگیان بە تەئمین کردنی ژیانی هاووڵاتیان داوەو ، ئەمەش لەخۆیدا تێشکێکی پرشنگدارە لەمێژووی پرشنازی نیشتمانی عیراقماندا .

کاك (نەوزاد) زوو لەبیرکردنەوەکەم ئاگاداری کردەوەو کەوتە باسکردنی ئەو ئەرکانەی کەوتوونەتە سەر شانی کۆمپانیاکەی :

- کۆمپانیای تەئمین کردنی ژیانی عیراقی ، بەپلەی یەکەم ، دەیەوێ خەڵکی وا لێ بکات کە بەشێوەیەکی ڕێك وپێك پارە پاشەکەوت بکەنو ، ژیانی پاشەڕۆژی کەس وکارەکانیان مسۆگەر بکەن ، بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە کۆمپانیاکەمان چەند جۆرە بەڵگەنامەیەکی تەئمینی بڵاوکردۆتەوە لەگەل پاشکۆکانیداو لەم ڕێگایەوە قازانجێکی زۆرو سوودێکی چاکی پێشکەش هاووڵاتی یەکان کردوە ، بۆ نموونە جگە لەوەی کە بەڵگەنامەکانمان وا لەهاووڵاتی دەکا کە ناچار بێ پاشەکەوت بکا ، جگە لەمەش ، ئەو مافە دەدا بە کەس وکاری ئەوی تەئمینی ژیانی کردوە و خوانەخواستە لە ڕووداوێکدا تیادەچێ کەوا مەبلەغێکی باش وەکو بژاردنەوە لە کۆمپانیا وەرگرنەوە ، هەروەها هەندێ بەڵگەنامەی ترمان هەیە کە مافی ئەوە دەدا بەکەس وکاری ئەوی تەئمینی ژیانی کردوە لەپاش خۆی کەس وکارەکەی بۆماوەیەکی دیاری کراو مووچەی مانگانە لە کۆمپانیاکە وەرگرن ، هەروەها کۆمپانیا ئەو هاووڵاتیانەش دەبژێرێتەوە کە خۆیان تەئمین کردوەو لە ڕووداوێکدا بە تەواوی پەکیان دەکەوێ ، یان تەنها ئازارێکیان پێ دەگات و بەتەواوی پەکیان ناکەوێ .

● **لە هەولێر تا چ ڕادەیەك خەڵکەکە هاتوون بە دەنگی کۆمپانیاکەتانەوە ؟**

- بەداخەوە تائێستا ، هاووڵاتیان لەم شارەدا نەگەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە بەچاکی لەسوودو لایەنە زۆر چاکەکانی تەئمین بگەنو ، بەرهەمی ئێمە لێرە نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە ئارەزووی دەکەین ، بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە هاووڵاتیان بەرامبەر ئەم مەسەلە شارستانی یە زۆر گرنگە ناگادار بکەینەوە کە پاشەڕۆژی خۆیانو مال ومنداڵیان مسۆگەر دەکاتو ، لەهەموو تەنگ وچەڵەمەیەك دڵنیایان دەکات، بەڵام پێویستە خوێنەران ئەوەش بزانن کە لەگەل ئەو قسانەشدا ، ئێمە لەو نەخشەیەی بۆمان دانراوە زیاترمان وەدی هێناوەو لەساڵی ١٩٨٠دا لە هەڵسنگاندنی بەڕێوەبردندا بە دوەم دەرچووین بەسەر هەر (٢٤) لقەکانی کۆمپانیاکە - ماندا .

● **ئەو هەنگاوانە کامانەن کە بۆ هاندانی هاووڵاتیان نراوە بۆ تەئمین کردنی ژیانیان ؟**

- حکومەتی شۆڕش زۆر بەتەنگ مەسەلەی تەئمینەوە هاتوەو چەندین بڕیاری لەم بارەیەوە دەرکردوە ، بۆ نموونە ئەوانەی قیستی تەئمینیان دەگاتە هەزار

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

عاشقێکی ترسنۆک

نووسینی : موباسان ——— گۆڕینی : حمە کریم عارف

کۆنە یادگارو بیرەوەری چەند سەیرن .. پەیتا پەیتا خۆیان بەمێشکماندا هەڵدەواسن ، لەقولابی ناخماندا بلاچە دەدەن ، بەدرێژایی تەمەن بیرناچنەوە .

لەژیاندا گەلەك رووداوم دیتوون ، هەندێکیان خۆش، بڕێکیان دڵتەزێن ، بەشێکیان سامناك ، بەڵام بەسەر هاتەکەی دایکە « کلوشیت » سەرەرایی سادەیی - هەمیشە سەرپشکی بیروەری یەکانم بووە ، تەنانەت رۆژێك نەبووە دایکە « کلوشیت »م بیرنەکەوتبێتەوە .

تەمەنم ١٢ ساڵ بوو ، گشت بەیانیەکی پێنج شەممە دەهاتە ماڵمان ، بۆ ئەوەی جلەکانم بدۆزێتەو پینەیان بکات .. ئەوسا ماڵمان لە لادێ بوو ، خانوویەکی گەورەمان هەبوو لەنزیك کڵێسەکەی ئاوایەوە ، دایکە «کلوشیت» دەورو بەری سەعات حەوتی بەیانی پەیدا دەبوو ، ئەو رۆژەی بەدۆزینەو چاککردنەوەی جلوبەرگی خێزانەکەمان بەسەر دەبرد. پیرێژنێکی شەل بوو ، لەدەوروبەری لووتی- چەند شوێنێکی تری دەموچاویدا موویەکی ناسك رووابوو ، بەگشتی لەریش دەچوو ، برۆ چڕەکانی لەسمێڵێکی گەورە دەچوون کە بەهەڵە ، لەبری ینوی خرابنە سەر چاوەکانی .

من ئەم دایکە «کلوشیت»م خۆش دەویست ، ئەویش منی خۆش دەویست- ، سەرگوزشتەو باسو خواسی گوندەکەی بۆ دەگێرامەوە ، هەموو جارێکیش پارچە هەڵوایەکی بۆ دێنام و دەیدامێ .

بەیانی پێنج شەممەیەك وەکی جاری جاران پەیدا بووەوە ، منیش جاران ئاسایی لەگەڵیدا چوومە ئەو ژوورەی پینەو پەڕۆی تێدا دەکرد ، بۆ ئەوەی گوێ بۆ قسە خۆشەکانی رادێرم و پارچە هەڵواکەش حەڵاڵ بکەم ، وەختێ دیتم لەپەو رو کەوتووە ، باسکەکانی بڵاوکردوەتەوە ، هێشتاش دەرزیەکەی بەدەستەوەیە، زۆر ترسام .. دایکو باوکم- بە دەنگی هاوارەکانمەوە هاتن ، هەر کەچاویان بەو دیمەنەکەوت ، پەژارە دای گرتن ، ئەوجار بەپەلە چوون بەشوێنی دکتۆرە پیرەکەی شارا ، لەچاو تروکانێکدا دایکە «کلوشیت»ی پشکنی ، ئەمجا دڵنیایی کردین کە دڵی راوەستاوەو گیانی سپاردووە لەداخاندا خۆم پێنەگیرا ، بەخەمناکی یەوە خۆم گەیاندە ژووری دانیشتن ، لەسووچێکی تاریکدا خۆم دا بەکۆڵی کورسیەکداژ جلەوم بۆ فرمێسك بەردا .

دوای تۆزێك دایکو باوکم لەگەڵ دکتۆرەکەدا هاتنە ژوورەوە ، دانیشتن، بەدەم خواردنەوەوە دەستیان بەقسان کرد ، دیار بوو کەسیان هەستیان بەبوونی من نەکرد .. بەم تەرحە توانیم سەرگوزشتەی .. دایکە « کلوشیت » بزانم .

دکتورە پیرەکە گوتی :- ئەم دایکە «کلوشیت»ە بەستەزمانە .. کە من گەییمە ئەم شارە ، دوو رۆژی نەبرد قاچی شکا.. ئێستاش ئەو رووداوەم بیرە .. کە ئاوەڕۆی ژیانی گۆڕی ، بەڵێ وەکو ئەوەی دوێنێ رووی دابێت ، هەرچەند چل ساڵ زیاتری بەسەردا چووە .

« وای لەکەتنی رۆژگار! کێ دەڵێ ئەوسا ، کە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو ، جوانو شۆخ بووە ، لەشساڵاری گۆشتن وباڵای کەلەگەت بووە ، نیگای ئەفسوناوی و دڵرفێن بووە ! من ئەمەم بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە ، کەس ئەم بەسەرهاتە نازانێ تەنیا من و یەکێکی دی نەبێت کە ئێستا لەم هەرێمەدا نەماوە !

« کلوشیت لەسەردەمی گەنجی یدا مامۆستای چنین بوو لە قوتابخانەکەی « مسیو جاربوو »دا . هەر لەو قوتابخانەیەدا هاوڕێیەکی گەنجی هەبوو نێوی « سیجبرت » بوو.. ئەویش کەلەگەت ، قۆزو قسەقووت بوو ، گەلێك لەکچانی شارەکە خەونیان بەوەوە دەدیت کە شووی پێبکەن ، بەڵام گوێی بەکەسیان نەدەدا ، تا نووشی « کلوشیت » بوو، دڵبەندی بوو ، خۆشەویستی خۆی بۆ هەڵدەڕشت ، دڵنیای دەکرد کە تەنێ ئەوی بەدڵدا چووە .. هەڵبەت ئەویش بەشانازی یەوە پێشوازی لەمە کرد ، ئەوجار بەبڕواوە بەڵێنی یەکم ژووانی پێدا ، کە لەهۆڵی بشوودانی نهۆمی دووەمی قوتابخانەکەیان دا بێت و باش رۆشتنی مامۆستاو قوتابیەکان ! « لەکاتی دیاری کراودا « کلوشیت » وا خۆی نواند کە لەسەرپێیە بۆ جێهێشتنی قوتابخانەکە ، بەڵام لەبری رۆشتن ، چووە نهۆمی سەرەوە ، لەهۆڵی بشوودانداخۆی مەڵاسدا ، هێندەی نەبرد دەزگیرانەکەی هات ، لەترساندا هەڵ دەلەزری ، دەترسا «مسیو جاربوو »ی خاوەن و بەرێوەبەری قوتابخانەکە بیدینن . ئەوەی ئێ دەترسا رووی دا ، عاشق و مەعشووق بەیەکدی گەیین و نەگەیین ، لەپڕ دەرگای هۆڵەکە کرایەوە ، مسیو جاربوو ، سەری کێشاو نەڕاندی : « ئەوە لێرە چ دەکەیت سیجبرت ؟! »

کوڕە گەنجەکە بەترسەوە گوتی : « تۆزێ پشوو دەدەم مسیو جاربوو »..

ئەوجا بەچیەوە « بەکلوشیت »ی گوت :

« پێویستە خۆت لەپشتی قەنەفەکەوە وەشێری ..دەی خێراکە ! » .

« پێ ی دەچوو بەرێوەبەرەکە گوێ ی لەو چیەیە بووبێ، بەڵام نەی توانی کەسێکی دی لەژوورە تاریکەکەدا بەدی بکات . بەوەندە وازی هێنا کە جارێکی دی هاواری لە مامۆستا گەنجەکە کرد

« سیجبرت تۆ بەتەنی نیت، کێت لەگەڵدایە . » .

وبستی ئەم تارماییە لەخەیاڵی مسیو جاربوو»دا بسڕێتەوە ، دڵنیای بکات کە هەر خۆیەتی و کەسی دی لەگەڵدا نی یە .

مسیو جاربو گوتی :

« باشە . . بەخۆم دەگەڕێم ! » .. هات لەدیوی دەرەوەدا دەرگاکەی لەسەر کلیلدا ، چوو مۆمێ بهێنێ تا ژوورەکەی پڕ ی رووناك بکاتەوە .

چونکە سیجبرت لاوێکی قەلەزراو بوو ، زوو وردی بەردا ، پەشۆکا ، رەنگی زەرد هەڵگەڕا ، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی یە « کلوشیت » :

« کلوشیت بیکە بەرەزای خوا لەژێر قەنەفەکەدا خۆت وەشێرە .. ئەگەر جاربوو بتدینێ ، دەرم دەکات ، نانم دەبڕێت .. ئەمەش تێکڕای پاشە رۆژم وێران دەکات ! » .

کچەش بەهێمنی و سەلاریەوە گوتی : «ئەی ئەگەر دۆغریت پێ گوت و دڵنیات کرد کە دەتەوێ بم خوازیت .. بەڵام قسەکەی پێ بڕی وگوتی :

« نەخێر ئێستا وەختی ئەوەنی یە بیر لەخواستن بکرێتەوە .. ئای .. گوێم لە ترپەی پێ یەتی .. خۆت وەشێرە . . توخودا خێراکە !» .

کچە نیگای قینی تێ بڕی و ووتی ! « خۆم ناشارمەوە . . بەڵام لەبەنجەرەکەوە خۆم هەڵدەدێرم .. هێنندەم لە تۆ گەرەکە ئەگەر « جاربو » رۆیشت بم گەیتێ و فریای دکتۆرم بخەیت ! » .

« لەودەمەدا کە کلیلەکە

بڕوانە ل : ٧



گابریل گارسیا مارکیزو گفتوگۆیەك دەربارەی ئەدەب و ژیان

لەژمارەی رابووردودا بەشی یەکەمی ئەم گفتوگۆیەمان بڵاو کردەوە کە لەگەڵ چیرۆکنووس و رۆژنامە نووسی ئەمەریکای لاتینی گابریل گارسیا مارکیز کراوەو چیروکنووس مامۆستا حسین عارف کردویەتی بەکوردی و لێرەدا بەشی دووەم و دوا بەشی بڵاو دەکەینەوە .

× پێم وایە تۆ بە پێچەوانەی شارەکانی ترەوە، پاریست خۆش ناوێ ؟.

● راستە .. هەندێ کەسیش وایان لێکداوەتەوە کە ئەوە رق و کینەیەکە لەلایەن منەوە بەرامبەر بەم شارە ، بەڵام لێکدانەوەیەکی هەڵەیە . من هەرچەندە ناسیاویم لەگەڵ دڵسوزترینی برادەرەکانمدا لە پاریسدا پەیداکردو هەرچەندە (رۆژ) لە هەندێ عەسرینەدا زۆر دڵگیرە ، بەڵام قسەت نەتوانیوە حەز لەم شارە بکەم . من لەندەنم زیاتر حەز لێ یەو ئەو هەست کردن بە مەترسی یەم پێ خۆشترە کە نیۆیۆرك پێمی دەبەخشێ . من حەزم لەو شارانەیە کە مەترسی دەبەخشن . بە پێچەوانەی ئەو ئەفسانەبشەوە کە لە « سەد ساڵ دوورەپەرێزی »یەوە دەردەهێنرێ ، من لەو گوندە بەو لاوە کە « ئالاکاتاکا »ی ناوەو تیایدا لە دایك بووم ، هیچ گوزەرێکی ترم لێ خۆش نایەت . گەلێکیش بەختیار دەبم ئەگەر تیایدا بمبینە خاوەنی خانوویەك و ساڵی شەش مانگ لەوێدا ئیش بکەم : بەڵام مەحاڵە ، چونکە تەنانەت سەرلێدانیشی ستەمە .

× ئایا وا هەست دەکەیت کە تۆ مروڤێکی خەڵکی کۆلۆمبیایت یا ئەمەریکای لاتینی یا ناوچەی کاریبی .. کامیان ؟ !.

● من بیرای بەر سنوورو سنووركاریم نەك تەنیا بەرامبەر بە ئەمەریکای لاتینی ، بەڵکو بەرامبەر بە هەموو ئەمەریکا لە مێشکی خۆمدا سڕیوەتەوە . من ئەمەریکاییم و لە گەڵیدا وڵاتە بەگکرتووەکانی ئەمەریکاش.. ئەمەریکا بەلای منەوە پاپۆڕێکی هێجگار گەورەیەو بە هەموو دەرەجەکانی یەوە یەك بێ یا دوو یا (سیاحی)و بنەوەشی کە تەرخانە بۆ شتو مەك . هەر ئەمەریکایی یەکیش بە پێ ی وەزعی خۆی لەم قات یا لەویاندا دەژی و ئیتر ئەگەر ئەو کەوتە ژێر ئاو ، ئەوا هەموو لە گەڵیدا نوقوم دەبن و ئەگەر لە گەردەلوولەکەدا بە سەر ئاوەوە مایەوە ، ئەوا ئەوانیش دەمێننەوە .

× ئایا لە پەل هاویشتنی رۆشنبیری ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرەو ئەمەریکای لاتینی ناترسیت ؟

● هەرگیز نەء .. لێ ی ناترسم . راستە کە پەل هاویشتنێکی رۆشنبیرانە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە کە لە نێوان پرۆگرامێکی پێشکەوتووەوە تێپەڕ دەبێ ، بەڵام وەختێ کە بەهێمنی سەرنجدەدەینە ئەوەی رووەدا ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمەریکای لاتینی لە ژێرەوە یا لە ناوەوە پەل بۆ وڵاتە بەگکرتووەکانی ئەمەریکا دەهاوێ . تۆ بۆ نموونە لە نیویۆرك وردبەرەوە ، دەبینیت هەموو خەڵکەکەی دەزانن بە ئیسپانیایی قسە بکەن . من ئەمەریکایی یەتی یەکەم هانم دەدا کە بە خۆشبینی یەوە بڕوانمە ئەم ئالوگۆڕکاری و کار لە یەکتر کردنە .

× رات بەرامبەر بەو وتەیەی « کارلۆس فوانتیس » چی یە کە دەڵێ : پاریس پایتەختی رۆشنبیری ی ئەمەریکای لاتینی یە ؟ .

● رەنگە داڕشتنی وتەکە بەم شێوەیە جۆرە پەلەکردنێکی تێدابێ ، بەڵام هەڵە نی یە . چونکە ئەگەر بگەڕێمەوە سەر تاقیکردنەوەکەی خۆم ، بۆم دەردەکەوێ کە . هەموو ئەوانەی بوونە نووسەرو نیگارکێشو هونەرمەندی ئەمەریکای لاتینی ، پێش بیست ساڵ لە پاریس لەگەڵمدا بوون . ئەوە بۆتە نەریتێکو لە کاردایە کە ئێمە دەبێ لە پاریسدا فێربین . ئەمەش قەت ئەوە ناگەیەنێ کە فەرەنسایی یەکانن ئێمە یان فێری ئەدەبو رەسمو ئاواز کردوەو لەو باوەڕەشدانیم کارلۆس بوانتیسی برادەرم لەو قسەیەدا بۆ شتێکی وەها چووبێ . ئێمە لێرە وەزعێکی لەبارمان بۆ تێگەیشتنی هەندێ شت بۆ هەڵدەکەوێ ، من لە پاریسدا زانیم ئەمەریکای لاتینی یە . پێش هاتنم بۆ پاریس هەستم بەوە نەدەکرد کە من کۆلۆمبیاییم، بەڵکوو هەستم دەکرد کە لادێنشینێکی کۆلۆمبیاییم . کەچی لێرە وەختێ لە گازینۆیەکدا وەك فەنزویلایی و تشیلیایی و ئۆرۆگوایی و کۆلۆمبیایی کۆدەبوینەوە ، کەوتمە سەر ئەو بارەی وەك - ئەمەریکایی یەکی لاتینی هەست بە بوونی خۆم بکەم.

× دەمەوێ بەپرسیار لێکردنت دەربارەی ئاوازو مۆسیقا کە خۆت زۆر باسی ناکەیتو کەچی لە کتێبەکانتدا دەورێکی باڵا دەگێڕێ ، کۆتایی بەم گفتو گۆیە بهێنم ؟ .

● حەز دەکەم لەوە ئاگادارت بکەم کە قسەنەکردنم لە ئاوازو مۆسیقا لەبەر ئەوەیە کە زۆر ئازیزە لەلامو کە بە دەگمەنیش پرسیارم دەربارەی ایکراوە . هەروەکوو وەها تێدەگەم کە ئانجیل رامای ئۆرۆگوایی تاقە رەخنەگریکەو تەقەلای داوە لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە قوولی رەگو ریشەی نووسینە ئەدەبی یەکانم دەسنیشان بکاو دەری بخا کە چۆن گۆرانی یەکانی کەناری کۆلۆمبیا کاریان تێکردوون . بێگومان ئەو لەمەدا لەسەر هەقە ، چونکە ئەو گۆرانیو سرووداندە کە شێوەیەکی سەرەتایی ی ئەدەب پێکدەهێنن کارێکی تەواویان کردبووە سەر ژیانی ئەدەبیم . بەڵام کەوابێ من وا هەست دەکەم کە ئەمەریکاییم ، لەگەڵ لابەنێکی بچووکی ئەمەریکایی لاتینی لە کارپیدا . بەڵام ئەم لابەنە بچووکە تایبەتی یە وەهام لێ ناکا کە سەر بە تەنیا کۆلۆمبیا بم . من ئەتەوە غوازێکی قارەگیرم .

پێش ماوەیەك لەگەڵ دەستەیەك لە ئەمەریکایی یە لاتینی یەکاندا بووم و گوێم لێ بوو گفتو گۆیان لەسەر هەوڵدانی بەرازیل بۆ پەل هاویشتنو خۆبەرین- کردنو مەترسی یەکانیان دەکردو لە پیویستی ی یەکگرتنی کۆلۆمبیاو فەنزویلا دەدوان بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان . بەراستی من سەرم لەم قسانە سوڕما ، چونکە قەت بەم چاوەو لەم سووچەوە سەیری مەسەلەکەم نەکردوە . من شارەزای گشت جیهانم . بەڵام ئەو وڵاتەی بەتایبەتی بایەخی پێدەدەم بەرازیلە . رەنگە ئەم وڵاتە عاجباتی یەی بەرەو دوا رۆژ مل دەنێ هەموومان قووت بدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکای لاتینی هەمیشە لەسەر هەمان رەگو ریشەی رۆشنبیری ی خۆی دەمێنێتەوە کە ئەمە شتێکە بە هیچ کلۆجێ پەستم ناکا .

× ئایا لە پەل هاویشتنی رۆشنبیری ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرەو ئەمەریکای لاتینی ناترسیت ؟

● هەرگیز نەء .. لێ ی ناترسم . راستە کە پەل هاویشتنێکی رۆشنبیرانە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە کە لە نێوان پرۆگرامێکی پێشکەوتووەوە تێپەڕ دەبێ ، بەڵام وەختێ کە بەهێمنی سەرنجدەدەینە ئەوەی رووەدا ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمەریکای لاتینی لە ژێرەوە یا لە ناوەوە پەل بۆ وڵاتە بەگکرتووەکانی ئەمەریکا دەهاوێ . تۆ بۆ نموونە لە نیویۆرك وردبەرەوە ، دەبینیت هەموو خەڵکەکەی دەزانن بە ئیسپانیایی قسە بکەن . من ئەمەریکایی یەتی یەکەم هانم دەدا کە بە خۆشبینی یەوە بڕوانمە ئەم ئالوگۆڕکاری و کار لە یەکتر کردنە .

× رات بەرامبەر بەو وتەیەی « کارلۆس فوانتیس » چی یە کە دەڵێ : پاریس پایتەختی رۆشنبیری ی ئەمەریکای لاتینی یە ؟ .

● رەنگە داڕشتنی وتەکە بەم شێوەیە جۆرە پەلەکردنێکی تێدابێ ، بەڵام هەڵە نی یە . چونکە ئەگەر بگەڕێمەوە سەر تاقیکردنەوەکەی خۆم ، بۆم دەردەکەوێ کە . هەموو ئەوانەی بوونە نووسەرو نیگارکێشو هونەرمەندی ئەمەریکای لاتینی ، پێش بیست ساڵ لە پاریس لەگەڵمدا بوون . ئەوە بۆتە نەریتێکو لە کاردایە کە ئێمە دەبێ لە پاریسدا فێربین . ئەمەش قەت ئەوە ناگەیەنێ کە فەرەنسایی یەکانن ئێمە یان فێری ئەدەبو رەسمو ئاواز کردوەو لەو باوەڕەشدانیم کارلۆس بوانتیسی برادەرم لەو قسەیەدا بۆ شتێکی وەها چووبێ . ئێمە لێرە وەزعێکی لەبارمان بۆ تێگەیشتنی هەندێ شت بۆ هەڵدەکەوێ ، من لە پاریسدا زانیم ئەمەریکای لاتینی یە . پێش هاتنم بۆ پاریس هەستم بەوە نەدەکرد کە من کۆلۆمبیاییم، بەڵکوو هەستم دەکرد کە لادێنشینێکی کۆلۆمبیاییم . کەچی لێرە وەختێ لە گازینۆیەکدا وەك فەنزویلایی و تشیلیایی و ئۆرۆگوایی و کۆلۆمبیایی کۆدەبوینەوە ، کەوتمە سەر ئەو بارەی وەك - ئەمەریکایی یەکی لاتینی هەست بە بوونی خۆم بکەم.

× دەمەوێ بەپرسیار لێکردنت دەربارەی ئاوازو مۆسیقا کە خۆت زۆر باسی ناکەیتو کەچی لە کتێبەکانتدا دەورێکی باڵا دەگێڕێ ، کۆتایی بەم گفتو گۆیە بهێنم ؟ .

● حەز دەکەم لەوە ئاگادارت بکەم کە قسەنەکردنم لە ئاوازو مۆسیقا لەبەر ئەوەیە کە زۆر ئازیزە لەلامو کە بە دەگمەنیش پرسیارم دەربارەی ایکراوە . هەروەکوو وەها تێدەگەم کە ئانجیل رامای ئۆرۆگوایی تاقە رەخنەگریکەو تەقەلای داوە لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە قوولی رەگو ریشەی نووسینە ئەدەبی یەکانم دەسنیشان بکاو دەری بخا کە چۆن گۆرانی یەکانی کەناری کۆلۆمبیا کاریان تێکردوون . بێگومان ئەو لەمەدا لەسەر هەقە ، چونکە ئەو گۆرانیو سرووداندە کە شێوەیەکی سەرەتایی ی ئەدەب پێکدەهێنن کارێکی تەواویان کردبووە سەر ژیانی ئەدەبیم . بەڵام بەگشتی من مۆسیقام لا پەسندترە وەك لە ئەدەب . من لە مەکسیکۆ کتێبخانەیەکی پڕ لە ئاوازو مۆسیقای ئەوتۆم هەیە کە ژمارەی قەوانەکانم تیایدا لە ژمارەی کتێبەکانم زیاترە . من حەزم لە جازە ، بەڵام زانیاریم دەربارەی کزە . من وەك « خۆلیۆ کۆتزار » نیم کە شەوێکیان تا بەیانی ، لە فارگۆنی شەمەندەفەرێکدا کە بەرەو براگ دەچوو ، باسی دەوری پیانۆی لە مۆسیقای جازدا بۆ من و کارلۆس خوانتیس کرد ، شتێکی سەر سوڕهێنەر بوو . بەڵام بە پێچەوانەوە ، من شارەزایی یەکی باشم لە مۆسیقای دەربای کاریبیو مۆسیقای کلاسیکیدا هەیە .

× چاکترین ئاوازدانەرت کێ یە ؟ .

● وەڵامدانەوەی کارێکی زەحمەتە .. برامز لە رووی هەڵچواندنەوە پەسەندترین ئاوازدانەرە . بەڵام لە رووی ئایدۆلۆژی یەوە ، من لە « بیلابارتوك » تێدەگەم، چونکە رۆمانتیکی یەو بەلای منەوە بایەخی زۆرترە .

× بەڵام بێگومان لەوە بەداخەوە نیت کە نووسەریتو ئاواز دانەرنیت ؟.

● حەزم دەکرد هەردووکیان بوومایە ، بۆ ئەوەشی باوەڕم پێ بکەیت ، من بەوە زۆر بەختیارم کە یەکێك لە کوڕەکانم مۆسیقا دەخوێنێ . بەڵام خۆم ، هەوڵم دا مۆسیقا بخوێنم و بۆم نەچووە سەر، چونکە پالپشتی بەردەوام بوونم بۆ نەلوا ، ئەمە ئەگەر چی مۆسیقا لە ئەنجامدا هەر کارێکی گەورەی کردۆتە سەر نووسینەکانم . لە کتێبەکانمدا وەك وتم ، هەردەم وێنەیەك لەبەر چاومە بۆ نموونە لە سەد ساڵ دوورەپەرێزی »دا ، وێنەی باپیرەو کوڕەزاکەی دەبا بۆ (سێرك) . یا لە « پایزی پەتریارك »دا ، پیرەمێردێکی زۆر پیرو لەگەڵ کۆشکێکی پڕ لە مانگادا . ئەوەی بەردەوام خۆم لە وتنی بە دوورگرتوە ، دەوری مۆسیقا بوو لە کتێبەکانمدا. ئەوەم بەردەوام حەشار داوە کە باوەڕم وایە لە داڕشتنو شێوەی نووسینی « پایزی پەتریارك »دا ، شتێکی زۆر ئاشکراو لە رووە . بگرە نیازم وا بوو پێشکەش بە « بیلا بارتوك »ی بکەم . خۆ رەنگە کلیلی ئەوەی دەینووسم لێرەدا بێ کە بریتی یە لە تێکەڵ کردنی وێنەو ئاواز لەگەڵ یەکتردا.

Institut kurde de Paris

بانگەوازێك لە یەکێتی ئەدەبیو نووسەرانی عیراقەوە

دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ی گشتی ئەدیبو نووسەرانی عیراق چەندین کۆبوونەوەی ڕێخستنی بەستوە ، هەروەهایش لیژنەی وەرگرتنی ئەندامان لە یەکێتی ی لەلای خۆیەوە ئەویش چەندین کۆبوونەوەی بەستووەو ئەو نیستیمارانەی کە لەلای لیژنەی وەرگرتن دەستدەکەوێت تەواوی کردووەو بارەگای لیژنەی قبوڵکردنی ئەندامانی لە دەزگای گشتی سینەماو شانۆدایە .

لەبەر ئەوەی لە نوێ داوا لە هەموو ئەدیبو نووسەرانو ئەوانەی کە پیشەیان نووسینە یاخود وەرگێڕانە یاخود جیاکردنەوەیە یاخود ساغکردنەوەیە یاخود کۆکردنەوەو وەرگرتنو کۆرتکردنەوەیە لە بواری شیعرو هونەرو چیرۆکو شانۆو دیراسەو تۆژینەوەو ئەوەی پەیوەندی بە چالاکی فیکری لە بواری رۆشنبیری بە جۆرێکی گشتیو لە بواری ئەدەبی بە جۆرێکی تایبەتی دا هەیە ، یاخود شتێکی نووسیوەو یاخود خستوتە سەر شاکارەکە بە بەرجێك کە لەمادەیەکی بڵاوکراوەی زیاتری هەبێت ، یاخود کتێبێکی چاپکراوی بە زمانی عەرەبی یاخود کوردی یاخود تورکمانی یاخود سریانی هەبێت، بە زووترین کات سەر لە بارەگای لیژنەی قبوڵ بدات لە دەزگای گشتی سینەماو شانۆ یاخود هەر ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ببینێت نیستیمارەیەك لێ وەربگرێتو بە وێنەو هەموو بەڵگەنامەیە تێیدا هەبێت تا کۆتایی هەبێت تا کۆتایی مانگی حوزەیران کە دوا رۆژی وەرگرتنی نیستیمارەیە بگەیەنێتە بارەگای دەزگای گشتی سینەماو شانۆ ، بۆ ئەوەی داواکاری ئەندامان جیابکرێتەوەو بانگی ئەندامان بکرێت بۆ کۆنگرەی گشتی . بەنیسبەت پارێزگاکانیشەوە لە توانایە سەر لە دایرەکانی راگەیاندنی ناوخۆ بدرێت بۆ نیستیمارە وەرگرتن .

شفیق الکمالی
سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر

خەنەبەندان

بۆ - کەریم کابان - ی هونەرمەند
شیعری :
● نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ●

لە ئاوازی بەستەکانت ڕانەمێنم ،
بڕلبولی دەبان هەڵبەست ، پەنجەرە داخراوەکانی
دڵی شەبدام ئەکەنەوەو .. بۆت ئەخوێنن ...
شنەی شەماڵی خۆشی یەکی لەبن نەهاتوو
وەکو مەدالیای عیشقی پیرۆز
ئەخەیتە گەردنی دڵە ماتو ئەویندارەکەم .
کە گوێم ئاوێتەی گوڵهەناری گۆرانی یەکانت ئەبێ
تیشکی سووری خەمێکی پڕ سۆز
بەسەر ئاسمانی لێڵو تەماوی ی دڵما ئەشکێتەوەو
بە نێو قوولایی ئازارە سەوزەکانما ڕۆ ئەچێ ،
وەکو ، ئاگرە سوورەی نەورۆز
گڕ لە کێوی هەناوو بووشووی دڵم بەر ئەدەی .

× ×

« ئەگەر نەخشێکی غەیری تۆی تیا بێ
توخوا کوێری کە بانا بینا بێ
کە پێت هەڵبڕی سەیر کە چەند جوانە
بە خوێنی دیدەم خەنە بەندانە »
ئای لەم گۆرانی یە ئاشقانەیە ..
ئەبینم وەکو کۆترە سپیلکەیەکی کەژیلە
دەنووك لە دەروازەی حەزوگریانی شەوانی تەنیاییم
نەدا ،
گوێم لێ یە ئەچریکێنی و
سەدای ئاوازە خەماوی یەکەی « شەو »ی ئاڵو
گوڵجاری عیشقی «خەنەبەندان »
سەری کاسم لەسەر سنگی گوڵاڵە شیعری
خۆشەویستیدا ئەلاوێنێ ...

× × ×

شەوان پتر لە ئاوازی بەستەکانت ڕانەمێنم ،
شەوان پتر دڵم ئەگڕی و پێ ئەکەنێ ،
شەوان پتر لە نێو گێژەنی بیرەوەری یەکان تاس ئەبم و
مۆمی سووری خەمی نوێیان بۆ دائەگیرسێنم ،
شەوان پتردەرگای قەفەزی دەروونم
لەسەر ڕەوەملی ڕازی گۆرانی یەکانت کردۆتەوە ...
ئەوەتانێ ، بە ئاسمانی نیگای شینما
باڵەفڕەی عەشقیانە !

لە ئەنجومەنی ئاسایش ((پاشماوە))

نوێنەری یەکێتی‌ی سۆڤیەت ئۆگیک ترۆیانۆفسکی لە ووتەیەکدا داوای کرد سزای ئیجباری بە سەر قەوارەی زایۆنی‌دا بدرێت .

ووتیشی هێرشەکەی زایۆنی لە ئەنجامی سیاسەتی وولاتە یەکگرتووەکانەوەیە کە هەوڵی دەدات ریککەوتننامەی سازاندن لە ناوچەکەدا پێک بهێنێت دووپاتیشی کردەوە دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا نەک هەر ناڕەزایی سەبارەت قەوارەی زایۆنی دەربڕێت‌و تاوانباری بکات بەڵکوو دەبێت کاری ئەوتۆ ئەنجام بدات ئەو سیاسەتە تاوانکاری‌یەی رابگرێت .

ئەمەو نوێنەری پۆرتۆسلافیاو ڕۆمانیاو مەنگولیاو زامبیاو ئەندەنۆسیاو ئیتالیاو مەغریب‌و پۆلەندا و یەمەن قسەیان‌کردو داوایان کرد قەوارەی زایۆنی سزایەکی ئەوتۆ بدرێت .. لە کاتێکدا کە سەرۆکی ئەنجومەن دوو بەڵگەنامەی نوێی خستەبەر لێکۆڵینەوە ئەو دوو بەڵگەنامەیش نامەیەکی بەڕێوەبەری گشتی‌ی بەرژەوەندی‌ی ووزەی نێودەوڵەتی‌و نامەیەکی وەفدی چیکۆسلۆفاکیان کە ئەمەی دوایی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی تێدایە دەستدێژی‌ی زایۆنی بۆ سەر عیراق تاوانبار دەکات .

کۆمپانیای تامین ((پاشماوە))

دینار ، ئەو هەزار دینارە لەداهاتیان دادەشکێنێ لەکاتی حیساب‌کردنی باجی داهاتدا (ضریبە الدخل) و ، ئەوی مەبلەغی تەئمینی دینار بێ ئەوا لەباجی (ترکات) دەبەخشرێ . جگە لەچەند بڕیارێکی تر کە هەمووی لەخزمەتی ئەو هاوولاتیانەدایە کە دەیانەوێ تەئمینی ژیانیان بکەن .

دوایی چاومان بە خاتوو گولاڵە نوری کەوت :

– دەرچووی قوتابخانەی ئامادەیی‌و خێزانی یەکێکم لە جەنگاوەرانی سوپا ئازاکەمان ...

● **چۆن تەماشای پیشەکەت دەکەیت ؟**

– کاری من لێرە ئیداری‌یە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە دەوریکی چاکم لەهەڵسوراندنی ئەو فەرمانەی پێم راسپێرراوە هەیەو تەئمین دیاردەیەکی مرۆڤایەتیانەی چاکەو هەموو مەترسی‌یەکانی پاشەڕۆژ دەڕەوێنێتەوە .

دوایی خوشکە پەروین ابراهیم قسەی‌کرد :

– دەرچووی ئامادەیی بازرگانی‌ی‌ەو ، خێزانی سەربازێکی سوپای ئازای وولاتەکەمم ..

● **تەئمین . لای تۆ چی دەگەیەنێ .. ؟**

– بەلای منەوە تەئمینی ژیان ، چاکترین ڕێگەیە بۆ پاشەکەوت‌کردنێکی ڕێک‌وپێک‌و دڵنیابوون لە پاشەڕۆژ ..

جەماوەرو ڕێکخراوەکانی ((پاشماوە))

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ناردووە تێیدا دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە لە کاتێکدا سەربازەکانی قادسیەی صدام سەرکەوتنی بەردەوام دژ بە فارسە رەگەزپەرستەکان وەدی‌دەهێنن تا لەام کاتەدا قەوارەی زایۆنی بە یارمەتی‌ی ئیمپریالیزم کە یارمەتی‌و پشتگیری لە رژێمی فارس دەکات هێرشی هێنایە سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان کە ئەمەیش بەڵگەی ئەوەبە کە عیراق دژ بە دوژمنانی نەتەوەی عەرەب‌و دوژمنانی گەلەکەمان‌و ڕێرەوە گەلەکەمان‌و ڕێرەوە شۆڕشگێڕی‌یەکەی دەجەنگێت .

حزبی ڕزگاری کورد لە لوبنان بە ناوی سەرۆکیەوە بروسکەیەکی ناڕەزایی دەربڕینی سەبارەت بە دەستدێژی‌یەکەی قەوارەی زایۆنی بۆ سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ناردووە تێیدا دووپاتی کردووەتەوە کە هێرشە دڕندانەکەی قەوارەی زایۆنی بۆ سەر دام‌و دەزگا ئەتۆمیەکانی عیراق تەماح‌و ئارەزووەکانی دەستدێژی‌کردن‌و فراوان‌بوونەوەی قەوارەی زایۆنی دووپات دەکاتەوەو ناڕەزایی حزبی سەبارەت ئەم کارە دڕندانەبە دەربڕیوە .

● **ئەمەو جەماوەری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر** ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە دەستدێژی دڕندانەکەی قەوارەی زایۆنی بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمانی دەربڕیوەو لە بروسکەیەکدا کە بۆ سەرۆکی فەرمانده صدام حسین‌یان ناردووە دووپاتی ئەوەیان کردووەتەوە کە ئامادەن یەکڕیز بوەستن دژ بە دوژمنەکانمان لە فارس‌و زایۆنیەکان ، بۆ پاراستنی گیانی سەرکەوتن‌و بنیاننانی کۆمەڵێکی دیموکراتی‌و عیراقێکی گەشەسەندوو بە کوێرایی چاوی دوژمنان .

ئەمەیش پاش ئەو کۆڕە بووە کە بەڕێز یحیی محمد رشید جاف ئامادەی ببوو ، بۆ ئەم مەبەستە سازدرابوو .

گوڵێك ناوی ((پاشماوە))

گوێ لە گۆرانی کوردی را دەگرم‌و لاسایی ئەکتەرەکان دەکەمەوەو گۆرانی دەڵێم‌و چەند هاوڕێتەکی نوێ بۆ خۆم پەیدا دەکەم‌و نایەڵم وەرزی هاوین هەروا لە کیسم بچێ ..

● **پاشان ژیان خان ، لە وەڵامی پرسیارێکی تردا بە هاوڕێیانی گۆشەی مندالانی هاوکاری دەڵێ :**

× لە یادتان نەچێ ، ئیوە نەمامی دووا ڕۆژن ، ئەم وەرزەی تەواو بونی خوێندن خۆتان بە دەست بەتاڵی خەریك مەکەن .. ئەگەر نا ، هاوین بە ووشکی دەڕوات ..

● **باشە ژیان خان ، تۆ چ دەکەی ؟**

× بێجگە لەوانەی گوتم مال دەڕازێنمەوەو یارمەتی دایکم دەدەم ، چونکە لەو چەند مانگە زۆر ماندوو بووە .

ش . ع
نووسینگەی هەولێر

ڕوونکردنەوەیەك ((پاشماوە))

لەگەڵدا بکرێ ... چونکە ئەگەر ئەم کارە هیچ مانایەکی منی پێوە نەبێ ، هەڵبژاردنی بەرهەمەکە لە منەوە دروستبووەو کۆبوونەوەی ئەم هەمووخەڵکەش لە (محمدو سێوێ)دا تەنیا لەوەوە دەستی پێ‌کرد ، کە بەرهەمەکە فۆلکلۆرەو نزیکە لە مرۆڤی ئەم سەردەمەو خواستەکانی ...

ئیتر بەو ئومێدەم کەرووی خۆر بە بێژینگ ئەگرن‌و چونکە هونەرمەندگەر ڕاستگۆ نەبێ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ نابێ لەگەڵ ئومەڵ‌و عەشقی شانۆی کوردی ...

ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان ((پاشماوە))

ئەنجومەندا چاوم بە کاك علی ابراهیم درویشی ، نوێنەری سلێمانی کەوتو، دەربارەی ئەوی پێویستە لەسەر ئەنجومەنی یاسادان دەربارەی ڕۆشنبیری‌ی کوردی بیکات وتی :

– سەرکردایەتی شۆڕش هەمیشە هاندەرو پشتگیری‌کاری هەموو چالاکی‌یەکی هەردوو ئەنجومەن بووە ، لەم ڕووەوە لەو باوەڕەدام کە هەر بڕیارێکی بەجێ کە بەرژەوەندی گەلی کوردمان و تێکڕای گەلی عیراقی تیابێت‌و لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە دەرچێ سەرکردایەتی شۆڕش باوەشی بۆ دەکاتەوە ، من لێرەدا لەم بارەیەوە چەند پێشنیارێکم هەیە وەکو :

١ – هەوڵدان بۆ ئەوەی لەهەوڵێر ڕۆژنامەیەکی – ڕۆژانە – دەرچێ ، یان « هاوکاری » بکرێتە ڕۆژانە . لەو بڕوایەدام لەم باروزروفەی ئێستادا زیاتر لەهەموو وەختێ پێویستیمان بەم ڕۆژنامە ڕۆژانەیە هەیە، بۆ ئەوەی بێتە ئاوێنەی ئاوات‌و خواستەکانی گەل هەموو ڕۆژی دەنگوباس‌و هەواڵی جەنگی ڕەوای وڵاتەکەمان دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خومەینی بڵاوبکاتەوە ، جگە لە نووسینە هەمەجۆرە ڕۆشنبیری‌یەکان .

٢ – ئیستگەیەکی ڕادیۆ لە هەوڵێر بەناوی (دەنگی ئۆتۆنۆمی کوردستانی(عیراق) بکرێتەوە . ئەویش لەم ڕۆژەدا هەر زۆر پێویستە ، بەتایبەتی لەباروزروفی جەنگدا دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران .

٣ – گۆڤارێك بۆ منداڵانی کورد .

● **کاك کەمال توفیق نادر – سلێمانی ، دەربارەی سیاسەتی تەماع‌کارانەو ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمەکەی خومەینی وتی :**

– بێگومان لەو ڕۆژەوە کە خومەینی هاتە سەر شانۆی سیاسەت لەئێراندا ، بۆهەموو لایەك دەرکەوت کە ڕژێمی نوێ لەغەیری سیاسەتی شەڕفرۆشتن‌و تاوانکاری‌و داگیرکردنی زەوی‌وزاری خەڵکی‌ترو ، بەتایبەتی هی وڵاتەکەمان هیچی تری لەمێشکدا نیەو، ئەم ڕەوشتەیان چەند جارێك بەکردەوە چەسپاند وەکو ناردنی پیاوخراپ‌و دەستخستنە کاروباری ناو وڵاتەکەمانەوە وەکو تاوانەکانی دانشگای مستنصریە ، جگە لەمەش ڕژێمی ناوبراو کە لەسەر بناغەی بیرێکی ڕەگەزپەرستانەی دواکەوتوو دامەزراوە هێرشێکی ناڕەوای بردە سەر گەلی کوردمان لەکوردستانی ئێران‌و ، شارو دێهاتەکانی ئەو مەلبەندەی بوردومان کردو بەهزارن ژن‌و منداڵ‌و لادی کوردی کوشت هەر لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو دیو داوای مافێکی ڕەوای خۆیان دەکەن .

● **دوایی هەر لەو بابەتەوە کاك ڕووف عبدالکریم حسین بەرزنجی وتی :**

– باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە خومەینی شملی شەڕە ئەوەیە ، کە لەو ڕۆژەوە هاتۆتە سەرحوکم سەعاتێ بەبێ شەڕو شۆڕو تەڵەکەبازی‌و پێلانانەوە دانەنیشتوە ، ئێرانی نوقمی خوێن کرد ، دڕندانەترین هێرشی کردە سەر خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران ، بەوەشەوە نەوەستا ئینجا کەوتە هێرش بردنە سەر وڵاتەکەمان‌و ، بەتەگبیری مامۆستاکانی کە ئیمپریالیزم‌و زایونیزمە کەوتە بڵاوکردنەوەی بیروڕای بڕوبووچی تایەفەگەری. .. خومەینی دەیەوێ وڵاتە پێشکەوتنخوازەکەی ئێمەش نوقمی خوێن بکات ، بەڵام ئەم عیراقە بەسەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین هەرگیز بەزین‌و نووچدان بەخۆیەوە نابینێ .

● **ئینجا کاك مهدی ملاعلی – چەمچەماڵ ، دەربارەی ئامادەی خەڵکی ناوچەکەی بۆ بەشداری‌کردن لەجەنگی ڕەوای گەلەکەماندا دژی ڕژێمی خومەینی وتی :**

– دانیشتوانی ناوچەکەمان هەمیشە ئامادەن بۆ بەشداربوون لەجەنگی پیرۆزی قادسیەی صدام‌دا، چونکە هەر لەم ڕێگایەوە وڵات لە پەلاماری دوژمنان‌و کۆنەپەرستان دەپارێزرێ ، خەڵکی چەمچەماڵ سەربازی بەوەفای پاراستنی عیراقی خۆشەویستن بە سەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر کاك صدام حسین .

● **دوایی چاومان بەکاك دڵسۆز محمود فهمی کەوت‌و دەربارەی بەگژاچوونی نەخشە وێرانکاری‌یەکانی ڕژێمی ڕەشی خومەینی وتی :**

– گەلی کوردمان لەکوردستانی عیراق ، لەسەنگەری پێشەوەی جەنگدایە دژی نەو شەڕفرۆشانەی ویستیان دەستدێژی بکەنە سەر وڵاتەکەمان ، خومەینی خەیاڵی خاوە بتوانێ بەرامبەر تفەنگی دوو برای کوردو عەرەب‌و گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران‌و ، بەتایبەتی گەلی کوردمان لەودیو ڕاوەستێ .

● **هەروەها لە سەردانەکەماندا بۆ بارەگای ئەنجومەنی یاسادانان چاومان بە کاك صالح علی عبدالرحمن – دهۆك – کەوت ئەویش دەربارەی باروزروفی جەنگ‌و خۆبەختکردنی ڕۆڵەکانی گەل بۆپاراستنی کەرامەتی نیشتمان وتی :**

– ئەم جەنگە پیرۆزەمان – جەنگی قادسیەی صدام – زۆر هەڵوێستی بۆروون کردینەوەو زۆر ڕاستی‌ی بۆ دەرخستین . . بۆ نموونە دەبینین هەر لەیەکەم دەستپێ‌کردنی جەنگەوە هەموو دۆڵەکانی گەل ڕابەڕین‌و داوای بەشداری‌کردنیان کرد لە پاراستنی کەرامەتی نیشتمان، سوپای میللی‌و هەموو کرێکاران‌و جوتیاران‌و هەموو دڵسۆزان هەر لە سەرووی زاخۆوە تاوەکو خوارووی فاو ئامادەبی خۆیان پیشان‌دا بۆ چەك‌هەڵگرتن ، کچانی ئامێدی‌و زاخۆ لەگەڵ براکانیاندا چەکیان هەڵگرت‌و ئەمڕۆ (١٧) هەزار جوتیار لەدهۆك چاوەڕێ‌ی ئیشارەتی سەرکردایەتین تاوەکو لەریزەکانی سوپای میللی‌دا خویان بگەیەننە بەرەکانی شەڕ ، سەرکەوتنمان بەسەر ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێراندا شتێکە گومانی تیا نیە ، بادوژمن لە ئێمە زۆر تر بێ لە ئەگەر دانیشتواندا با سوپاکەی پێنجەم سوپای دونیا بێ ، ئەمڕۆ هەزاران جەنگاوەری سوپای میللی ناوچەی کوردستان هەروەکو سەرۆکی پێشەوا کاك صدام حسین ڕای‌گەیاند لە بەرەکانی جەنگدا قارەمانانە پارێزگاری لە شەرەف‌و کەرامەتی نیشتمان دەکەن .. ئەمەش شایانی سەربەرزی‌و شانازی‌یە بۆ هەموو خەڵکی ئەم ناوچەیە.

دوو ڕۆژنامە ((پاشماوە))

ڕۆژنامەکەوە ووتوویەتی ئەمریکایی‌یەکان لەگەڵ (ئسرائیل)دا سەبارەت ئەنجامێك ڕێك کەوتوون کە ئەوەیە عیراقی‌یەکان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن دەزگا ئەتۆمی‌یەکە بۆ مەبەستی سەربایی بەکاربهێنن .. لە چەند پێك‌گەیشتنێکی دوای ئەوەدا بڕیاریان داوە لە کۆکردنەوەی زانیاری‌ی تەواوەتی‌دا هاریکاری‌بکەن .

هەر لەم بارەشەوە ڕۆژنامەی (هائارتز) کە لە تەلئەبیب دەردەچێ ووتوویەتی بڕیاری بۆردمان‌کردنی دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراق بەو جۆرە دراوە کە پشت بە چەند زانیاری‌یەکی نهێنی بەستراوە کە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەشی‌کردوون .

ڕۆژنامەکە ووتوویەتی بە گوێرەی بۆچوونی مەناحیم بیگن ئەو زانیاری‌یانە زۆر گرنگ بوون .

خستنە خوارەوەی((پاشماوە))

ڕاکێشاوە کە شێخ سالم الصباح وەزیری بەرگری‌ی کوێت نەیویست هیچ قسەیەك لەبارەی ئەم زانیاریانەوە بکات .. تەنیا ووتوویەتی « چەند فرۆکەیەکی ئێران هێرشیان هێناوەتە سەر سنوورمان‌و ئێمەیش زانیمان چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەین‌و ناچارمان کردن بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوون » .

ئا.د.ع

ئێران ((پاشماوە))

ئەنجومەنی شوورای فارس دا دەنگیان بۆ ئەوە دا لە مەسەلەی شایستە نەبوونی بەنی صەدر بۆ سەرۆکایەتی‌ی ڕژێم بکۆڵێتەوە ئەویش لە ماوەی شەوو ڕۆژێك‌دا داوایش لە نوێنەرەکان کراوە چوارشەممە ئامادەین تاکوو لەو کۆبوونەوەدا لە چارەنووسی بەنی صەدر بکۆڵنەوە .

هەر لەم بارەیەوە ئاژانسەکە ووتوویەتی دە سەعات مۆڵەت بەبەنی صەدر دراوە تاکوو لە ئەنجومەنی شوورادا ئامادەبێت‌و بەرگری لە خۆی بکات .

بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی ڕژێمی فارس بە ئاژانسەکەی ڕاگەیاندووە کە نازانێت بەنی صەدر لەو لێکۆڵینەوەدا ئامادە دەبێت یان نا .

لە هەمان بارەوە ئاژانسی ڕۆیتەر ووتوویەتی کە سەرۆکی ڕژێمی فارس ئەوەی ڕەتکردووەتەوە داوای لێبوردن بکات سەبارەت کاروبارەکانی بەو مەرجانەی کە خومەینی داینناون تاکوو بە سەرۆکی ڕژێم بمێنێتەوە .

بەنی صەدر لە نامەیەکدا کە بۆ خومەینی‌ی ناردووە ووتوویەتی (لەو باوەڕەدام ڕەفتارکردنت لەگەڵم دا دادپەروەرانە نی‌یەو ، هیچ بیرێکی خراپم بە دڵدا نەهاتووە بەرانبەرت یان بەرانبەر بە وولات بەڵکوو بە دڵسۆزی کارم کردووە) .

لەلایەکی تریشەوە قسەکەرێك بە زمانی سەرۆکی ڕژێمەوە ووتوویەتی ڕۆژی دووشەممە نارنجۆکێك لە بنکەی دانیشتنی بەنی صەدر لە تاران‌دا تەقیوەتەوە . قسەکەرەکە ووتوویەتی بەنی صەدر تووشی هیچ زیانێك نەبووەو هیچ کەسێکیش لە دەستو پێوەندەکانی بریندار نەبوون.

قیرتاوکردنی ((پاشماوە))

مەیدانە گشتی‌یەکانی هاوینەهەواری سەرچناری کرد کە لە لایەن بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری پارێزگاکەوە بەهۆی کاری میللی‌یەوە جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها تەماشای جێبەجێ کردنی کاروباری هەندێك پرۆژەی خزمەتگوزاری‌ی تری کرد کە بەڕێوەبەرێتی‌یەکە جێبەجێیان دەکات‌و ٢٥٠ هەزار دیناریان تێدەچێت لەوانەیش بینایەی بەڕێوەبەرێتی کارو باخچەیەکی ساوایانی دوازدە پۆلی .

ئەمەو سەریشی لە یەکەمین باخچەی ساوایانی ئەوەکان دا کە لەم دوایی‌یەدا کرایەوەو بەڕێوەبەرێتی‌ی کاری پارێزگاکە بە ڕێگای ئەمیندارێتی‌یەکانەوە تەواوی کردووەو پارەیەکی کەم‌تری تی‌چووە لەوەی بۆی دانراوە کە ١٢٠ هەزار دینارە بەمەیش ١٥ هەزار دیناری گێڕاوەتەوە .

ئا.د.ع

عاشقێکی ترسنۆك ((پاشماوە))

لەکونی دەرگاکەدا دەسوڕا.. کلوشیت لەنهۆمی دووەمەوە خۆی خستەخوارێ ، کەوتە سەر ئەو ڕێگایەی بەپشتی قوتابخانەکەدا دەڕۆیشت!.. بەم جۆرە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ڕێ‌ورێ گەڕایەوە ، لەوە سەرسام بوو کە کەسی لەهۆڵەکەدا نەدیت .

« سیجبرت بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ماڵەکەم ، داوای لێ‌کردم لە گەڵی‌دا بچم تا هاوڕێکەی ڕزگار بکەم ، سەرەڕای بارانو تۆفی ئەو شەوە لەگەڵی‌دا چووم ، گەیشتینە پشتی قوتابخانەکە ، کچەی بەستەزمان لەبن دیوارەبەدا کەوتبوو ، لاقی ڕاستی شکابوو ، کە هەڵمان گرت وورتەی لێوە نەهات ، بەڵام لەڕێگادا چەند وورتەیەکی لێوە هات :

« بەسزای خۆم گەیشتم .. بەڵێ .. ئەمە سزای هەموو کێژێکی پاکە ، کەخۆی دەخاتە داوی گەنجی بەرەڵاوە » .

« لەشارا وامان بڵاوکردەوە کە « کلوشیت » گالیسکە لێ‌ی داوەو خاوەنەکەشی بەخۆی‌و گالیسکەکەیەوە هەڵاتووە ! هەموو خەڵکی باوەڕیان بەم درۆیەمان کرد ، بگرە پۆلیس کەوتنە سۆراخی خاوەن گالیسکە دەستکردەکە !

« دوای ئەوەی کچە لاقی شکا ، بووە خەوشێك بەدرێژایی تەمەن لێ‌ی نەبێتەوە ، سیجبرت چووە خوازبینی .. بەڵام کچە رازی نەبوو .. چونکە دەیزانی سیجبرت تەنیا لەرووی بەزەییەوە داوای دەکات ..بگرە خۆشەویستی لەلای کچە بوو بەقین ، چونکە سیجبرت نەی‌وێرا لەبەردەم مسیو جاربو »دا بڵێ دەیەوێ بیخوازێت ، ویستی کچەکە ببێ بە گاوگەردونی ڕزگار بوونی خۆی .

« لەڕاستیدا «کلوشیت» خۆی کرد بەقوربانی ، تا پاشە ڕۆژی ئەو بپارێزێت ، بگرە شادی ، بەختەوەری ژیانی خۆیشی کرد بە قوربانی ئەو ، بەپاکی، بەتەنیایی مردو بێ ئەوەی کەسێك بۆی بگری‌و بیلاوێنێتەوە .

بروسکەی وان

بارام

● **گەمژەیی‌و ئیلی‌و سەرلێشێواوی ڕەمزە بڵحەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران گەیشتۆتە ڕادەیەك کە لە هەڵپەی بەردەوامبوونی شەڕە ناڕەواکەیاندا دژی وولاتەکەمان‌و ، لەپێناوی وەدەست خستنی ئامێری کۆشتن‌و بڕین‌و سووتاندن ..**

لە هەڵپەی درێژەدان بە ڕشتنی خوێنی ڕۆڵەکانی ئێران لە شەڕێکدا کە ئەنجامە ڕەشەکەی وا لە سەرەتاوە خۆی دەنوێنێ‌و ، سەنگەرەکانی (ئەرتەشە) بەزیوەکەی یەك بە دوای یەك لەژێر پێ‌ی سەربازە جەنگاوەرەکانی عیراقدا دەڕووخێن ، دەڵێین لەو هەڵپەیەیاندا وایان لێهاتووە کە بەتەواوی کوێرایین دایەت‌و ڕەش‌و سپی لە یەك نەکەنەوە ، تووشی گیروگرفتی وای سەیر بین کە لەو بڕوایەداین لە ڕۆژگارێکی ئاوادا سادەترین کەس تووشی نابێ .

بەڵێ ، زۆر بەئاسانی نوێنەرانی ئیمامە درۆزنەکانی ئێران لە ریستورانتی ئوتیلێکی ئەوروپادا لەگەڵ تاقمێ قاچاخچی‌و دەستبەڕی گوایە چەك‌فرۆشدا کۆبوونەوەو ، بەرانبەر مۆرکردنی چەند لاپەڕەیەکی سپی یان ڕەش ! ٥٦ ملیۆن دۆلاریان کاش دەست بە دەست تەسلیم کردن ... گەڕانەوە ئێران‌و چاو لە ئینتیزار ... بەو هیوایەی بایی ئەو پارە مۆڵە چەك‌و جبەخانەیان پێ‌بگات ، مانگ‌و دوو مانگ تێپەڕی‌و نە چەك دیارەو نە....!

نەخێر ئاخوندەکەی قوم عەمامەی دا بەئەرزدا :

بڕۆن بگەڕێن بەدوای قاچاخچیەکەدا ... گەڕان بەدوایدا دۆزیانەوە ، پێیان دەڵێ من هەقم بەسەرەوە نیە پارەکەم داوە بە فلانی کۆمپانیا ... نوێنەرانی ئیمام خۆیان دەگەیەننە لای ئەنجومەنی کۆمپانیا ... دەڵێن : بابە ئێمە چەك‌و جبەخانەکەمان بە فیسار کەشتی‌دا بۆ ناردوون ... پیاوەکانی ئیمام دەکەونە سۆراخی کەشتی‌یەکە ... پێیان دەڵێن : ئەم کەشتی‌یە ماوەیەك لەمەوبەر ناوی خۆی گۆڕیوە و فرۆشراوەو نادۆزرێتەوە ...

ئەنجام ... ئیمام‌و پیاوە (زۆر زیرەکەکانی !) هیچ بەدەست مانەوە ..

● ئابەم شان‌و شەپۆرەوە ، بەم مەنتیقە ئیفلیجەوە ، بەم مەنتیقی قاچاخچیانەوە دەیانەوێ گرەو لە عیراقی سەربەرزو سوپای دلێری عیراق‌و مەنتیقی پێشکەوتنخوازانەو هەڵویستی نیشتمان‌پەروەرانەی گەل‌و شۆڕشی سەرکەوتوویی عیراق بەرنەوە ...

تاریکی مانگ لەئیوارەوە دیارەو ، سیاسەتی قاچاخچیتی‌و بازاڕە گومان‌لێکراوەکانی « سیاسەتی وولاتی ئازادیخوازان ، وولاتی صدام حسین بدات !

یاسای پارێزگاکان

لیژنەیەکی تایبەتی مسوودەی یاسای نوێ‌ی پارێزگاکانی تەواوکردوە ئەم قسەیە بەڕێز عبدالفتاح محمد امین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری حوکمی محلی لە کاتی سەردانیدا لە پارێزگای تەئمیم ڕایگەیاند .

هەروەها ووتی مسوودەی یاساکە کە ئێستا لەبەردەست دایەو لە لایەن ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لێ‌دەکۆڵرێتەوە لە کۆنگرەی پارێزگارەکان بۆ دەوڵەمەندکردن‌و شتی تازە خستنە سەر گفتوگۆی لەسەردەکرێت‌و هیوامان وایە لەم ساڵەدا بڕیاری لەسەر بدرێت‌و بکرێت بە یاسا . هەروەها ووتی ..

ئەم یاسایە هەنگاوێکی گەورەیەو حاڵەتێکی پێشکەوتوانەیە لە شێوازی حوکمی محلی‌داو دەسەڵات دانە پارێزگاکان بۆ ڕاپەڕاندنی گەلێ لەو کاروبارانەی کە کۆسپ‌و تەگەرەیان دێتە ڕێگەی جێبەجێ‌کردنیانەوە .

بانگواز

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی هونەرمەندە تەشکیلەکان بانگ دەکات بۆ نەخشەکێشانی بەرگێکی دیاری‌کراوی چوار ڕەنگی بۆ گۆڤاری «ڕۆشنبیری‌نوێ» و باشترین نەخشەی بەرگ سەد دینار پاداشتی دەدرێتێ‌و ئەوەی ئارەزووی بەشداربوون لەم کارەدادەکات با پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان بە تەلەفوون بە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە بکات بۆ زانینی پێویستیەکانی تری ئەم بەرگەو سوپاس .

ئاهەنگی ((پاشماوە))

نووسەرانی ڕۆژنامەکان‌و ئاژانسی دەنگ‌وباسی عیراق‌و سەرۆك‌و مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغداو بەڕێوەبەرانی نووسینگەکانی ڕاگەیاندن لە وەزارەت‌و پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەو ئاژانسەکانی عەرەب‌و بێگانەو ئەو وەفدە ڕۆژنامەنووسی‌یەی ئەڵمانیا کە ئێستا سەر لە دوڵات دەدەن .

لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی‌ی عیراق‌و ڕۆژنامەنووسان‌و وێنەگرەکان‌دا دابەش کرا .

هێوشبێکی ((پاشماوە))

بوون .

هەروەها ووتووشیانە چەکدارە چەپڕەوەکان هەینی‌ی ڕابوردوویش هێرشیان بردبووە سەر دەوری‌یەیەکی پۆلیس کە ئێستا سەر لە دوڵات دەدەن .

لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا وەزیری ڕۆژنامەنووسی‌یەی ئەڵمانیا کە ئێستا سەر لە دوڵات دەدەن ، لەگەڵ ئەو کارمەندانەی کە ئەو وەفدە

عیراقی سەربەرز

● جیهانی ئازاد یخواز . . . هەموو بە یەك دەنگ، بەیەك باوەڕ ... لەگەل عیراقدان دژی دەستدرێژی نارەوای زایۆنیەکان.. لەگەل عیراقدا ... لەپێناوی بنیاتنانی پاشە ڕۆژی بەختەوەرو سەربەرزدا بۆخۆیو بۆ هەموو خێرخوازێك ..

● بەم جۆرە ، عیراقی سەربەرز ، عیراقی کوردو عەرەب ... عیراقی صدام حسین ... جارێکیتر دوویاتی کردەوە ، سەربەرزو . . ئازاو دلێرەو ڕێڕەوی تیشك دەری سەربەستیو ئازادیە بۆ خۆیو بۆ هەموو ئازادیخوازێکی شەرەفمەند .. بۆیە زایۆنیەکان . .ئی دەترسن . . بۆیە کۆنەپەرستەکان چاویان بەرایینایەت ببینن . . باسی ببیستن .. بۆیە خۆفرۆشەکان بوون بە داردەستی بێگانە بۆ ئەوەی دژی عیراق پیلان بگێڕن... بۆیە فارسە رەگەز پەرستەکان شەڕی ڕێدەفرۆشن . . بەلام .. عیراق .. هەر سەری بەرز دەبێت .. عیراق نوچ نادات بۆ هیزە شەڕ خوازەکان . . . عیراق هەر تیشکی رووناك دەبێت ... چقلی چاوی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستو خۆفرۆشەکانو پیلانگێڕان دەبێتو بۆ پێشەوە دەڕوات و ناگەڕێتەوە ..

هونەرمەند
مدحت و.. رەنگی رەش و.. ئاسۆی رووناك ..

لەم دوایەدا ، بزوتنەوەی هونەری تەشکیلی ، لە ناو هونەرمەندانی کوردا . مەودایەکی باشی پێشکەوتنی وەرگرتوەو ئەم هونەرمەندانە ، بە بەرهەمەکانیان توانیان ئەو کەلینە پڕ بکەنەوە کە لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیریو هونەریماندا هەبوو .

ـ کاك مدحت محمد علی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەهەستێکی تایبەتیەوە سەیری شت دەکەن دەربارەی یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی لە جیهانی هونەریدا دەڵێ :ـ

ئەوەی بیرم لێ نەکردبێتەوە وێنە کێشان بوو تا چەند مانگێك پێش ئەوەی بچمە ئاموژگای هونەرە جوانەکان ، یەکێ لە دیمەنە جوانەکانی کوردستان جۆرە هەستێکی پێبەخشیم کە هەر حەزم دەکرد لەو کاتەدا دەست بە وێنە کێشان بکەم . پاشان چوومە ئاموژگای هونەرە جوانەکان ، وەك مرۆڤێکی برسی کە لە زووەوە خواردنی نەدیبێت شەوو ڕۆژ هەر خەریکی وێنە کێشان بووم ، وام دەزانی لە دەستم دەردەچێ جلو بەرگو مالم بوو بەرەنگ ، بەلام ئەو کاتەم پێخوش بوو چونکە هەستم کرد خۆم دۆزیوەتەوە

ـ کاك مەدحەت ئەوەی کە دەیزانین یەکەم جار لەسەر نەختە دەستپێکرد، بەلام چۆن بوو کە رەنگی رەشت بۆ هەموو تابلۆکانت هەڵبژارد ؟

ـ هەموو تابلۆیەکم لەسەر تەختە هەڵدەکۆڵم ئینجا لەسەر کاغەز چاپی دەکەم، رەنگی رەشیش بەو چەمکە ئاسایی‌یە کە زۆر کەس لێی دەترسنو بە شووم دایدەنین بەڵکو هەموو رەنگەکان لە رەشدا دەبینمو بە رەنگێکی سەرەکی دایدەنیمو ئەو رەختانەی بەڵکو هەموو رەنگەکان لە رەشدا بیەڵێنم . وەوابزانم هەتا ئەشەکان کە جلو بەرگی رەشیان هەڵبژارد وەك بەرگێکی ئاینی . ئەوەوە ئەهاتووە کە کۆلە تەرکی دنیایان کردوە بەڵکو رەش جۆرە وەقارێكو ئیحترامێك بە مرۆڤ دەبەخشێت .

ـ پاشە ڕۆژی هونەرمەندی کورد چۆن دەبینی ، بەتایبەت لە هونەری گرافیکدا کە شتێکی تازەیە بە نسبەت هونەرمەندی کوردەوە ؟

ـ ئەوەی راستی بێت ئەم جۆرە هونەرە لە هەموو عیراقدا هەر تازەیەو تا سالی ١٩٧٤ لە ئاموژگاکانی عیراقدا نەدەخوێندرا ، بەلام بەنسبەت هونەرمەندی کوردەوە توانیویەتی پلەیەکی باش بڕێتو وا بزانم چەند هونەرمەندێکی لاو هەن کە لە سەر دەستی ئەواندا بناغەیەکی پتەو بۆ ئەم هونەرە دادەمزرێت .

ـ بیرو رات بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە ئیشە پێشوەکانی خۆیان ، یان چەند قۆناغێکی دیاری‌کراودا هەڵدەگەڕێنەوە چی‌یە ؟

ـ من بەش بە حالی خۆم شانازی بە هەموو شتێك دەکەم لە هەوەڵ تابلوە وێنەم کێشا بیت هەتا ئەو لایەڕانەش کە پڕۆفەم لەسەر دەکردنو فرێم دەدان چونکە ئەگەر ئەوانە نەبونایە من نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستامو دەبێ ئەوەیش بزانین کە ژیانی هونەرمەند وەك ئاوێکی لێل وایە کە تۆزە تۆزە ڕوون دەبێتەوە. ئەویش ڕۆژ بە ڕۆژ تابلۆکانی ڕوون‌تر دەبێتەوەو زیاتر قوڵو پر مانا دەبێ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بشت لە کارەکانی پێشووی بکات .

ـ دوا پێشانگای هونەرمەندو چەند تێ‌تێپنیەك ـ

وا دەردەکەوێ کاك مەدحەت نزیك بوونەوەیەکی زۆر تایبەتی هەیە لەگەل کارە جۆر بە جورە میللەکانی عیراقو چونە دەرەوەی بۆ ئەسپانیا ژیانی وولاتەکەی خۆی لە بیر نەبردوەتەوە بەتایبەتی ژیانی کوردەواری‌و هەر وەك هونەرمەند شاکی حسن دەڵێ : «تابلۆکانی ئەم پێشانگایە جۆرە جەدەلی‌یەتێکی دروست کردوە لە نێوان دەربڕینی شارستانێتی‌و دەربڕینی کۆمەڵایەتیدا » .

ـ ئەگەر بێت‌و یەکە یەکە سەیری تابلۆکانی بکەین دەبینین هەموویان سەرنج ڕاکێشن‌و مرۆڤیش دەخەنە سەر ڕێگای بیرکردنەوەیەکی قووڵ . بیرکردنەوە لە واتای مرۆڤ‌و مرۆڤایەتی‌و ژیان‌و مردن ، بە کورتی جۆرە تەسەوفێکی تێدا بەدی دەکەین . ئەگەر بش بێتە سەر مەسەلەی شێواز هەندێ جار بە شێوازێکی ئاسان وەك وێنە کێشانی منداڵ دێتە بەر چاومان‌و هەندێ جاریش کە زۆر لێی ورد ببینەوە وا دەزانین تابلوکان قسەمان لەگەل دەکەن‌و فەلسەفەی ئەم جیهانەمان بۆ دەگێڕنەوە . هەموو شتێکمان بێ دەڵێن‌و هیچیشمان پێ ناڵێن ئەمانەو زۆر شتی تر بەتایبەتی لە تابلوی (هاوار)دا بەدی دەکرێت .

هەڵبژاردنی رەنگی رەش لە لایەن هونەرمەندوە لە سادەییەوە نەهاتووە . بەڵکو لەلای هونەرمەند زۆر شت دەگەیەنێت . لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتنی هەمیشەیی بۆ کاك مەدحەتی هونەرمەند دەکەین .

ـ هونەرمەند لە چەند دێرێکدا ـ

مدحة محمد علی کاکەیی لە سالی سالی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوك لە دایك بووە .

ـ لە سالی ١٩٧١ ـ ١٩٧٦ دا لە ئاموژگای هونەرە جوانەکانی بەغدا خوێندنی تەواو کردوە .

ـ چەند ساڵێك لە ئاموژگای هونەرە جوانەکانی (سان‌فرناندو) لە ئەسپانیا خوێندویەتی .

ـ یەکەم پێشانگای تایبەتی لە سالی ١٩٧٤دا لە بەغدا کردوەتەوە .

ـ پێشانگایەکی تایبەتی لە سالی ١٩٧٧دا لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری عیراقی لە مەدرید لە ئەسپانیادا کردوە .

ـ لە سالی ١٩٧٨دا لە پێشانگایەکی دوو قۆڵی لە مۆزەخانەی (البشنی) لە ئەسپانیادا بەشداری کردووە .

ـ لە سالی ١٩٧٩دا لەگەل کۆمەڵە قوتابیە سەرکەوتوەکانی ئاموژگای هونەرە جوانەکانی بەغدا لە پێشانگایەکدا بەشدار بووە.

ـ دوا پێشانگای لە ١٩٨١ـ٦ـ١٨دا لە هۆڵی الرەواق لە بەغدا کرایەوە .

پێنووس و تفەنگ ..
یەك ڕێبازو یەك ئامانج

بەبۆنەی

بیرەوەری ١١٢ سەدو دوانزە ساڵی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە لە عیراقدا

ڕۆژنامەنووسانی عیراق ئاهەنگی یادی سەدو دوانزە ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەیان لەعیراقدا کردەوە . هەرچەندەیش ئەم ئاهەنگە بەنسبەت ڕۆژنامەنووسانی عیراق بەکوردو عەروبەوە شتێکی تەقلیدی بووەو هەموو ساڵێك کراوە. بەلام ئاهەنگی ئەمساڵە لەئاهەنگەکانی جاری جاران جیاوازی‌یەکی گەورەی هەبوو .. چونکە لەکاتێکدا کە گەلەکەمان بەهەموو توێژاڵەکانی‌یەوە لەگەرمەی سەرکەوتنەکانی جەنگی قادسیەی صدام دەژین ، ئەوا ڕۆژنامە نووسان لەخۆشی‌یەکی تردا دەژین چونکە توانیان لە بارەی ئەم جەنگەوە هەگەناوێکی گەورە بە ڕۆژنامەنووسی عیراقی بنێن‌و ووتەکەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین (تفەنگ وقەلەم یەك لوولەن) جێ‌بەجێ‌بکەن‌و لەناو جەرگەی شەڕەوە بەوێنەو نووسین هەموو شتێك بەزیندوویی بەخەڵك بگەیەنن .

ئەم بەشداری کردنەی ڕۆژنامە نووسی عیراق لەم جەنگەماندا دژی فارسە ڕەگەزپەرستەکان‌و گرتنی لەلایەنی گەل ، شتێکی تازەو سەیر نی‌یە ، چونکە ئەگەر بێتوو بەڕۆژنامەکانی عیراق بچینەوە ، هەرلەیەکم ڕۆژنامەیەوە تاوەکو ئێستایش هەر ئەو دەورەی بینیوەو هەمیشە پشتی ئامانج‌و ئاواتەکانی گەلی گرتووەو قەت نەبووە پشتی تێ‌بکات .

ڕۆژنامە نووسی کوردیش هەر وەکو ڕۆژنامە نووسی عەرەبی ، هەمیشە ئەو دەورەی بینیوەو بەپێی توانای لە بەرگری‌کردن لە مافی عیراق بەگشتی‌و مافی گەلی کوردمان بە تایبەتی درێغی نەکردوە .

دوای شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی ئەمر ، ڕۆژنامەنووسی عیراقی لەسایەی یارمەتی‌یەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشدا گەلێ سەرکەوتن‌و ئامانجی گەورەی وەدەست هێنا گەورەترینیان یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان بوو کە سەردەمێکی زۆر دوورو درێژ ڕۆژنامەنووسانی عیراق هەوڵیان بۆدەداو بە ئاواتی ئەوەوە بڕوون بهێننەدی . بێجگە لەم دەسکەوتەیش گەلێ شتی تر بۆ ڕۆژنامەنووسی عیراق کراو لە شێوازە کۆنەکەی رزگاری بووو کەوتە هەنگاونان بەرەو پێشەوە ، بە جۆرێکی زیاتر لە دوای ئەوەی کە هەموو ئامێرێکی تازەو نوێی بۆ دەستەبەرکران .

هەزار سلاو لە گیانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسی عیراق بێت کە بە خوێنە گەشەکەیان لە پێناوی حەقیقەت گەیاندن بە خەڵك خوێنی خۆیان ڕشت‌و سلاو لە ووشەی پیرۆزو لە پیشەی هیلاکی‌و شەکەتی‌و پڕ لە خۆشی .

چیرۆك بۆمنداڵان

شەکە سوور

جەزا عەلی ئەمین
کردوویەتی بە کوردی

گورگ هەر ڕۆژە نا ڕۆژێ خۆی بە ناو مەڕەکانی ئاوەدانیدا دەکردو مەڕێکی ڕەڵەو یان بەرخۆڵەیەکی دووگ بانی دەبردو وون دەبوو .. شەکە سوور بە مەڕەکانی ووت :

ـ مەڕینە ! ئەگەر ئەو گورگە چارە نەگەین ساڵێکی دی باعەمان لێ دەبڕێ ؟

مەڕەکان ووتیان :

ـ جا ئێمە لەگەل گورگدا چیمان پێ دەکرێ ؟

شەکە سوور ووتی :

ـ ئێمەش شاخمان هەن .. ئەگەر هەر چاوەکانی کویر کەین بۆ ئێمە زۆرەو رزگارمان دەبێ ..

مەڕەکان بوون بە دوو کۆمەڵەوە .. کۆمەڵێکیان لەگەل شەکە سوور ڕێك کەوتن .. ئەوانی دیکەش ووتیان :

ـ جارێ ئێمە نەخوراوین ئیتر شەڕە قۆچی چیمانە ..

شەکە سوور قۆچەکانی شاخدا دەهێنا تا تیژ بن مەرەکانی دیکە . . سەیری شەکە سووریان دەکرد .. وەك ئەویان دەکرد لە ڕێگا شەکە سوور قۆچەکانی لە دڕکەکان دەدان‌و دەی بڕین.

ـ گورگ لە ڕانە مەڕەکە نزیك بۆوەوە شەکە سوور چوو لە پێشی ڕاوەستاو بە تووڕەییەوە بێ ووت :

ـ مەڕێکت خوارد دەنگمان نەکرد .. بەرخێکت دزی شکاتمان لێ نەکردی.. با بەس ین .. ناهێڵم نزیك بینەوە ..

گورگەکە بە شەکە سووری ووت :

ـ من بۆ خواردنی تۆ نەهاتووم .. ئەم بەرخە بەڵەکە دەبینی .. حەزم لە گۆشتەکەیەتی .

شەکە سوور ووتی :

ـ سەری خۆت مەیەشێنە .. نزیك مەبەوە تۆ دەتەوێ بەو بیانوانە هەموومان بخۆی .. ئیمڕۆ نۆرەی ئەوە سبەینێ دەگاتە منیش ..

لەو کاتەدا مەڕەکانی هاوڕێی لە پشتەوە بوون‌و بە ئەسپایی بە شەکە سووریان دەوت :

ـ دەی تووڕەی کە با بێتە پێشێ ..

گورگ هاتە نزیکەوەو بە شەکە سووری ووت .

ـ ئەگەر خۆت لا نەدەی ورگت دە درم !

ئەمەی ووت‌و ویستی بەلاماری شەکە سووریدا.. شەکە سووریش لا بەلا قۆچێکی بۆ داوەشاند .. گورگەکە کەوت‌و هەستایەوە ..

مەڕەکان هەڵیان کوتایە سەری .. گورگەکە بە ورگ دڕاوی لە ناو مەڕەکاندا کەوت‌و مرد .. ئیتر شەکە سووریش بەر دەوام لەپێش ڕانە مەڕەکەوە دەڕوێی‌و بوو بە سەرۆك !

لە دەرەوەی سنوور

داهاتی نوێ تەرمۆمەتری تازە بۆ منداڵان

لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ڕۆژ ئاوادا ئێستا ترمۆمەتری جیاوە بە ئامێرێکی نوێ‌و ئاسان گۆڕراوە بۆ گرتن‌و زانینی گەرمایی منداڵ .. ئەم ئامێرە لە شوشە دروست کراوەو بە شێوەی خەڕ ساز کراوەو دەلکێنرێتە ناوچەوانی منداڵەوە پاشی سی چرکە پلەی گەرمایی پیشان دەدات ، هەروەها ئەوەی شایەنی باسیشە ئەم ئامێرە سادەیە دەتوانرێ لەسەر ناوچەوان بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە کەوا پزیشك بە ئاسانی دەتوانێ چاودێری پلەی گەرمایی منداڵی نەخۆش بکات‌و بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك بزانێت بە بێ ئەوەی بێتە هۆی بێزار بوونی منداڵەکە

ترسناکی مشك !!

لەم دوایی‌یەدا لیکۆڵینەوە پزیشکی‌یەکان دووپاتی مەترسی قرتینەرەکانیان کردەوە دژی تەندروستی مرۆڤ هەروەها ئەوەوە دووپات کراوەتەوە کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی تۆکسو بلازما بۆ مرۆڤ کە دوای گواستنەوەی لە شانەی دەمارەکان‌و چاوو لووی امفاوی‌دا دەژیت .

ئەمەو لێکۆڵینەوە جیهانی‌یەکان دووپاتیان کردەووەتەوە کەوا لە ٣٠٪ی دایکە سك پڕەکان تووشی بوون کە لەوانەیە منداڵی سەقەت‌و شێتیان بێت .

ووتراویشە توگو بلازما بە یەکێك لە نەخۆش‌یە پڕ مەترسی‌یەکان دەژمێردرێت کە قرتینەرەکان بە تایبەتی مشك بۆمرۆڤی دەگوێزێنەوە .

ئەم کچە قوتابیەو زیاتر لە سەرکەوتنێك

لەم تاقی‌کردنەوەی ئەمساڵ‌و هەموو ساڵانی تر، چەندەها قوتابی ڕوو دەکەنە هۆڵی تاقی‌کردنەوەو بەو نیازەی ئەنجامێکی چاك وەرگرن‌و لە هاوینەدا بحەسێنەوە .. بەلام گەلێ قوتابی لە ئەنجامی زیرەکی‌و بەهرەی خۆیان ، پێش تاقی‌کردنەوە دەبوردرێن‌و ئەمەش سەرکەوتنێکی مەزنە .. ئەم کچە بە بەهرە کە « پەیمان »ی ناوە ، ئەمساڵ‌و هەموو ساڵەکانی تەمەنی خۆی هەمیشە هەر یەکەم بووەو زیاتر لە سەرکەوتنێکی بە دەست هێناوە ..

لە وەڵامی پرسیارەکانی « هاوکاری » ووتی :

لە ئەنجامی ئەوەدا کە زۆر بە هێوام وەکو ئەمساڵ‌و هەموو ساڵانی ترو ئەندامێکی بە کەڵك بۆ کۆمەڵ ، هەوڵم داوە هەر لە سەرەتای خوێندنەوە ، بتوانم سەرکەوتن بە دەست بهێنم‌و خزمەتێکی کۆمەڵ بکەم ، ئەوە بوو هەر لە پۆلی یەکەمەوە تا ئێستا کە پۆلی پێنجەمی زانستیم هەمیشە هەر یەکەم بووم‌و بڕیارێشم داوە هەتا سەر بەم شێوەیە بمێنمەوە .

گۆڵێك ناوی ژیانە

گەلێ منالانی دلناسك‌و ڕوو خۆش هەن ، بە قەد ناسکی خۆیان ، خەونی گەشیان هەیەو ترۆسکەی باشە ڕۆژێکی ڕوون لە چاویان دیارەو خەونی ئەم منالە ئیسك سووکانە گەلێ جار دەبێتە مۆژدەی دووا ڕۆژ ..

هەر وەکو ئەم گوڵە شیرینە کە « ژیان »ی ناوەو زیاتر لە ئارەزوویەکی هەیەو بە ئاواتیشەوەیە بگات بە هەمووان .. لە ریزی قوتابیەکانی تردا ، بە چوست‌و چالاك‌و خوێن شیرین ناو دەبرێ‌و هەر کە چۆتە قوتابخانە وەك خۆی دەڵێ پەنجەرەی ژیانێکی نوێی بۆ کراوەتەوە. بەلام نازانم ژیان خان خۆی چ دەڵێ ؟

× ئەمساڵ وا خەریکە تەواو ، ئیتر لە مەو دووا دەست دەکەم بە تەماشا کردنی گۆڤاری منداڵان‌و

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

هاوکاری
التضامن

شەڤامی الخلافاو
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

بڕیاری میژوویمان دا بۆ گێڕانەوەی دەستەلاتی تەواومان لەسەر خاکوئاوەکەمان و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێن بەربەستی ئەم بڕیارە میژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل سەرای

بەیانی شەممە ٢٥ی حوزەیران ١٩٨١ ژمارە ٥٩٣

الخمیس ٢٥ حزیران ١٩٨١ العدد ٥٩٣

ووتەیەکی گرنگی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا

بنەڕەتی سەرمایە و لەمەوو بنیاتی بەرزمان مرۆڤی عیراقیە

هەرچەندە هەڵپەی دوژمنان پەرەبسێنێت عیراقییەکان پتر دەست بەتاقی کردنەوەکەیانەوە دەگرن و تارادەی شەهید بوون بەرگری لێ دەکەن

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ووتی مرۆڤایەتی ی نازاد لەکارتێکردنە نیازخراپەکان وای لێ هاتووە دەرك بەوە کات کە قەوارەی زایۆنی حاڵەتێکی بەستەزمان نییە بەدووی ئاشتیدا بگەڕێت بەڵکوو حاڵەتێکی داگوتراوە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیازی بنەڕەتی ئەوەیە نەهێڵێت نەتەوەی عەرەب پەرەبسێنێت و پێش بکەوێت و لەڕادەیەکی مرۆڤایەتی ی شایان بەخۆیەوە بژێت .

هەروەها سەرۆکی فەرمانده لە ووتەیەکی گرنگدا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا سەرلەبەیانی سێشەمەی ڕابوردوو ووتی ئەمەیە داوامان لێ کراوە ڕوونی بکەینەوە و لە ڕوون کردنەوەیدا بەردەوام بین بە شێوەیەکی زۆر فراوان چونکە قەوارەی زایۆنی لەوانەیە دەستدرێژی بکەی پێشووی بۆ سەر نەتەوەی عەرەب بە چەند شێوەیەك لێك دەداتەوە بەڵام دەستدرێژی ئەم دوایی یە بە باوەڕی من لە توانایدا نییە شی کردنەوەیەکی قایلکەرانە بە مرۆڤایەتی بدات ..

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده ووتی لە سەرمانە ئەم دەستدرێژی یە بکەینە دەرسی قووڵتر لە ئەنجامەکانیدا لە لەدەستدانی ئەتقەیەکی گرنگی پەرەسەندنی زانستی و تەقەنیمان .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده دووپاتی کردەوە زایۆنی لە نارنجۆکی ئەتۆمی ی عیراق ناترسن وەك سەرۆکی ئەو ڕێگرانەی لە « ئەل ئەیب »دایە دەڵێت . بەڵکوو لە پەرەسەندنی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ی هاوسەنگ و چەسپاو دەترسن کە بەڕاستی ڕوو دەکاتە ئامانجەکانی لە بنیاتنانی عیراقێکی نوێدا لە پاڵەی بنەڕەتی دا .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ووتی دەبێت بێگن و غەیری بێگن بە ڕوونی دەرەك بەوە بکەن کە ئەو لێدانانەی بۆ ی

بڕوانە ل : ٧

لە بیرەوەری کردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی و یادی شۆڕشی بیستی مەزندا

کاروانی پشت بەستوو بەسەرکردەوگەلە

لە ٣٠-٦-١٩٨٠دا ، سەرۆکی فەرماندەو رابەری کاروانی شۆڕش صدام حسین ، یەکەم کۆبوونەوەی ، یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانی ی کردەوە ، دوایی ئەوەی ئەم ئەنجومەنە لە سەرکەوتووترین تاقی کردنەوەی دیموکراتیانەدا و بە سەربەستی تەواو لە لایەن تێکڕایی گەلی عیراقەوە هەڵبژێردرا ، سەرۆکی فەرمانده ، لەو ووتارەمێژوویەدا کە لەکردنەوەی ئەنجوومەندا ڕای گەیاند ئەوەی دووپات کردەوە کە کردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ٣٠ی حوزەیراندا ، تەنیا ڕێکەوت نەبوو ، بەڵکوو لەهەڵبژاردنی ئەم ڕۆژەدا ، ئەك ڕۆژێکی ترمەبەست هەیە ، ئەویش سووربوونە لەسەر ئەوەی کردنەوەی لەم ڕۆژە ئازیزەی ژیانی گەلەکەماندا بێت وەك دەستی ڕێز نان لە تێکوشانی بەرزی و ڕابەڕاندنی شۆڕشەکەی لەم ڕۆژە نەمرەداو لەساڵی ١٩٢٠دا .

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەپێی ئەونەخشەیەی سەرکردایەتی ی حزب و شۆڕش داینابوو ، بەڵگەیەکی تری بەوەفایی ئەو سەرکردایەتیە بوو لە بەدی هێنانی بەڵێنەکانیا بۆ گەل ، کە ئەنجوومەنیش کەوتە کار و بەدی هێنانی ئەرکی سەرشانی خۆی ، بۆ ئەوەی وەك نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بەشداری ی کاروانی سەرکەوتووی شۆڕش بکات لە خزمەتی گەل و دامەزراندنی کۆمەڵێکی نوێی پێشکەوتوودا بەمە ، ئاسۆیەکی ڕووناکتر لە بەردەم کاروانداا کرایەوە کە لە ١٧ - ٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨وە بەردەوام بەرەو سەرکەوتنی مەزنی یەك لە شوێن یەك تردا دەروات .

هەڵبژاردنی ڕۆژی ٣٠ حوزەیرانیش بۆ کردنەوەی ئەنجوومەن ، مەزنی ی ئەومێژووە پڕ قوربانی دانە دەردەخات گەلی عیراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیە براکانیەوە لە ساڵی ١٩٢٠وە دەستی پێ کردو بەردەوامی ی ئەوخەباتە تا سەرکەوتنی تەواوەتی لە ١٧ - ٣٠ تەمووزدا بەڵگەی باوەڕپێکراوی گە لە مەزنەکەمانە .

بڕوانە ل : ٧

سەرۆکی فەرماندە صدام حسین چاوی بە بەڕێز عبدالسلام جلود دەکەوێت

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕوکن صدام حسین فەرماندەی گشتی ی هێزە چەکدارەکان پاش نیوەڕۆی سێشەمەی ڕابوردوو چاوی کەوت بە بەڕێز عبدالسلام احمد جلودئەندامی ئەمانەتی گشتی ی کۆنگرەی گشتی ی گەل لە جەماوەری عەرەبی لیبیا .

لەم چاوپێکەوتنەدا لە بارو دۆخی ئێستای عەرەب و گرنگی ی گرد کردنەوەی توانا کانی نەتەوەی عەرەب بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەستدرێژی ی زایۆنی و ئەو مەترسی یانەی هەیە لە دەستەلات و ئاسایش و مافە بنەڕەتی یەکانی نەتەوەی عەرەب دەکەن .

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز طه محی الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار و بەڕێز طارق عزیز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران و بەڕێز طارق حمد العبدالله ئەمینداری نهێنی ی گشتی ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ی شۆڕش و دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە ئامادە بوون.

ئەوەبوو ڕاید عبدالسلام جلود پێرێ نیوەڕۆ بە سەردانێکی کورت گەیشتە بەغداو پاش گفتوگۆکردن بەغدای بەجێ هێشت .

یەکێتی ی پەرلەمانەکانی عەرەب بەبانناەیەك دەردەکات :

پشتگیری ی ئاوی تەرلۆنیتی عیراق

ئەنجوومەنی یەکێتی ی پەرلەمانەکانی عەرەب بەتوندی ناڕەزایی بەرانبەر بە دەستدرێژی یەکەی زایۆنی ی دوژمن بۆسەر دەزگا ئەتۆمی یەکانی عیراق دەربڕیوە و تاوانباری کردووە .

ئەنجوومەنەکە لە بەباننامەی کۆتایی خۆی دا کە بەڕێز سعد قاسم حمودی سەرۆکی لیژنەی دارشتن بۆ لێکۆڵینەوەی دەستدرێژی یە ناڕەواکەی زایۆنی ی ستەمگەر بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانی عیراق دووشەممەی ڕابوردوو خوێندیەوە . داوای لە وڵاتە عەرەبەکان کرد هەموو شێوەیەکی پشتگیری و یارمەتیدان بە عیراق پێشکەش بکەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی شوێنەوارەکانی دەستدرێژی ی زایۆنی و ئیمپریالی ی ئەمریکا تاکوو بتوانێت لە جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکانی ئەتۆمی یەکانی ئاشتی ویستانەیدا بەردەوام بێت بۆ ئەوەی توانای زانستی و تەکنەلۆژیایی پەیدا بکات .

یەکێتی ی پەرلەمانی یەکانی عەرەب هەڵویستی خۆی نوێ کردەوە کە داوای بەردەوامی ی تەقەلادانی ئەو ئەرك و ڕەنجانە دەکات لەپێناوی کۆتایی پێ هێنانی جەنگی نێوان عیراق و ئێران و هاریکاری ی تەواوەتی لەگەڵ لیژنەی کۆششی چاکە خوازی کە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و بزووتنەوەی بێ لایەنی و نەتەوەیەکگرتووەکان دەیدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە کە لەسەر بناغەی ددان پێدانانی ئەو مافانەدا دامەزرابێت کە لە پەیمان و بەڵگەنامەکانیدا هاتووە .

ئەوەبوو سەر لەبەیانی ی دووشەممەی ڕابوردوو کاروباری کۆبوونەوەی ناکساوی ی ئەنجوومەنی یەکێتی ی پەرلەمانەکانی عەرەب دەستی پێ کرد بۆ لێکۆڵینەوەی دەستدرێژی یە دڕندانەکەی زایۆنی ی دوژمن بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی یەکانی عیراق .

بەنی صەدر لەکوێیە ؟!

سەبارەت شوێنی بەنی صەدر سەرۆکی ڕاگردووی ڕژێمی فارس هەر هەواڵێکەو جۆرێك دەڵێت .. ئەوەبوو شەوی دووشەممەی ڕابوردوو هەواڵەکانی قاهیرەی پایتەختی میسر ووتوویانە بەنی صەدر لە ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردووەوە لە قاهیرەدایە .. بەڵام وەزارەتی ڕاگەیاندنی میسر نەیویستووە بە ئایان بە نا ئەم هەواڵانە دووپات بکاتەوە .

تەلەفزیۆنی بریتانیاش بە زمانی ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی یەوە کە لە دەرەوە دەژێت ووتوویەتی بەنی صەدر هێشتاکە لە

بڕوانە ل : ٧

کوشتن و بڕین لە ئێران بەردەوامە

دەستەلاتدارانی ڕژێمی فارس نۆکەی تریان بە تاوانبارکردنی بەشداری کردن لە پێکدادا هەڵپژانێکی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو لە نێوان لایەنگیرانی سەرۆکی ڕژێم بەنی صەدرو لایەنگیرەکانی دوژمنەکانیدا لەسێدارە داوە .

بە مانەوە ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەم هەفتەدا لەلایەن دەستەلاتدارانی ڕژێمی فارسەوە لە سێدارە دراون گەیشتە سی و چوار کەس .

ئەوەبوو ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو پازدە کەس لە سێدارە دران هەروەها ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەشت کەسی تر لە سێدارە دران هەمووشیان بە تاوانی بەشداری کردن لەو پێکداهەڵپژانە تونەو تیژانەی کە شەقامەکانی تاران و شارەکانی تری ئێران بە خۆیانەوەیان دیت لە ئێوان لایەنگیرانی بەنی صەدرو دوژمنانی دا . .

ئێران :

خومەینی ی جادووگەر بەنی صەدر لە سەرکار لادەبات

یەکەمین ئەتقەی زۆرانبازی ی نێوان تاقمەکانی کاتێك خومەینی ی جادووگەر بڕیاری ناوبراو بە ئەنجوومەنی شووری فارسی مۆرکرد کە دەتێت لە لایەنی سیاسی یەوە سەرۆکی ڕژێم ابوالحسن بنی صەدر بۆ سەرکۆماری ناشێت .

ئاژانسی دەنگ و باسی پارس ڕۆژی دووشەممە ووتی خومەینی بڕیاری لەسەر کار لابردنی سەرۆکی ڕژێمی لەپلەی سەرەك کۆماری دەرکردووە لە کاتێکدا پشکنینێکی فراوان دەستی پێ کردووە بۆ دەست بە سەر گرتن و بە

بڕوانە ل : ٧

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەب و بێگانە بایەخ بە سەرکەوتنەکانی هێزە چەکدارەکانی عیراق لە عبادان دەدەن

دەنگ و باسی سەرکەوتنە مەزنەکانی هێزە چەکدارەکانمان کە هەموو ڕۆژێك دژبە فارسە دەستدرێژی کەرەکان وەدەیان دەهێنن لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەب و جیهانەوە بایەخیان پێ دەدرێت .

ڕۆژنامەو ئاژانسەکان دووپاتیان کردووەتەوە کە هێزە چەکدارە باڵەوانەکانمان لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ دەستیان بەسەر دوژمنی فارسدا دەجێتو زیانی زۆرتری گیانی و ماڵی ی لێ دەدەن .

ڕۆژنامەکان بڕگەی درێژ درێژی ئەو بەیاننامەی سەرکردایەتی ی گشتی ی هێزە چەکدارەکانیان بڵاو کردووەتەوە کە ڕۆژی دوشەممە دەری کردووە هەروەها بڕگەی درێژیان لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسی یە بڵاو کردووەتەوە کە سەرکردەی هێزەکانمان کردبووی کە شاری عەبادانیان ئابڵۆقە داوەو تێیدا ڕوونی کردبووەوە چۆن هەوڵە یەك لە دوای یەکەکانی دوژمن سەرکوت کران کە بە پشتگیری ی تۆپخانەو چەکی بەرگری ی تانك بەرەو لای شێخ بدێر - عەبادان کردبوونی .

هەروەها بەنجەیشیان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە هێزەکانی ئێران هەوڵی ئەوەیان دابوو شوێنی خۆیان بەرەبێبدەن ئەوبش بە ناردنی هێزی تر بەڵام خۆڕاگرتنی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

دابەش کردنی دیاری یەکانی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بەسەرخێزانی جووتیارانەدا لە پارێزگای دهۆك

خێزانی جووتیاران لە گوندی دیرەیون و فیشخابووری قەزای سومێلی سەر بە پارێزگای دهۆك دیاری‌یەکانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین‌یان وەرگرت کە بریتی‌یە لە تەلەفزیۆنێك بۆ هەر خێزانێك .

بەڕێز نامق رقیب محمد پارێزگاری دهۆك لە ئاهەنگێك کە بەم بۆنەیەوە لە مەڵبەندی قەزای سومێل‌دا سازدرا دیاری‌یەکانی بەسەر خێزانی جووتیارەکان‌دا دابەش کرد، لەم ئاهەنگەدا هاوڕێ عبدالرحمن محمد علی ئەندامی سەرکردایەتی لقی حزب لە دهۆك و ژمارەیەك لە لێپرسراوە ئیداری و حزبیەکانی پارێزگاکە ئامادەبوون .

ئەو خێزانانەی کە دیاری‌یەکانیان وەرگرت و جەماوەری قەزاکە خۆشەویستی و شانازی و ڕێزی خۆیان بۆ سەرکردەی ڕێڕەوەکەمان پاڵەوانی ڕزگاری نەتەوەیی موهیب روکن صدام حسین دەربڕی لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاسگوزاری‌یاندابۆ بەخششەکەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده و . . پەیمانیان نوێ کردەوە قوربانی و فیداکاری پێشکەش بکەن و خوێنیان لە ڕێگای بەرگری کردن لە سەربەرزی‌ی نیشتمان و سەربلندی‌ی نەتەوە و نەبەردی‌ی نەتەوەد ابێت .

پاش ئەوە بەڕێز پارێزگاری دهۆك سەری لە بنکەی ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست داو لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیان ئەندامانی ڕێکخراوی حزب ولێپرسراوەکانی بەڕێوەبەرانی قەزاکەدا لە هۆیەکانی پەرەپێدانی کاری دەزگاکانی حزبیەکانی پارێزگاکە کۆڵایەوە بە چەشنێك دابینی باشترین خزمەتگزاری بکات بۆ هاوولاتیەکانی قەزاکە .

لە کۆبوونەوەکەدا هاوڕێ عبدالرحمن محمد علی ئەندامی سەرکردایەتی‌ی لقی حزب لە دهۆك و ژمارەیەك لە لێپرسراوانی پارێزگاکە ئامادە بوون .

ئا.د.ع

ڕێنوێنی بۆ ئۆتێل و چێشتخانەکان لە ماوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

دەزگای گشتی‌ی گەشت‌و گوزاری بڕیاری دا ڕێگا بە ئۆتێل و چێشتخانەی گەشت و گوزاری‌یەکانی سەر بە کەرتی تایبەت بە پلەی‌زۆر باش و یەکەم و دووەمیانەوەبدرێت لە ماوەی‌مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لە شاری بەغدا بە ڕۆژ ئیش‌بکەن .

هەروەها دەزگاکە لە چەند ڕێنوێنی‌یەکدا کە دەری کردوون ڕێگای بە چێشتخانەکانی پلەی پێنجەم داوە - بەرزترین ڕادە - کە گەلین و لە دەزگاکەوە ڕێگایان پێ دراوە لە بەغدا ئیش بکەن لە کاتێکدا ڕێگای بە هەموو ئۆتێل و خانەی پشوودان و چێشتخانەکانی سەر بە دەزگای گشتی‌ی گەشت و گوزاردا کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبرین لە هەموو شوێنێکی وولاتدا بە ڕۆژ ئیش بکەن هەروەها هەموو ئۆتێل و چێشخانە و کازینۆکان لە هەموو هاوینە هەوارەکانی باکوور و هەموو چێشتخانە و چاخانە و ئوتیلەکانی ئیستگەکانی ئاسن و فڕۆکەخانەکان و بەندەرەکان کە بە ڕۆژ ئیش بکەن .

ئەم ڕێنوێنی‌یانە دەستەڵاتیان بە هەموو پارێزگاکانی وولات داوە کە دەستەڵاتی ئەوەیان هەبێت ڕێگا بە چێشتخانە و ئوتیلە گەشت و گوزاری‌یەکان بدەن لە ماوەی مانگی ڕەمەزان‌دا ئیش بکەن .

هەروەها لە ڕێنوێنی‌یەکان‌دا هاتووە کە هەموو دوکان و چێشتخانەکانی دەزگا ڕەسمی و نیوە ڕەسمی و کۆمپانیا دەزگا ئەهلی و بازرگانی‌یەکان ببەسترێن و ڕێگا بدرێت کە مەی و بیرە دوو سەعات پاش ڕۆژوو شکاندن بفرۆشرێت لەو شوێنانەی کە لە لایەن لایەنە لێپرسراوەکانەوە ڕێگایان پێ نەدراوە جگە شەوانی ١٧ و ١٩ ، ٢١ ، ٢٧ی ڕەمەزان و کردنەوەی تیاترۆخانە و شوێنی سەماکردنەکان لە کاتژمێری دەونیوی هەموو ئێوارەیەك‌دا بکرێنەوە جگە لە شەوانی ١٧و ١٩و ٢١ و ٢٧ هەروەها نابێت لە شوێنە گەشت و گوزاری‌یەکان‌دا لە شەوانی ناوبراودا مەی و شەراب پێشکەش بکرێت .

دەزگاکە داوای لە چێشتخانەکانی گەشت و گوزاری‌ی پلەی سێیەم و چوارەم کە خواردن پێشکەش دەکەن کردووە کە سەر لە دەزگاکە بدەن بۆ ئەوەی بەگوێرەی ناوچەو پێویستی ڕێگەیان پێ بدرێت .

ڕۆژنامەی تێپڕبوونی سالێك بەسەر لە لبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی دا

ڕۆژنامەی برشنگدار و تاقی کردنەوەیەکی پێشەنگ

لە بیستی حوزەیرانی سالی ١٩٨٠دا ، عیراقی شۆڕش یەکەمین تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی دیموکراتی‌یانەی ، لە مێژووی نوێ‌و هاوچەرخی خۆی‌دا، بەخۆیەوە بینی ، ئەو تاقی‌کردنەوەیەشی ، تاقی‌کردنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی‌ی‌سەرتاپای وولات بوو ، کە پاش ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەستی‌پێ‌کرد .

ئەوە بوو لە بیستی حوزەیرانی ساردا ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە عیراقی تێکۆشەرماندا ، یەکێك لە گرنگترین بیروباوەڕە بنەڕەتی‌یەکانی خۆی چەسپاند ، بەمەیش جەماوەری وولات مافی ڕەوای خۆی لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەدا دەستکەوت کە دەیەوێت لە ئەنجوومەن‌دا نوێنەری بن‌و ، جەماوەری کوردمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دووچەندان مافی تەواوی خۆیان دەستگیربوو ، کە بە سەربەستی‌یەکی ئەوتۆوە بەشداری‌ی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عیراقیان کرد لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی‌دا ، پاشان ، دەزگای دیموکراتیەتیان پتەوتر کرد، ئەویش کاتێك جەماوەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی نوێنەرەکانی خۆیانیان بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان هەڵبژارد .

ئا بەم جۆرە ، لە عیراقی شۆڕشی تەموزی ١٩٦٨دا، بنیاتی دیموکراتی‌ی ئازاد بەرز بووەوە ، ئا بەم جۆرەیش حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پێشەنگی تاقی‌کردنەوە بێ‌هاوتاکەی خۆی کرد ، کە ئەم تاقی‌کردنەوە نموونەیی‌یە هەنگاوێکی گەورە تر عیراقی بە تواناو پێشکەوتووی ، لەسەر ڕێگاو بنیاتنانێکی گەشەسەندوو ، بەرەو پێشەوە برد.

بیستی حوزەیران ، بەسەربڵندی‌یەوە شان‌بەشانی حەفدەی تەموزو سی‌ی تەموزویەکی حوزەیران‌و یەکی ئازارو هەموو ڕۆژە دیارەکانی تر دەوەستێت کە دانانی بنەڕەتی نموونەیی عیراقی پێشکەوتوویان بەخۆوە بینی ، عیراقی بەعس ، عیراقی صدام حسین .

بەعسیش شانازی بەم تاقی‌کردنەوە نموونەیی‌یەی خۆیەوە دەکات ، کە جارێکی کە دووپاتی کردەوە کە باوەڕی تەواوی بە جەماوەری گەل‌و بە توانای جەماوەری گەل هەیە بۆ پاراستنی شۆڕش‌و ، دەستکەوتەکانی ، پاشان بردنی بەرەو لوونکەو نەبەردی . ئا بەم جۆرەیش بەعسی بۆ پێشەوە چوو ، بۆ قبووڵ‌کردنی هەڕەشەی فارسی ڕەگەزپەرست کە بەر لە حوزەیرانی سالی ١٩٨٠ بە چەند مانگێك دەستی پێ‌کرد بوو ، ئا بەم جۆرە بوو ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەو دەزگایەی کە سەرکردەبی نەتەوەو پاڵەوانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی صدام حسین تێیدا ڕای‌گەیاند عیراقی بە توانا قبووڵی کرد بەرەو ڕووی فارسی دوژمن ببێتەوە،ئەو شوێنەیش بوو ، کە عیراق ، بۆ هەموو جیهان ، لێیەوە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەکەی ئازاری سالی ١٩٧٥ی ڕاگەیاندو ، بڕیارە مێژوویی‌یەکەی دەرکرد ، بە گەڕانەوەی شط العرب بۆ نیشتمان ، هەروەها تاقی‌کردنەوەی عیراق لە ئەنجوومەنی نیشتمانی‌و ئەنجوومەنی یاسادانان‌دا بنەمایەکی پتەوو مەزنی چەسپاند ، لە بنەماکانی بەرەو پێشەوە چوونو پێشکەوتنی عیراق،بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی زیندووی هەموو وولاتە عەرەبەکانی ترو ، هەموو وولاتە پەرەئەستێنەکان ، هەروەك چۆن خۆمالی‌کردنی لە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٢دا ، بوو بە تاقیکردنەوەیەکی نموونەیی بۆ وولاتە عەرەبەکان‌و وولاتە پەرەئەستێنەکانی تر ، کە هەنگاوێك چەندین هەنگاوی تری سیاسی‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیری‌و فیکری‌ی بەدوادا هات بۆ وەدی‌هێنانی سەربەخۆیی تەواو .

سەرکردایەتی‌ی حزب و شۆڕش بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی قادسیەی صدام دەنێرێت

بەگوێرەی ئامۆژگاری‌و ڕێنوێنی‌یەکانی هاوڕێ سەرکردەی تێکۆشەر صدام‌حسین ئەمینداری نهێنی‌ی هەرێمایەتی‌و بەگوێرەی‌بڕیاری سەرکردایەتی‌ی هەرێمایەتی بڕیاردرا شەرەفی‌ئەندامێتی لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌دا ، بەو شەهیدانە بدرێت کە لەقادسیەی صدام‌دا بۆ بەرگری لە سەربەرزی‌ی نیشتمان‌و سەربەرزی‌ی‌نەتەوە دژ بە دەستدرێژی‌ی فارسی ڕەگەزپەرست شەهید بوون ، ئەویش بەچاوپۆشین لەناوەڕۆکی‌پرۆگرامی ناوخۆی حزب‌و لە ڕۆژی شەهید بوونیانەوەلە جەنگەکانی سەربەرزی‌و شکۆمەندی‌دا ..

ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی‌ی‌حزب‌و شۆڕش بۆ ڕێزلێنانی ئەو شەهیدانەیە کە قوربانیان بە گرانبەهاترین شت‌دا لەپێناوی ئەوەی عیراق پتەوو چەسپاوو بەهێز بێت بەرانبەر بەدەستدرێژی .

ئەوە بوو لەم هەفتەیەوە، ڕۆژنامە ڕۆژانەکانی وولات دەستیان‌کرد بە بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو شەهیدە نەمرانەی شەرەفی ئەندامیتی‌یان لە حزبدا پێ‌بەخشرا ..

سەربەرزی‌و نەمری بۆئەو شەهیدانەی بەخوێنی گەشیان سەرکەوتنە مەزنەکانیان بەدی‌هێناو ئەوانە نامرن‌و لە دڵی‌گەلە مەزنەکەماندا دەژین‌و بەڵێنە کە ئەو سەرکەوتنە مەزنەی ئەوان بەخوێنی گەشیان بەدیان هێنا ئالای‌سەربەرزی نانەوێت‌و بۆ پێشەوە .

تەواوکردن و جێبەجێ‌کردنی ٥٠ پرۆژەی خزمەتگوزاری لە پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی‌ی شارەوانی یەکانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی ئەم‌ساڵ‌دا شازدە پرۆژەی خزمەتگوزاری‌یان لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەدا تەواو کردووە .

ئەم پرۆژانەیش بریتین‌لە سێ بازاڕی هاوچەرخ‌و سێ مەڵبەندی ئاگر کوژێنەوەو باخچەیەکی گشتی‌و چەندین باریگای‌منداڵ‌و فیرتواکردنی چەندین ڕێگای ناوخۆیی‌و ڕێگای ناوخۆیی‌و ڕێك‌خستنی فلکەکانی ڕێگەکان .

شایانی باسیشە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکە ئێستا خەریکی جێبەجێ‌کردنی ٢٤ پرۆژەی ترە کە یەك ملیۆن‌و ٥٠٧ هەزار دیناریان تێ‌دەچێت‌و بریتین لە سێ بازاڕی هاوچەرخ‌و چوار گازینۆو شازدەخانووی نیشتەجێ‌و چەندین ڕێگای ناوخۆیی‌و ڕێك‌خستنی باخچەکان‌و دروست‌کردنی چەندین باریگای منداڵان‌و ئاووردەو پرۆژەی سەیداوە ئەمەو قەوارەی ئەو پرۆژانەی ئەم ساڵ جێبەجێ کراون‌و دەستیان پێ‌کراوە چەندین جار لەو پرۆژانە زۆرترن کە لە هەمان ماوەی ساڵی پاردا جێبەجێ کراون یان دەستیان دراوەتێ ئەویش سەرەڕای بارودۆخی جەنگ کە بوو بە هۆی ئەوەی زۆرتر کار بکرێت بۆ پاڵپشتی‌ی جەنگی ڕەوامان.

لە لایەکی تریشەوە ئەمینداریەتی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ژمارەیەك پرۆژەی خزمەتگوزاری لەناوچە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەدا کە ٧٦٦ هەزار دیناریان تێ‌دەچێت بە قۆنتەراتچی‌یەکان داوە کە بریتین لە خانووبەرەی پەروەردە وبەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لە پارێزگای هەولێرو لە پارێزگای دهۆك‌و ئەواوکردنی مەڵبەندی لاوانی کۆیەو دروست‌کردنی بانەیەکی نموونەیی وەرزشی لە هەولێرو وخانوویی قازی‌ی دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی ،

لیژنەیەکی ووریاکردنەوە لە ناوچەی کوردستان سبارەت مەوداکانی جەنگی ڕەوامان

ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان لە کۆبوونەوەیەك‌دا بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز جمال حاجی شەریف سەرۆکی ئەنجوومەن ، کە ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو سازی دا ، بڕیاری دا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز مینان پۆلیس ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری‌و لاوان بە وەکالەت پێك بهێنرێت لەپێناوی ووریاکردنەوەو هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە مەوداکانی جەنگی قادسیەی صدام .

لیژنەکە ، کە نوێنەری هەموو ئەمینداریەتە گشتی‌یەکانی بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی‌ی تێدایە ، چەندین گەشت بە شوێنە جۆرە بەجۆرەکانی ناوچەکەدا دەکات بۆ سازدانی کۆڕی جەماوەری‌و چەندین کۆڕی تر لە کارگەو دەزگاکانی بەرهەمهێنان‌دا بۆ ڕاڤە کردنی مەوداکانی جەنگ‌و ڕۆڵی جەماوەرمان لە بەشداری‌کردن تێیداو پاراستنی گیانی سەرکەوتن.

ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەی مۆر کرد کە ١.٩ هەزارو ٢٠٠ دینار بۆ پێداویستی‌یەکانی فێرکردنی ناوچەیی و کۆرینی بەڵەی هاوینە بۆ کرێکارانی بەرژەوەندی‌ی گواستنەوەی هات‌و چۆکەران لە پارێزگای سلێمانی سەرف بکرێت .

هەروەها ئەنجوومەنەکە بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە بەشێکی شارەوانی لە گوندی هاوچەرخی قادسیەی صدام لە پارێزگای سلێمانی‌دا بکرێتەوەو بدرێتە پاڵ شارەوانی‌ی بەکرەجۆ .

ئا.د.ع

دروێنەی گەنم و جۆ لە پارێزگای هەولێر بەردەوامە

دەزگا کشت‌وکاڵی‌یەکانی دەستەی گشتی‌ی کشت‌وکاڵ‌و چاك کردنی کشت‌وکاڵ لە پارێزگای هەولێر لەسەدا حەفتاو پێنجی پلانی کشت‌وکاڵی‌ی هەڵمەتی دروێنەی میکانیکی‌ی گەنم‌و جۆی لە سەرتاپای پارێزگاکەدا تەواو کردووە .

ئەوبرو پانتایی ئەو زەوی‌یە بە گەنم‌و جۆ کێڵراوانەی کە بەشێوەیەکی میکانیکی دروێنە کراوون گەیشتووەتە ٧٧٤ هەزارو ٨٠٦ دۆنم زەوی تا کۆتایی لە سەرجەمی یەك ملیۆن و ١٧٢ هەزار دۆنم زەوی‌ی کێڵراو بەگەنم و جۆ .

شایانی باسیشە کە ٢٠٠ دەڕاسەی سەر بەکەرتی تایبەتی ئێستا خەریکی دروێنە کردنی ئەو پانتایی یانەن کە ماونەتەوە هەفتەی ڕابوردوو ئەویش دەگەنە نزیکەی ٢٢٥ هەزارو ١٩٤ دۆنم بەڵام ئەو پانتایی‌یەکانی تر کە ١٧٢ هەزار دۆنمن بە دەست دروێنە دەکرێن .

چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە دهۆك

بەڕێوەبەرایەتی‌ی کاری‌پارێزگای دهۆك خۆی ئامادە دەکات بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێك پرۆژە کە دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دیناریان تێ دەچێت .

ئەو پرۆژانەیش بریتین لە دروست کردنی خانووبەرەی یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردو بەڕێوەبەرایەتی‌ی پەروەردەو کۆمەڵی دەزگاکانی کارو ئامۆژگای ئیسلامی لەگەڵ بەشێکی ناوخۆیی داو کارگەی چاککردنەوەی مەکینەو ئامێرو سی شوقەی نیشتەجێ بوونی پزیشکەکان لە مەڵبەندی پارێزگاکە .

هەروەها دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکە ئێستا خەریکن کۆمەڵێك پرۆژەی پەروەردەیی‌و تەندروستی‌و نیشتەجێ بوون‌و وەرزشی‌و خانوبەرەی ژمارەیەك ناوچەی ناوچەیی لە مەڵبەندی پارێزگاکەدا .

هەروەها پرۆژەکان بریتین لە نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێڵەیی لە زاخۆ و یەکێکی تر بۆ نەخۆشی‌یەکانی سنگ لە صندورو دروست کردنی یەك مەلەوانگە لە سەرسەنگ و پێنج خانووی نیشتەجێ بوون لە مەڵبەندی پارێزگاکە و سەرسەنگ و بامەرنی و زاخۆ و سومێل بۆ قازی‌یەکان و کۆمەڵێك خانووبەرەی دەزگاکانی دەوڵەت .

ئەوەبوو دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی‌ی کار لە ماوەی دە مانگی ڕابوردوودا

بڕوانە ل : ٧



کوڕتە هەواڵ

● ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو بەڕێز نامق رقیب محمد پارێزگاری دهۆك سەری لە ژمارەیەك مەڵبەندی تاقی کردنەوەی خوێندنی ناوەندی‌ی کوڕان و کچان‌دا لە دهۆك ، لەم سەردانەیدا بەڕێز عادل یونس بەڕێوەبەری گشتی‌ی بەڕوەردەی پارێزگاکەی لەگەڵدا بوو .

بەڕێز پارێزگار ئاگاداری ڕەوتی تاقی کردنەوەکان و ئەو بارو دۆخە لە بارە بوو کە دەزگا کانی بەڕێوەبەرێتی‌ی پەروەردە ئامادەی کردووە بۆ ئەوەی قوتابی‌یەکان بە شێوەیەکی باش تاقی کردنەوەکانیان ئەنجام بدەن.

● بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجەیی پارێزگاری سلێمانی سەر لە بەیانی‌ی یەك شەممەی ڕابوردوو سەری لە چەند مەڵبەندێکی تاقی کردنەوەیی‌دا لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی لەم سەردانەیدا ژمارەیەك لێپرسراوانی پارێزگاکەی لەگەڵدا بوو .

پارێزگاری بەڕێز نرخی لەو ڕەنجە دڵسۆزانەیەی ئاکە مامۆستایانی بەروەردە لە پارێزگاکەدا داویانە بۆ ئامادەکردنی باری گونجاو بۆ قوتابیەکان تاکوو بە شێوەیەکی باش تاقی کردنەوەکانیان جێبەجێ بکەن .

● پیاوە ئایینی‌یەکانی قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر نارەزایی خۆیان سەبارەت دەستدرێژی‌یە نارەواکەی زایۆنی‌ی دوژمن بۆ سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان دەربڕی .

لە کۆڕێك‌دا کە بەشی ئەوقافی پارێزگای هەولێر لە هۆڵی مزگەوتی گەورەی قەزاکەدا ڕێکی خستبوو دووپاتی پشتگیری خۆیان کردەوە لە سەرکردایەتی‌یە داناکەمان‌و ڕوو بەڕوو بوونەوەی هەموو چەشنێك دەستدرێژی بۆ سەر وولاتە تێکۆشەرەکەمان .

● ئەندری مالرۆ ●

وێنەی جوولاو دەتوانێت حیکایەت بگێڕێتەوە دەستەلاتەکەیشی لە مەدایە. رۆمانی نووسراویش هەمان کاری پێدەکرێت . کاتێکیش کە سینەمای گۆڕینەدە دۆزرایەوە ، فلیمی بێدەنگ کاری تەواوی خۆی کردبووە سەر رۆمانی نووسراو .

رۆمان و فلیم

صلاح شوان

جا با چاوێك بە شێوە نووسینی کەورە رۆمانووسەکاندا بخشێنین‌و ، بزانین چۆن هەموو ئەم نووسەرانە لە تەنها دوو رێگا زیاتریان لە بەردەمدا نەبووە ، کە ئەویش : گێڕانەوە ، واتە کورتکردنەوەو .. پێشاندان بە وێنە ، واتە گیان بە بەردا کردنە . ئینجا ئەگەر ئامانجی ئەم نووسەرانە گێڕانەوەی رووداو بێت،یان وەسفکردنی پاڵەوانەکان‌و شیکردنەوەیان بێت ، یان تاوەکو ئەگەر پرسیار تەقاندنەوەیش بێت دەربارەی نهێنی ژیان .. هەندێك لەم نووسەرانە لە درێژەپێدان‌و زۆریی دەربڕیندا بەهەریان هەبووە ، وەك « بڕۆست » ، هەندێکی تریشیان لە خەملاندن‌و چڕکردنەوەدا ، وەك «هەمونگوای» .

ئەو ساتانەی رۆمانووس وەسفیان دەکات‌و وێنەیان دەکێشێت ، یان بە پێی غەریزەیەو ، یانیش هوشیارانەو بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوەی بایەخێکی زیاتریان پێببەخشێت هەڵیاندەبژێرێت .

نیشانەی راستەوخۆیش لەلای گشت رۆمانووسەکان بۆ ئەوەی بزانرێت نووسەرێك تاچ رادەیەك لە وێنەکێشان ڕادەی گیان بەبەردا کردن ئەوەیە ئەو نووسەرە چەند لە گێڕانەوەوە چووەتە سەر دیالۆگ چونکە دیالۆگ لە رۆماندا لە گشت شتێك خزمەتی گیان‌بەبەردا کردن دەکات . هەر ئەمەیشە ئەو تەکنیکەی کە رۆمانی ئینگلیزی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەسەر دەستی « کۆنراد »و « هنری جێمس » بەکاری هێناوە ، ئەمەیش هەوڵێکە بۆ رزگارکردنی رۆمان لەو پاڵەوانەکانی خۆی دەبینی ، وای لەو پاڵەوانانە کردبێت قسەکردندا وەکو کویرەکان بەدەم‌و زمان بن . ئەمەیش وامان لێدەکات بڵێین زۆر لە دیمەنەکانی - ئەگەر بە شێوەیەکی پوخت بخوێنرێنەوە - دەشێت لە رادیۆدا ، چونکە ئەکتەرەکە نابینرێت ، زیاتر کاریگەر بن وەك لەسەر شانۆ . بەڵام سینەما ، وەکو شانۆ ، بایەخێکی کەمتر لە رۆمان بەشێوەی دیالۆگ دەدات ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئەوەندە بوونێکی بەسە کە ئەکتەر بوونێکی مادی‌و بگرە کۆمەڵێك لایەنی تایبەتیی خۆی بە پاڵەوانەکە دەبەخشێت .

شەخسییەتی « جۆلیان سوێرێل » لە ڕەنگای هەڵسوکەوت‌و رەوشتیەوە دەستنیشان بکات زیاتر لەوەی هەولبدات لە رێگای نەبڕەی دەنگەوە نەو ئارە بکات . بەڵام شێوەی قسەکردن‌و دیالۆگ لە سەدەی بیستەمدا چووە پلەی یەکەمی بایەخ پێدانەوە لە رۆماندا ، بوو بە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی شەخسییەت‌و ، بە بەشێك لە ئەوارەی پاڵەوان .

« برۆست » ، ئەو نووسەری کە بە باستەم پاڵەوانەکانی خۆی دەبینی ، وای لەو پاڵەوانانە کردبێت قسەکردندا وەکو کویرەکان بەدەم‌و زمان بن . ئەمەیش وامان لێدەکات بڵێین زۆر لە دیمەنەکانی - ئەگەر بە شێوەیەکی پوخت بخوێنرێنەوە - دەشێت لە رادیۆدا ، چونکە ئەکتەرەکە نابینرێت ، زیاتر کاریگەر بن وەك لەسەر شانۆ . بەڵام سینەما ، وەکو شانۆ ، بایەخێکی کەمتر لە رۆمان بەشێوەی دیالۆگ دەدات ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئەوەندە بوونێکی بەسە کە ئەکتەر بوونێکی مادی‌و بگرە کۆمەڵێك لایەنی تایبەتیی خۆی بە پاڵەوانەکە دەبەخشێت .

دیالۆگ هەروەها وەکو هۆیەکی یارمەتیدەریش بۆ وێنەکێشانی پاڵەوانەکان بەکار دەهێنرێت «ئستاندال» بۆ نموونە زۆر خۆی ماندوو کردووە بۆ ئەوەی دوایش جۆرە دیالۆگێکی جەوهەری هەیە ، نەویش ئەو گفتوگۆیەیە کە لە چوارچێوەی دیمەنێکی دیاردا دەکرێت . ئەمەیان باسریت رێ‌و شوێنی گشتیی بۆ دابنرێت ، چونکە بەو جۆرەیە کە گشت هونەرمەندێکی مەزن هەر خۆی دادەرێژێت .. جاری وا هەیە سروش بەختی ، درامی ، بەتوێکڵە ، جاری وایش هەیە هەر لە پرێکدا لە گشت شتێك جودا دەبێتەوەو خۆی بۆ خۆی دەبێت بە شتێکی تایبەتی ، وەك لەلای « دویستوێفسکی » ، یانیش بە تێکڕای گەردوونەوە دەبەسترێتەوەو دەبێت بە گشت شتێك ، وەك لەلای « تۆلستۆی » . بەڵام لەلای گشت رۆمانووسێکی مەزن هەر هۆیەکی سەرەکییە بۆ کارکردنە سەر خوێنەرو ، ئەو توانایەیە کە وەها لە دیمەنێك دەکات ببێت بە شتێکی هەست پێکراو. واتە بومدی سێیەمە .

ئەم جۆرەدیالۆگە ئەم دوایەدا ئەبێت فیلم سروشت‌و کاریگەرییەکەی ئەدۆزیبووەوە ، یەنیە لەو سەرچاوانەی کە وینە کاریگەرییەکەی خۆی لەسەر بنیات دەنێت . ئەوەتا لە فلیمە نوێکاندا دەبینین دەرهێنەر پاش چەند بڕگە یەکی درێژ لە بێدەنگی ئینجا رو لە دیالۆگ دەکات .

رۆمانووس هۆیەکی مەزنی تریشی هەیە لە هۆیەکانی دەربڕین ، نەویش توانای پێکەوە بەستنی سانە گرنگەکانی پاڵەوانەکانی بە دەورەو بەرو گشت دنیاوە . « کۆنراد » ئەم هۆیەی بەرێکوپێکی بەکارهێناوە . « تۆلستۆی »ش هەر بەم تەکنیکە یەکێك لە جوانترین دیمەنەکانی گشت رۆمانەکانی خۆی وەدەستهێناوە ، ئەویش دیمەنی ئەو شەوەیە کە تیایدا « میر ئەندری » لە رۆمانی « جەنگ‌و ئاشتی »دا دوای جەنگی « ئۆسترلیتز » بریندارەو لە پەڵە هەورەکان ورد دەبێتەوە . فلیمە رووسییەکانیش لە سەردەمی گەشانەوەیاندا ئەم هۆیەیان زۆر جوان بەکار هێناوە .

کەچی لەگەڵ ئەمانەیشدا وا دەردەکەوێت رۆمان شتێکی لە فلیم زیاترە ، کە ئەویش ئەوەیە دەتوانێت بچێتە ناخی پاڵەوانەکانییەوە. بەڵام دەبینین بە لایەنەوە رۆمانی نوێ بەردەوام لە ساتەکانی تەنگوچەڵەمەدا خۆی لە شیکردنەوەی پاڵەوانەکان لادەدات ، لە لایەکی تریشەوە سایکۆلۆجیای درامییانە - وەك لەلای « شەکسپیر »و تارادەیەکی زۆریش لەلای « دویستویفسکی » - لە لە رێگای هەڵسوکەوت‌و نیمچەدان پێدانانەوە وەك « سەمەردیاکۆڤ »و «ئستافرۆجین»)سەرنجمان بۆ نهێنییەکان رادەکێشێت ، دەشێت لە رووی هونەرییەوە هیچی لە شیکردنەوەیان روونکردنەوەی ناخی پاڵەوانەکان کەمتر نەبێت .

دوایش زۆر نەرۆیشتن لەسەر ئەو بەشە پەنهانەی پاڵەوانەکان - کە دەکرێت لە سینەمادا لە رێگای توانای لە رادەبەدەری رووی ئادەمیزادەوە دەربخرێت - دەشێت هۆیەکی تر بێت بۆ ئەوەی نهێنییە مەزنەکەی ژیان بخاتە ناو کاری هونەرییەوە ، ئەو نهێنییەی کە هەندێك لە سەرەوۆیە خەباڵییەکانی پێدەبێت بە شتێکی مەزن ، وەك کورتە رۆمانە هەرە جوانەکانی « تۆلستۆی » .

بەرکوڵینك سەرنج لەخوێندنەوەی « پەرستگا »دا

احمد قادر سعید

چیرۆك وەك هەموو بابەتە ئەدەبییەکانیتر ، هونەرێکە لە ئەنجامی ئەندێشەو خواستو خۆخواردنەوەی چیرۆكنووس‌سەر هەڵدەدات‌و بابەتێك دێتەکایەوە کە بەپێی بۆچوون‌و تێڕوانینی چیرۆك نووس‌و هەڵسوکەوت‌کردن‌لەگەڵ ووشە ، یان هەڵبژاردنی ڕووداو‌مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵەواندا، دەسەڵات‌و دەسەڵاتڕۆیشتوویی چیرۆك نووس دەردەکەوێ‌و ئەوەوەدەسەڵێنێ ئاخۆ توانیویەتی لەگەڵ مەسەلە مەزنەکانی ئیمرۆدا بەوێ‌و خوێنەران لە ڕوانگەی‌ئەوەوە دەرك بەشتی تازەی وابکەن لە دەروونیاندا شوێنێك بەجێ بهێڵی ، یان هەر دووبارە کردنەوەی قسەکانی پێشوو‌ترنو نە بۆتەیەکی جیاوازدا دەربڕاون .

گومان لەوەدا نییە کە چیرۆکی ئەمرۆی کوردی لەچاو ساڵانی پێشوودا ئەگەر نەڵێین هەنگاوی باشی ناوەو توانیویەتی ڕۆڵی خۆی تاسنوورێك لەگەشەکردن‌و ڕۆشن کردنەوەی بیری خوێنەراندا بگێڕێت‌و سەودای دڵی ئەوانەش بشکێنێت کە مەبەستیان خۆسووتانە لە پێناویدا هەتا ڕووناکی پاشە ڕۆژی لێوە بەدی بکەن‌و ببێتە بەشێك لە خواستی پیرۆز بۆ خزمەت کردنی هونەر .

نامەوێ ئەوە دوو بارە بکەمەوەو بەشیاوبیشمی نازانم کەشێوە تەکنیك‌و ناوەرۆکی چیرۆکی ئەمرۆی کوردی یەکاڵا بکەمەوەو لە پەراوێزی ئەودا حوکم بەسەر چیرۆکەکانی « پەرستگا »دا بدەم ، چونکە خوینەرو خوێنەری چیرۆك بەتایبەتی لەولایەنە بە ئاگان.

پەرستگا دوا کۆمەڵە چیرۆکی « عبدالله عزیز خالد »ەو دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپ‌و بڵاوی کردۆتەوە . ئەو ڕایانەم بەرکوڵی خوێندنەوەیەتی ، بەنیازی رێنمایی‌و گەشەی ووشەی ڕەسەن دەیانخەمە ڕووی خوێنەرە ئازیزەکان‌و سەر جەمی تێبینییەکانم بەوشێوەی خوارەوە دابەش کردووە :

یەکەم / ناوەرۆکی چیرۆکەکان‌و شێوەی دەربڕینیان .

دووەم / مامەڵە لەگەڵ ووشەکاندا .

سێیەم / بەرگ‌و شێوەیی گونجاوی چیرۆکەکان .

یەکەم / ناوەرۆکی چیرۆکەکان :

١ - خاتوون . باس لە ئافرەتێکی قۆل براوی نان پێوە دەردەکات کە لەسەردەمی شۆرشەکەی شێخ مەحموددا بەبۆردمان قۆلی پێوە نەماوەو خێزانەکەشیان قڕی تێکەوتووە . ئەو چیرۆکە وەك ناوەرۆك سنواوەو زۆر لەو تەرزە چیرۆکانە مۆری سەرکەوتنیان پێوە نەئراوە. وەشێوەی دەربڕینی دەتوانرا بەفلاش باك دابڕشترایە هەڵبەتە بە هێزترو چڕتر دەبوو پێویستی بەژنەی هاوەڵی نەدەکرد . ئەوەی ئەلواوە نان پێوەدان کارێکی بە ئەزیەت‌و ستەمە ، چۆن ئافرەتێکی پیری یەك دەست دەتوانێت نان پێوەبدات‌و لێشی بکاتەوە ، کە ئەوە مەحاڵە. وە دەوردان بەژنەی هاوەڵی لەجێی خۆی دانیە لە کاتێکدا خاتوون گوێی لە دەنگی بانگ بوو ، بۆچی ئەویش هەڵ نەستا دەست نوێژ بگرێت لە کاتێکدا ئافرەتی کورد بەتایبەتی لادێ نشینەکان زۆر زیاتر لە پیاوان بەدەنگ کارەئاینیەکانەوە دێن ، خۆکە چوونە تەمەنیشەوە هەر مەپرسە .

لە چیرۆکی حەمە کۆڵدا، کە پیاوێکی پیری چاپچی‌یە دەری کردووەو پوری زۆر چیرۆك نووس پێمان دەڵێت ، حەمە کۆڵ ، باوکی بەنەگریسی زانیوە چونکە لە زگماکیەوە پەنجەی شەهادەی نەبوو بەسەریشدا دایکی مردووەو باوکیشی دەدی کردووەو پوری « خوشکی دایکی » دەیگرێتە لای خۆیی‌و گەورەی دەکات . مامە حەمەش گلەیی لە بەختی خۆی‌دەکات کە بەوشێوەی لێ بەسەر هاتووە . کە بەوردی سەیری چیرۆکەکە بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆژانە دەیان کەرەستەی لەوە بەپێزترمان دەست دەکەوێت . بۆیە وتراوە چیرۆکی هونەری ، تا لەو ڕووداوە لابەلایانە بەدەربن کە بۆی ناشێن . وە دەتوانرا هەر کەسی یەکەم کە بابەتەکە تاوتۆدەکات ، لە بەردەم چایخانەکەدا کرۆکی مەبەستی نەدابایە دەستی دووپیاوی پیری ڕێبوار کە رەنگە ئەوانیش هەر وەك باوکی بیربکەنەوە ، بەڵکو هەر خۆی دەیتوانی لە شێوەی تداعی باسەکەی گرێ بدایە.

ڕووداو باسێکی کلاسیکی‌ی لە بارچووەو لەناو دڵاندا سڕاوەتەوە تینوێتی خوێنەری ئێستا ناشکێنێت .

لە چیرۆکی «کەخەرمان ئەسووتی »دا باسی نەرێتێکی پووکاوەی کۆنی کوردەواری دەکات ، کە خەرمان سووتاندنە لە کاتی گاڵەو گاشەدا ، ئەوەش لە ئەنجامی دوژمنایەتی کەسێك‌و کەسێکی تر یان دووتیرە لەناو یەکدادەکرا . وەبیرهێنانەوەی ئەو جۆرە کارانە ، وەك یادو نەفرەت لێ‌کردنی باشە ، جگە لەوە ناتوانێت لە چوارچێوەی چیرۆکی هوونەریدا بەو شێوە سادەیە کۆ بکرێتەوە.

لە چیرۆکی «کۆزی ووردبوو»دا کە بەمانا مندالی ووردو نەباڵقی هەبوو . چیرۆکەکە باس لە ئەندێشەو خۆ خواردنەوەی کەسێك دەکات کە بە « جێناوی - ئەو» ناوبراوە. وێنەتەڵخەکە لەناو دەریای هەستیدا مەلە دەکات‌و شان‌و مل دەکوتێت بۆ ئەوەی هەست بە ماندوبوون بکات بەو رادەیەی ئازادو دایکیشی ماوەیەکی باش لە دوایەوە رادەوەستن و هەست ناکات . کەوە ئاگا هاتەوە مەبەستیان لێ دەشارێتەوە و خەباڵەکەی بەسەر مردنی کوری جەزای هاوریدا دەشکێنێتەوە ، کە لە جەوهەردا وانیە . لێرەدا بازدانێك دێتە کایەوە کە پەیوەندی بەسەر کرۆکی چیرۆکەکەوە نیە . پاڵەوانی سەرەکی لەوێدا دەوری نامێنێ‌و ئازادی برای پێمان دەڵێت کە جەزا خاوەن ماڵ‌و مندالێکی ووردبووو کۆچی دوایی کردوە. هەندێ دەستەواژەی نەشیاو دەکرێنە تەواوکەر ، دەیخاتە سەر مەبەستەکەو چیرۆکەکەشی پێ ناو دەنرێت ، کەلەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکە ئاسمان‌و ڕێسمانن .

لە چیرۆکی « کاتێك تاوانبار خۆی لەوەوفادارێتیدا ئەدۆزێتەوە »دا ئەندێشەو ئازاری « زرنگە » کە لەشەقامی برایم پاشای سلێمانیدا مندالێکی بەژیر ئوتۆمبێلەکەیەوە کردووەو کۆشتوویەتی . لەبری ئەوەی کە ئیجازەی لێخورین نەبووە

بڕوانە ل : ٧

کانیلە

عبدالرزاق بیمار

کانی نی‌یەو کانیلەیە
دەڵێن گۆزەی ئێسك‌سووکی
لە زوڤی خاو پەناگرتوو
گەرووی ووشکی‌لێ‌تەڕدەبوو ،
گەڕی شابی بە هەنگڵی‌زەردو سووری
جەڕێکەی خاتوونان ئەفەرشی گوڵرەنگی‌دا
یان دەراوی بەرتەنگی‌دا
گەرم دەبوو ،
بەڵام ئەمڕۆ پەرستگاری
پەناو ، تەنیاو خنجیلەیە
کانی نی‌یەو کانیلەیە .
لەو هاوینەدا کە سروشت
دەستی دەڤتەری بۆ پاییز گرتۆتەوە ،
داران وەکو بووکی ڕووتی‌بەربەیانی
لە ستیەردا میوەی سەرسنگیان بە کەزی
شاردۆتەوە ،
دەڤێ‌ی دەریای سووری‌هەتاو
بن دارو بن بەرد تەڕاوە
ئاوی شیرینی رووباری‌خواردۆتەوە ،
لەو هاوینەدا کانیلە
بە زەردەخەندەی نەشمیلە چاوی گەشە ژێرستیەری
پرچی داربی‌و دارتوو هەنجیری کۆیلە
هەڵ دەهێنێ
بۆ خەڵکەکەی چاخانەکەی کاکە حەمە
فێنکی‌ی ئارام دەپژێنێ
بێباك لە دەفتەری پاییز ،
بێهەواو فیز
بێ‌ئاگا لە خەمی ئاغام
کە باغەکەی بەر کانیلەی
باری بۆ راست ناکاتەوە ،هەرگیز ، هەرگیز ،
هەی باپیرەی چاوتیزو بەهیواو بەخەم !

★ ★

بەهارانیش ، گیژو کاڵان
زەردەخەنەی چەشنەئاوی خنجیلەیی
بە پەنجەی شووشەی پەمەیی
وەك قژی خاوو وەك هەتاوو
وەك گوڵاو .. پەخشان دەکەن
لوپچێکی لێ دەخۆنەوە
پڕۆپانی لێ دەشۆنەوە ..
جێ نەزەرگاو
قۆناغە رەژی سەیران کەرانی ئەوبەری

رووباری بە لرفەکەی‌تووی
بەرپێ‌ی نازی کانیلەیە .
جێ‌ی دیداری
ئەو دووچاوە پڕ لە خەونە کێویلەیە
وا لە دەستەی کیژو کاڵان
لە مێرگی سووسن‌و هەڵاڵان
مەندیلانەو بنەوشەیەو حاجیلەیە :-
گوڵی هیوای خۆشەویستی‌لە دەستدەنام
کەی دەمزانی .. هەتادەمرم
هەر لێم هەڵ دەخلیسێ‌هیوام ؟
وەك مندالی
لەسەر پشتی بەرزەی‌بێ‌زین هەڵ دەخلیسکام
کە لە ڕەوەی پاش کاروانا
بۆ ئاودانییان بەشیان‌دەدام
لە نێو هەموو یەکسانا
ئەوەی ئێجگار تێ‌ی‌رادەمام :
نووەایی بوو ، ماڵ‌ئاوایی
سەرەو لێژ خۆی هەڵ دەتەکاند
مۆریە شین‌و پۆیاوەو ملوانکەی زیوینی
(خشلە خشلە ، شیلان‌شیلان)
ساچیاغی زیوی ئاو مۆرووی شین‌و شیلان
بەزمی پێشکەش کانیلەی‌نەشمیلە دەکرد
کانیلەش خەندەی هێمنی
وەك تریفەی مانگەشەوان
لە نێو لێوان دەتوایەوە

★ ★

مانگەشەوە
تریفەی زیو
هەڵم‌و هاڵاوی بەهەشتی

دۆڵ‌و کەندی کانیلەیە ،
بووکی بەهار ، پێڵووقورسی
پۆدرەی مانگ‌و خەوبینین‌ی
سبەی پڕ عەترو شیلەیە ،
لەو بەری چەم کە گوتشەنی
ئەستێرەی کشاوو دڵی
ڕاکشاوی بێ تەیمان‌و بێ‌چیلەیە !
وا گوێم لێیە : کۆڕی زیکرو تەهلیلەیە ،
چاوم لێیە : پەریی‌من ،رووت ، لە سەمای
زیکرو سۆز دایە ..
ئێجگار قەشەنگ
تا بڵێی شەنگ ..
باڵە گرێکی سپی‌یەو کەوتۆتە خول
- « ئەی فرشتەی قەنەوزی
بەر تریفەی مانگەشەوی
چاو بە وەنەوزی خۆشەوی
چۆن دڵت هێنای دامبڕی
لە باوەشی کوورەی‌پڕشنگ‌و پڕتەوی
ژینی ساردو سڕوتەزی ؟ »
- « ڕۆڵەم ، هۆ کۆڕەی‌دڵداریم
یادگاری من لە زەوی !
نەمن زانیم ، نەتۆ زانیت‌ئەنجام چی‌یە ؟
هەی داخەکەم ، سەری‌مەستت
بە بەردێك کردووەو ژینت
تۆزاوی‌یە !!
بێرەوە هەست
ئەی دڵدارە - کوڕەکەی‌مەست . »
- « نا .. نا .. هەی‌گفتولفت هەنگوین
ژینم ئاڵاوە لە باڵای‌مەستی‌ی بێ‌کام‌و
خەوبینین ..
دەڵێم‌گەڕێ .. بابڕوانم..ئەوا چاوم
لە نێو تەمومژی ژینا
کەوانەی گڕ هەڵ‌دەواسێ ،
با لەسەر هەوای تەهلیلەو
کش‌وماتیی دنیای نەبوون،
با لەسەر ترپەی بە شەرمی
قوڵە قوڵی کانیلەی ڕوون ،
با لە تەختی بێ دەنگی‌ئاووسی گەردووك
ئاوازی ئێمەش هەڵکشێ ،با نەتاسێ
ئەوا چاوم کەوانەی گڕهەڵ دەواسێ .

Institut kurde de Paris

پەنجاساڵی ٢٠٠٠ ژیان چۆن ئەبێت

لە ساڵەکانی رابووردوودا گەلێک کتێب و راپۆرت دەربارەی دووا رۆژی جیهان بڵاوکرانەوە . کتێبی « فایلەکانی دووا رۆژ »یەکێك بوو لەمانە ئەم کتێبە سوودەکەی لەوەدایە لە چوارچێوەی یەک کتێبداو بە زمانێکی ئاسان هەموو کێشەگرنگەکانی ژیانی خستۆتە بەردەم . ئەو کێشانەی لە کۆتایی ئەم سەدەیەو سەرەتای سەدەی داهاتوودا سەر دەرئەهێنن :

دووا رۆژی ئەلکترۆنو زانستی وەراس و تەندروستی و ژیانی مرۆڤ چۆن ئەبێت ؟ ژیانی رۆژانەی مرۆڤ ، شار ، هاتوچۆکردن رۆلی ئەقڵی ئەلکترۆنی لە ژیانی ناو ماڵ و قوتابخانە و زانستگاو ئابووریدا : ئەمانە چۆن ئەبن و چ گۆڕانێکیان بەسەردا دێت ؟ ئایا مرۆڤ لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا ئەگاتە ئەوەی بکەوێتە دەرهێنانی سامانی مانگ دووایی سنووری ئەو کێشەیە چۆن و چەند ئەبێت کە لە ساڵانی نێوان ١٩٨٥و ١٩٩٥دا بە هۆی کەمی نەوتەوە ئەتەقێتەوە ؟

کتێبەکە ئەڵێ : جیهانی دووا رۆژ بەو شێوە ترس و تاڵو پڕکارەساتە نابێ وەکو زاناکانی « یانەی رۆما » پێش دە ساڵ رەملیان لێ ئەدا . چونکە گەڕان بە شوێن سەرچاوەی نوێ بۆ دروستکردنی دووارۆژێکی خۆش گەیشتە ئەم ئەنجامانە: جیهان لە ماوەی پەنجا ساڵی داهاتوودا پشت بە دوو زانست ئەبەستێ ، یەکەمیان ئەلکترۆن و دووهەمیان وەراسە . یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئەو شۆڕشەی لە ساڵی ١٩٤٥دا لە ئەمەریکا بەرپابوو بە هێنانە دی یەکەم ئەقڵی ئەلکترونی هێشتا ئەو شۆڕشە لە سەرەتایدایە . چونکە کار لەوەدا نامێنێ ئەم ئەقڵە ئەلکترونیە هەر بەدەست کۆمپانیاو دەستگا گەورەکانەوە بێت ، بەڵکو لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا وای لێدێت هەموو یەکێک بتوانێ ١٠-١٥ هەزار دۆلار بدات و ئەقڵێکی ئەلکترونی بۆ خۆی بکڕێت ، بەتایبەتی ئەوەندەیش بچووکە ئەتوانی لە گۆشەیەکی ماڵەوە یان لە ژوورێکی بچووکدا دابنێت . بڵاو بوونەوەی ئەقڵی ئەلکترۆنی ئەبێتە هۆی دامەزراندنی « بانکی زانیاری » ، ئەو بانکەی ئەمڕۆ ژمارەکەی لە سەد تێناپەڕێ ، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەگەتە ١٥٠٠ بانک . ئەو بانکەی وەکو دەرئەکەوێت جیهانی عەرەبی چەند دانەیەکی لێیەهە .

لووتکەی ئەم شورشی ئەلکترونییە لە هۆیەکانی هاتووچۆکردن و راگەیاندندا دێتە دی . هەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بە تەنیا لە سەدا حەفتای مانگی دەستکردوو ئێستگەکانی دروست ئەکات ، بەڵام یابان لە سەدا دەی دروست ئەکات . هەرچی وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژئاوایە ، ئەوە هەرچەندە پیشەسازی ئەلکترۆنی لەم دووایەیەدا پەرەی سەند ، بەڵام لە دووای ئەوانەوە دێن ، واتە پاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یابان . هەرچی زانیاری وەراسەیە ، ئەوە لە تیوری یەوە ئەبێتە ئەندازە ، ئەندازەیەکی بایۆلوجی ، لە توانایدا ئەبێت فورسترین کێشەکانی مرۆڤایەتی وەکو برسێتی تینوێتی و تەندروستی و وزەیە کاڵا بکاتەوە . ئەمەش لە رێی هۆی دامەزراندنی « بانکی زانیاری » ، ئەو بانکەی ئەمڕۆ ژمارەکەی لە سەد تێناپەڕێ ، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەگەتە ١٥٠٠ بانک . ئەو بانکەی وەکو دەرئەکەوێت جیهانی عەرەبی چەند دانەیەکی لێیەهە .

لووتکەی ئەم شورشی ئەلکترونییە لە هۆیەکانی هاتووچۆکردن و راگەیاندندا دێتە دی . هەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بە تەنیا لە سەدا حەفتای مانگی دەستکردوو ئێستگەکانی دروست ئەکات ، بەڵام یابان لە سەدا دەی دروست ئەکات . هەرچی وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژئاوایە ، ئەوە هەرچەندە پیشەسازی ئەلکترۆنی لەم دووایەیەدا پەرەی سەند ، بەڵام لە دووای ئەوانەوە دێن ، واتە پاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یابان . هەرچی زانیاری وەراسەیە ، ئەوە لە تیوری یەوە ئەبێتە ئەندازە ، ئەندازەیەکی بایۆلوجی ، لە توانایدا ئەبێت فورسترین کێشەکانی مرۆڤایەتی وەکو برسێتی تینوێتی و تەندروستی و وزەیە کاڵا بکاتەوە . ئەمەش لە رێی ئەوەوە زاناکان ئەو دەسەڵاتە پەیدا ئەکەن بەکتریا بکوژن .. لێرەشدا وولاتە یەکگرتوە - کانی ئەمەریکا لە ریزی پێشەوە ئەبێت و دووای ئەویش یەکسەر یابان دێت . بەڵام لێرەدا نووسەر پرسیارێکی زۆر گرنگ ئەخاتە بەردەم : کوا ئەو دەستگا دوولییەی سەرپەرشتی ئەم کارە گرنگە بکات کە لەوانەیە ببێتە هەرەشەیەکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی ؟ چۆن ئەو بەرهەمانە دروست ئەکرێن و دابەش ئەکرێن ، بەرهەمی وەها ، کەوا لە مرۆڤ ئەکات بتوانێ چەند رۆژ بێ ئاوو بێ نان بمێنێتەوە .

ئەم دوو شتە کولەکەو نیرگەی دووا رۆژی مرۆڤن ئەک هەتا ساڵی ٢٠٠٠ بگرە هەتا ساڵی ٢٠٥٠ ش ئەی دووا رۆژی تەندروستی مرۆڤ چۆن ئەبێت ؟ هەر لە ئێستەوە مرۆڤێکی ئامیریان دروست کردووە کە ناوی « سیبورغ »ە . مێشکی وەکو مێشکی مرۆڤە بەڵام لە ش و دەست و قاچی لە پلاستیک و مەعدەن دروست کراون . لە ئەمرۆشەوە هەوڵ ئەدرێت و بە تەمان ئەنجامی ئەو هەوڵو تەقەللایانە لە ماوەی سی ساڵی داهاتوودا بگاتە رادەی سەرکەوتنی جاندنی دڵی دەستکرد لە پلاستیک و بە ئەلکترۆن ئیش بکات لە تەماشن بۆ هەموو ئەوانەی نامیری گورج کردنەوە هەڵئەگرن تۆرێکی جیهانی دروست بکەن هەموو ئەو ئامێرانەی پێوە بیەسترێت و لە لایەن ئێستگەیەکی لێ وورد بوونەوە تەماشا بکرێن و لە کاتی خۆیدا چارە سەر بکرێن ، بەڵام ئەوانەی کوێرن ئەوە ئامانج رۆژە پێش ساڵی ١٩٩٠ چاوێلکەی تایبەتیان بۆ دروست بکرێت بەهۆیەوە بتوانن وێنە ببین وەکو وێنەی تەلەفیزیون . زاناکان خەریکن پیشکەوتنێکی تەواو لە مەیانی پەلوپۆی دەستکردا بهێننە دی ، بەوەی پارچە دەستکردەکان یەکسەر بە دەماغەوە بیەسترێت ، هەرچی پەیوەندی بە نەخۆشیەوە هەیە ئەوە لە ساڵی ١٩٨٥و ٢٠٠٠دا چەند نەخۆشیەک لە ناو ئەبرێن وەکو نەخۆشیەکانی دەمار . هەروەها قژ رووتانەوە و تەنگە نەفەسی و قەلەوی و چەند جۆرێکی شێر پەنجەو دان کلۆر بوون ، هەروەها گورج کردنەوەی زیرەکیی بەئەلکترۆن . لە ناو بردنی سەریەشەو دواخستنی ساڵی بالق بوونو درێژکردنەوەی ساڵانی منالێتی . بەڵام بەرامبەر بەمانەش نەخۆش نوێ دێنە کایەوە ، سەرچاوەکانیشیان نامیری دەماری ئەبێت . ئێستەش دەستەیەک لە پزیشکانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خەریکی ئەوەن حەبێکی تایبەتی دروست بکەن ناوی ئەنێن «حەبی ئەمڕۆ » ئەو حەبە ئەتوانی شڵەژاندنی دەماغ چارەسەر بکات .

● ماویەتی ●

پەیوەندیەکی سەلبی نێوان جگەرەکێشان و حەبی نەهێشتنی سك پڕبوون

... گومان لەوەدا نیە کە جگەرەکێشان زەرەرێکی گەورەی هەیە بۆ تەندورستی گشتی ، ئەمە راستییەکەو براوەتەوە ، بەرامبەر بە ئافرەتیش جگەرەکێشان دوژمنێکی ترە دەخرێتە پاڵ دوژمنەکانی تریەوە ، وەبە تایبەتی ئەوانەی کە حەبی نەهێشتنی سك پڕی - بە هەموو جۆرەکانیەوە - بەکار دەهێنن ، ئەم کورتە هەواڵەی سەرەوە دەقی ئەو لێکۆلینەوەیە دەردەخاو دووپاتی دەکاتەوە کە پێشی چەند رۆژێك لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بڵاو بۆتەوە :

سەرەتای بەرهەم هێنانی حەبەکان

لە راستیدا « حەبی » نەهێشتنی سك پڕبوون هەر کە بەرهەم هێنرا لە سەرەتاوە بە گەرمیەوە پێشوازی لێ کرا لە لایەن تێکرای ئافرەتانەوە ، وەلە ساڵی (١٩٦٣)دا کۆمەڵەی پزیشکی بەریتانیا لێکۆلینەوەیەکی لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە وەوای داوەتە قەڵەم کە ئەم جۆرە «حەبانە» زۆر بەکەڵك و سوودبەخشن و هیچ زەرەرێکی لاوەکی ناگەیەنن بە تەندورستی ئافرەت ، لەمەش زیاتر بە هەزاران ئافرەت ئەم جۆرە « حەبەیان » وا نیشان دەدا کە رەحمەتێکەو لە ئاسمانەوە بەسەریاندا باریوە ..

لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتاوە ئەم وێنەیە لەبەر چاوی خەلکدا گۆڕا دوای دەرکەوتن کە بریتین لە « سەر سوڕان و گێژبوون و مەینی خوێن لە نێو خوێن بەرەکانی لەشداو سەر ئێشەو زور ئەعرازی نەخۆشی دیکە » لە لای هەندێ لە ئافرەتانەوە نەوەك هەموویان .

وەلەگەڵ هەموو ئەو تاوانانەی کە درانە پاڵ ئەم جۆرە « حەبانەش » وەلەگەڵ هەموو ئەو دوو دلیەی کە لە بارەیەوە نرایەوە ، دیسان بە باشترین هۆی نەهێشتنی سك پڕبوون دەدرێتە قەڵەم لە لایەن تێکرای ئافرەتانی جیهان ..

جا وەنەبێ پزیشکەکانیش لە ئەنجامە سەلبیەکانی بەکار هێنانیەوە بێ دەنگ بووبن ، بەلکو بە هەزاران لێکۆلینەوەی تیوری تاقی گەییان لە بارەیەوە نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە ، بەڵام دیسان بێ سوود بووە .

هەر وەهایش چەند رۆژێك لێکۆلینەوەیەکی تازە بڵاوبۆتەوە کە ئەمەیشیان لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەو تۆمارە پزیشکییانەوە بیناکراوە کە شانزە هەزار ئافرەت دەگرێتەوە لەوانەی کە حەبی سك پڕبوونیان بەکار هێناوە لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٧٧ . ئەو لێکۆلینەوەیەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە (حەبی) نەهێشتنی سك پڕبوون چۆن دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی پاڵە پەستۆی خوێن و ئەم پاڵە پەستۆیەش بەرە بەرە دێتە خوارەوە ، گەر واز لەبەکار هێنانی (حەبەکان) هێنرا ..

وەلێکۆلینەوەکەی ئەمەریکی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو ئافرەتەی ئەم جۆرە (حەبانە) بە کاربهێنێت و جگەرەشمش بکێشێت ئەوە رێژەی توش بوونی بەنەخۆشی دڵەوە زیاتر دەبێت و هەر وەها پاڵە پەستۆی خوێنیشی بەرز دەبێتەوە .

هەر وەها پەنجە بۆ ئەوەش رادەکێشێت و دەڵێت بەکار هێنانی ئەم جۆرە (حەبانە) لە تەك جگەرەکێشانەوە بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان توووشی (ئیلتهاباتی جگەر)و زۆر جاریش بە گوڕ خوێنیان لێ بەربووە .

بەلکو لەمانەش زیاتر کە لێکۆلینەوەکە پەنجەی بۆ رادەکێشێ ئەوەیە کە دەڵێ : ئەو ئافرەتانەی ئەم جۆرە « حەبانە » بەکاردەهێنن و جگەرە دەکێشن هەر کە واز لە « حەبەکان » دەهێنن ئیتر ئەو مندالانەی کە دەیان بێ ئەوە بە زۆری شێواو نوقسان و ناتەواو دەبن .

● عەزیز حەریری ●

لە عەرەبیەوە کردوویەتی بە کوردی

حەورو... وزەی حەور

لەتیف هەڵمەت
نامادەی کردوە

بوونی حەور لەم گەردوونەدا هەر لە سەرەتای ژیاندا جێ پەنجەی کاریگەری خۆی لە سەر بیری مرۆڤ جێهێشتووەو بیری لێ کردۆتەوەو حەوری بەشتێکی پیرۆززانیوەو لە وێژەو هونەرکاری خۆیدا باسی کردوەو ریزی لێناوە ... حەور رووناکی و گەرمایی بە ژیان دەبەخشێ و ئەگەر حەور نەبوایە ژیان لە سەر زەویدا نەدەبوو..و تاریکایی و سەهۆڵبەندان بەردەوام ئەبوو .

حەور سەرچاوەی هەموو وزەیەکی سەرزەویەو لە شێوەی ئەستێرەیەکی دەرەوشەداردایە قوترەکەی - ١.٩٥ - جار بەقەی قوتری زەوی ئەبێ لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی خۆی سووکەڵەیەو (چرییەکەی) ١٫٤١١ کغم لترە ... ملیۆنێك و سێ سەد جاریش لە زەوی گەورەترەو قەبارەکەشی سێ سەدو سێ هەزار جار لە قەبارەی زەوی گەورەترە.

حەور بە دەوری خۆیدا ناسووڕێتەوە بەڵکو بەشە جۆر بە جۆرەکانی بە چەند خێرایی یەکی جۆر بە جۆر دەسووڕێنەوە بەشەتریکەکانی لە خەتی ئیستیواوە لە ماوەی -٢٥- رۆژ بەدەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوەو بەڵام ئەو جێگایانەی کە - ٤٠ - پلە لە ژوورو خوارووی ناوچەی ئیستواوەیە خولانەوەکەی - ٢٧٫٥ - رۆژ دبات .. ئەم سووڕانەوەیە لە هەردوو قوتبەکەیدا ماوەکە - ٣٤ - رۆژ دەخایەنێ .

ئا ئەم خولانەوە جۆر بە جۆرەی حەور بە هۆی تەلسکۆپو زەرەبینی تایبەتی یەوەو لە رێگای پەڵەی رەش و پەڵەی خۆرییەوە دەتوانرێ بە ئاسانی بەدی بکرێ ...

چۆنیەتی پەڵەی حەوری لە سەر حەوردا تا رادەیەك ئاڵۆزەو هەر پەڵەیەکی رەش مەلبەندێکی تاریکی هەیەو بە ناوچەیەکی تر دەورەدراوە کە تاریکایی یەکەی نەختێ کاڵترە .. لە راستیدا ئەم بەڵانە لە ناوچەکانی تر ساردترن لە بەر ئەوە لە لە جێگاکانی تردا تاریکترن.

پەڵەکانی حەور بواری موگناتیسی بەهێزیان تبادایەو کەس هۆی بوونیان نازانێ و ناو بە ناویش ژمارەیان دەگۆڕێ ... لە نێوان ئەو پەڵانەی حەوردا کە ساڵی ١٩٤٧ کەوتنە ڕوو ڕووبەری ٢٠ بلیۆن میلی چوارگۆشەیدا پۆشیوە هەندێ خاڵی ترۆسکەدار لەسەرووی پەڵەکانەوە گەڵێ جار لە توانادا هەیە ئەم خاڵانە بەر لە پەڵەکان ببینرێ هەر وەها گەڵێ جاریش دوای وبوونی پەڵەکانیش وردە خاڵە ترۆسکەدارەکان دەبینرێن .

یەکێ لە لایەنە سەبەرو سەرسوڕهێنەرەکانی رۆژ ئاسانی بەدی بکرێ ...

چۆنیەتی پەڵەی حەوری لە سەر حەوردا تا رادەیەك ئاڵۆزەو هەر پەڵەیەکی رەش مەلبەندێکی تاریکی هەیەو بە ناوچەیەکی تر دەورەدراوە کە تاریکایی یەکەی نەختێ کاڵترە .. لە راستیدا ئەم بەڵانە لە ناوچەکانی تر ساردترن لە بەر ئەوە لە لە جێگاکانی تردا تاریکترن.

پەڵەکانی حەور بواری موگناتیسی بەهێزیان تبادایەو کەس هۆی بوونیان نازانێ و ناو بە ناویش ژمارەیان دەگۆڕێ ... لە نێوان ئەو پەڵانەی حەوردا کە ساڵی ١٩٤٧ کەوتنە ڕوو ڕووبەری ٢٠ بلیۆن میلی چوارگۆشەیدا پۆشیوە هەندێ خاڵی ترۆسکەدار لەسەرووی پەڵەکانەوە گەڵێ جار لە توانادا هەیە ئەم خاڵانە بەر لە پەڵەکان ببینرێ هەر وەها گەڵێ جاریش دوای وبوونی پەڵەکانیش وردە خاڵە ترۆسکەدارەکان دەبینرێن .

یەکێ لە لایەنە سەبەرو سەرسوڕهێنەرەکانی رۆژ

زمانە ئاگرینە بڵێسادارەکانیەتی کە لە شێوەی بازنەی ئاگرینداو هەڵەی دەداو جاری وا هەیە سەدان هەزار میل بەرزدەبێتەوە... هۆی ئەو بازنەگەورە ئاگرینانەیش بەرزبوونەوەو هەڵچوونی ئەو گازە جڕو خەستانەیە کە لە گەڵ گرەکەدا بەرزدەبنەوە . . . پلەی گەرمای ناوەندی جەرگەی خۆر(٢٠-١٥)ملیۆنی سەدی یەو پلەی گەرمای ڕووی دەرەوەشی دەگاتە ٥٥٠٠- پلەی سەدی...و لێکۆلینەوەی زانستی نوێ دەری خستووە کە خۆر گەڵێ رەگەزو کانزای تیایە وەکو هایدرۆجینو هیلیۆمو کاربۆنو ئەتروجینو ئۆکسجینو هەروەها هەڵمو هاڵاوی مەگنیزیوم و ئاسن و دەوروبەری حەفتا کانزای لە سروشتدا ناسراوە ...

لە هەر چرکەیەکدا ٨٠٠- ملیۆن تەن هایدرۆجین دەتوێتەوەو دەبێتە هیلیۆم ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە خۆر لە خولەکێکدا شەش تەن لە وزەی خۆی دەدۆڕێنێ بەڵام ئەم کەمبوونەوەیە ئەگەر لەگەڵ بارستایی چڕی خۆردا بەراورد بکرێ ئەوە هەر پێوەی دیار نابێ ...

لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆر بەردەوام لە هایدرۆجینەوە دەبێتە هیلیۆم کە چی زانایان ئەوەیان دەربڕیوە کە ئەو پاشەکەوتە هایدرۆجینیەی لە خۆر دایە بەشی هەزارو پێنج سەد ملیۆن ساڵی تر دەگات . گەڵێ جار لە خۆردا شڵەژان روودەداو ئەویش بە هۆی کرانەوەو تەقینەوەی کونە گازی بچووك بچووکەوە .. ئەو تەقینەوانە کە جاری وا هەیە چەند خولەکێك دەوام دەکەن لە ئاسماندا بەر هەر چی یەك بکەون لە ناوی دەبەن و خۆگەر جازبییەی موگناتیسی ئەبوایە دەگەیشتنە زەوی و ویرانیان دەکرد . شایانی باسە ئەو شەڵەژانو گەردەلوولە ئاگرینانە گەلێ جار کار لە کاروباری زەویش دەکەن و پەکی بیستن و وەرگرتنی دەنگ بە هۆی بێتەلەوە دەخەن شەپۆلی رادیۆو سازیش دەشێوێنن ...

زاناکان لە لایەکەوە هەوڵی دیاری کردنی جوولانەوەو سووڕانی خۆرو گەردەلوولە ئاگرینەکانی دەدەن و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە بزانن ئەو دیاردانەی خۆر تا چ رادەیەك کار لە مرۆڤ و گیانەوەرانی تری زەوی دەکەن و هەروەها دەیانەوێ بزانن ئاژەڵ و باڵندە چۆن هەست بە پەرەسەندنی جۆشی و تاوی خۆر دەکەن و ترسیان لێ دەنیشێ و بانگەوازی بێ ئارامیان لێ بەرزدەبێتەوە لە توانادا هەیە کەلێکی زۆر لە وزەی خۆر وەرگیری بۆ پێشخستنی شارستانیەت و هەتا خۆر بمێنێ وزەیشی هەر دەمێنێ و بە کارهێنانی وزەکەی بە جۆرێکی زانستی یانە قازانجێکی زۆری هەیە لە بواری ئابووری جیهاندا ... شایانی باسە ئەو وزەیەی کە لە ساڵێکدا دەگاتە زەوی لە وزەی هەموو کانە ئاگرینە دۆزراوەکانی زەوی زیاترەو ... زانایان وا چاوەڕوان دەکەن کە لە پاشەڕۆژدا وزەی خۆر لە سەدا چلی ٤٠٪ - پێویستییەکانی مرۆڤایەتی پڕکاتەوە .. حاڵی حازر هەوڵی ئەوە دەدرێ کە شاری گەورە دروستکەن و هەموو پێویستییەکانی بە وزەی خۆر جێ بەجێ بکەن .

هەواڵی زانست

جیهازێکی تازە درووستکراوەو ناوی «فولترونیك»ی لێنراوەو دەتوانرێت لەژووری منداڵ دابنرێ و دەوری دایك ببینێ کە ئیشکی پاراستنی منداڵ دەگرێت ، ئەگەر هات منداڵەکە بەقوەت گریا ، ئەم جیهازە بان گلۆپێکی بەشەوق لەژووری نووستنی دایك و باوك دەخاتە کار ، یان رادیۆی دەخاتە کارو بەم جۆرە ئەوان بە ئاگا دەهێنێتەوەو دەچن بەلای منداڵەکەیانەوە.

● نامە بەرێگای ئاسماندا

● جیهازێکی تایبەت بۆ منداڵ :

لە چەند دەولەتێکداخزمەتگوزاری پۆستە بەهۆی مانگی دەستکردەوە بەناوی« ئەنتلبوست » دەستی پێ کردوە لە رێگای ناردنی نامە بەهۆی مانگی دەستکردەوە بریتی یە لە وێنەگرتنی نامەکەو دوایی گەیاندنی وێنەکە بەوشوێنەی بۆی نێردراوە لەسەر جیهازێکی تەلەفزیون دەردەچێت و وەردەگیرێتەوە . « ئەنتلبوست »دەتوانێت لە رۆژێکا (١٠٠٠) لاپەرە نامە وەرگرێ و بنێرێ .

Institut Kurde de Paris

× ئەو مالانەی لە قـەلا دەهێنرێنە خوارەوە یـەکو پارچەیێ زەویو (٥٠٠) دینار وەردەگرن .
× کۆنترینی ئەو خانوانەی کە تا ئێستا بە سەلامەتـی مابێتەوە تەرماوی قـەلایەو (١٥٠) سال لەمەوبەرە .

قـەلای هەولێر

هـەنگاوێك بۆ ریزلێنانی شوێنەوارە باوو باپیران

● نەژاد عزیز سورمێ ●

● ئەوەبوو کاتی خـۆی ریپۆتاژۆکەیەکمان هـەر لەسەر لاپەرەی ئـەم رۆژنامەیەدا دەربارەی ئەو هەنگاوانەی دەستەی هونەری پێشخستنو ئاوەدان کردنەوەی قەلا ناویەتـی وەدینی ، پێشکەشـی کردن.. گومانیشی تێدا نییە کـە تا گرینگی بەم کارە بـدرێ هێشتا کەمە ، سەبـارەت بەوەی کە ئەم قەلایـە نیشانەیکـی دیـاری شارستانیەتی یە .

● دەستەی هونەری کە سەر بە دەزگای گشـتی شوێنەوارەکانە ماوەیەکـی تەواوە کە وتوتـە کـار ، ئیش وکاری ئەم دەستەیەشـی جارێ لە قۆناخی یەکەمدایە، ئەویش ئاوەدان کردنـەوەی ئەو خانوانەیە کە نرخێکـی مێژوویان هـەیە ، بـە تایبەتیش ئەوانەی کە تـا ئێستا میری کراون .

● کاك کـەمال نـوری بەعروف (ئەندامی دەستە) لە بارەی دەوری قـەلا لە مێژوودا دەلێت : (قەلا نیشانەو رەمزی ئاوەدانـیو شارستانیەتی یە ، مێـژووی کوردیش بە شانازیـیـەوە لە بارەی قەلاوە دەدوێ .. لە راستیشدا هـەولێـر گرنگترین شارە لە مێـژووی کۆن ، بۆ یەکەم جار مرۆڤ لە شـێوەی دێی یکشت وکالی یەوە ، شەش هەزار سال لەمەوبـەر تیایدانیشتووە (لە زەمانی ئەکەدیەکاندا) کە دەکات ٢٢٥٠ پ . ز هەولێریـان کردووە بە پایتەختی خۆیان. سەرچاوە ئاشوریـەکان دەلێن : ئەم شارە یەکێکە لە شارە گرنگەکانی ئاشـورو ئەوسا (ئەربا ـ ئیلو)یـان پێ وتووە کە بە مانای جـوار خواوە دێ .

● **لە بارەی ئیش وکاری دەستەی هونەریش کـە ئەرکی ئاوەدان کردنـەوەی قەلایی لە ئـەستۆدایـە سەرۆکی دەسـتەلەکـاك (ئیکرام فاتح)مان پرسی کە داخۆ ئیشەکانی دەستە گەیشتۆتە کوێ ؟**

لە وەلامدا وتی :

راسـتی ئیشـو کارەکانمان پلەیەکی باشیان بڕیوە ، ئـەو خانوانەی کە لە لایـەن دەزگای شوێنەوەرەکـان میری کراون ئیشی تێـدا بەردەوامە ، هەندێ لـەو خانوانەیش کە ماوەیەکـە ئیشی تێدا دەکرێ ئێستا تەواو بووە ، وەکـو گەرماوی قەلاو شووینـی دەستەی بەرێوەبـەرو بەرێوەبەرایەتی ، هەندێکی تریش ئیش وکاریان تێـدا بەردەوامە ، دەتوانین بڵێین پلەیکی باشیشیان بڕیـوە، بۆ نموونە خانووی تاجاکانو

خانووە بە نەخشـو نیگارەکان ، ئەوە بێجگـە لەوەی کـە دەسـتەی بەرێوەبەر دوو خانووی لـە قالیچ ئاغا دروست کـردوە بۆ دانیشتنی فەرمانبەرەکانی بەرێوەبەرایەتیو بـەردی بناغەی دووی دیکـەشـی داناوە . . دیسان ئیشـو کار بەردەوام لەو دیـوارە بازنەییەدا دەکرێ کە بە چوار دەوری قەلادادێ ..

ـ : کاك ئیکرام ، دەتوانین شتێك دەربارەی ئـەو نەخشەو پلانانـەی کـە بۆ قەلا دانراون ، بزانین ؟

ـ : لە سەرەتای سـالی ١٩٦٤وە بکرە ، گەلـێ نەخشەو پلان بۆ پێشخستنی قەلای هەولێر دانـراوە ، بەلام لە داخەوە هیچی بە هیچ نەکراوە .. بۆیە دەزگـای گشتی شوێنەوارەکان لـە بەغدا ئەم دەستەیەی بـۆ بوژانەوەو ئاوەدان کردنەوەی قەلا پێك هێنا کە هـەر ئەمەیش بوو بە هۆی میری کردنی ژمارەیەك خـانوو (٣٢ خانوو) لە بەشـی خوارووی قەلا ، دیسـان تازە لەم دوایـیـەدا رووپیوێکی تازە کراوە بریار دراوە کە خەتی تەلەفـۆنو ئاوو کارەباو هـەنـدێ خزمەتگوزاری تر سەر لـە نوێ بگۆڕێو بە شێوەیکی تازە بکرێتەوە بەلام ئەلبەتە تا مالێك لە قەلادا مابـێ ئەم شتانە جێبەجێ ناکرێ .

ـ : یانی لە قسەکانتـا وادەردەکەوێ کە جـاران نەخشەی سالانەتان نەبوو..

ـ : بەلـێ ، جـاران نەخشەو پلانێکی سالانە نەبوو بۆیە ئیش وکار هـەروا هەرەمەکی دەڕۆیی ، بـەلام ئێستاکێ پلانمان هەیە کـە ئەمەش یارمەتی ئیشـو کارەکانمان دەدات کـە بەریك و پێکی یەوە بـڕوات بەرێوە .

ـ : ئەی ئەو خانووانەی ریزی پێشـەوەی قـەلا چۆن ؟ وەکـو خۆیـان دەمێننەوە ، یا چۆن ؟

ـ : خانووەکانی ریـزی پیشەوەی قەلا وەکو خـۆیان دەمێننەوە ، چونکە ئێمـە ئەمانەوێ خانووە کۆنـەکان لەسەر شێوە کۆنەکەی چاك بکەینەوە ئەمەش چونکـە جوانیو دیمەنی قەلا بـەم خانوانە بەستراوەتـەوە وراز اوەترینیشیان ئەوانەن کە دەکەونە ریزی پێشەوە واتە سەر تەنتەنەی قەلا .

ـ : باشە ئەی بەنیسبەت درەخت چینی قەلاوە ، ئایا هەروا بە رووتەلانـی دەمێنیتەوە ، یا چۆن ؟

ـ : ئێمە لەگەل ئـەوەدا نین دارو درەخت لـە پشتێنەی قەلادا بڕوێنین ، لەبەرئەوەی ئەم درەختانـە کاتێ رەگەکانیان دەچێتـە خوارەوە ، کار دەکاتـە سەر ئەو پاشماوە دێرینانەی کـە لە ناو قەلادایەو تائێسـتا دەستی پشـکنیـن نەگەیشتۆتێ ، بەم جـۆرە شوێنەوارەکانمان لەدەست دەچێ .. بەلام دیسـان ئەوە رێی چانـدمـان لێ ناگرێ ، ئێمە دەتوانیـن جۆرە گیایەك بڕوێنین (کـە دەبەریش دانیە بەلام ئێستا لە ژێر لتکۆلینەوەدایە) کـە زۆر بەرز بێتـەوەو لـە هەمان کاتیشدا ببێتە هۆی یەکگرتنی خاکەکەی .

ـ : ئێستا با بێینەوە سەر دانیشتوانی قەلا ، داخـۆ ئەو خەلکەی کە لە قـەلادا ماونەتـەوە ، هـەروا دەمێننەوە ، یا ئـەگـەر وەکو وتتان خانووەکان میری دەکرین ئەو خەلکـە بۆ کوێ دەچنو چیان بۆ دەکرێ ؟

ـ : راستی ئەو خەلکەی کە تا ئێستا لە قـەلادا نیشتوون تەنگ و چەلـەمەو کۆلـەمەو کۆسپێکی تەواوی رێی ئیشـو کارەکانمانن ، بەلام لابردنیان ئەوەش پێویستە(بەدیل)یان بۆ بدۆزرێتەوەو تەعویزیان بدرێتێ .. بۆیە لەم دوایەدا بریاردرا کە ئەو مالانە لـە قەلا دەهێنرینە خـوارەوە

بروانە ل : ٧



بڕوسکەی وڵات

بارام

پاش ئەوەی بۆ بـەرەی ئیمپریالیزمو کاسەلێسەکانی ساغ بوەوە ، کە هێرشـی ئەرتەشە زل و زەبەللاحەکەی رژێمی ئاخونده ئەفامەکانـی ئێران بە هیچ ئەنجامێـك نەگەیشـتـو مایە پووچ دەرچوو ، بەردەوامبوونـی شەڕو رازی نەبوونی رژێمی رەگەزپەرستی خومەینیبە راوەستانی جەنگ ، هیـچ لە ورەو توانای سـوپای عیراقی دلێری کـەم نەکردەوە ، بەلکو رۆژ لـە دوای رۆژ ئەم سوپایـە بەرەوپێشترو لە جـاران بە گورتر هەنگاوی نا ... پاش ئەوەی بۆ هەسـوو دوژمنانی عیراقی سەربلندو ئازا روون بوەوە ، کە ئەم وڵاتە قەلایەکی سەختـی خۆراگرتنەو بنکەی لـە رووخان نەهاتووی شۆڕشو پێشکەوتنخوازیو سیاسەتی سەربەخۆیی یانەی خۆیەتیو، بۆیان دەرکەوت کـە سەرکردایەتی صـدام حسین . . سەرکردایەتیەکـی ئاسایی و تەقلیدی نیـەو لە پیلانو سیاسەتـی ئەوان مەزنترە ...

پاش دەرکەوتنی ئـەم هەموو راستیانە ، کابینەی دوژمنانی عیراق هاتـنو پەنایان بردە بەر چەکـی ئاسمانی گوایە بەم رێگایـە دەتوانن بارە شۆڕشگێڕیەی کەی عیراق بشێوێنـنو ، ئەوەبوو دەستدرێژیـە نارەواکەی هێزی ئاسمانی مەلبەنـدی ئۆتۆمـی زایۆنیستەکان کرایە سـەر وڵاتەکەمان .

مەسەلەکە زۆر روونـەو گەلەکەشمانو هەموو ئەوانەی بەدوای راستیدا دەگەڕێنو پێشکەوتنخوازانە بیردەکە ـ نـەوەو خـۆیـان هەڵناخەڵەتێنن ، زۆر باش لە هۆی ئەم دەستدرێژیە گەیشتوون .

ئەو وڵاتەی بناغـە بـۆ بنکەیەکی ئۆتۆمی دابنـێ ، بێگومان پاش چەند ساڵێك لە هەموو رووبەکی تەکنیکیو شارستانیەتەوە خـۆی دەگەیەنێتە ریزی دەوڵەتـە هەرە پێشکەوتوەکان لـە مەیدانی تەکنۆلۆژیادا ... واتە عیراق لەو کاتـەدا نەك تەنها وڵاتی شۆڕشو بیری سەربەخـۆو ئازادی دەبێ ، بەلکو دەبێتـە بنکەی پێشکەوتـنو دامەزراندنی شارستانیەتێکی نوێ لەسەر بناغەی ئـەو، تەکنۆلۆژیایەی کە چەنـد ساڵە دەوڵەتە گەورەکـان گەلانو میللەتانی بچـووكو تازە پێگەیشتووی پـێ دەترسێننو دەڕووتێننەوە .

هەموو دوژمنانی عیراقـی شۆڕش . . . کوژراوی یەك مەبەسن . . ئەویش تێکدانی ئەم بنکە گەورەو مەزنەیە.. بەلام خەیالیان خـاوەو هەروەکو سەرۆك صـدام حسین رای گەیاند عیـراق هەر بە بنکەی شۆڕشـی دەمێنێتەوەو هێزیش نیـە بتوانێ رێگای پێشکەوتنی لێ بگرێ .

هـەنگاوێکـی کارامـە بۆ پێشخستنی باری پیشەسازی

بەکێتی پیشەسازی عیراقی لە قەولێر

● کەرتی پیشەسـازی تایبەتـی ، لـەو پـرۆژە پیشەسازیانە پێك هاتوە کـە هاووڵاتیان یان کۆمپانیـا موساهیمەکان هاوبەشی ـ یەکان) بەرێوەی دەبـەنو، سەرمایەکەشی هەر هـەی هی خۆیانە ، ئەم کەرتـە حاڵی حازر شان بەشانـی سۆشیالیستی دەوری گەورە دەبینێ بۆ فرەکردنـی پێویستیو شـتومەکو کەلوپەلی هاووڵاتیان ، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشـی گرنگی یەکی داوەتی بـەپێی سیاسەتێکی سـنووردارو ئـەوتـۆ کە جلـەوی سەرکردایەتی هەر لەدەستی کەرتی سۆشیالیستیدا بێ.

عبدالوهاب تالەبانی

ئینجـا یەکێتـی پێشەسازی یەکانی عیـراق ، یەکێکە لەو دەزگایانـەی کە پەیوەنـدی یەکـی نەپچڕاویان لەگەل کەرتـی پیشەسازی تایبەتیدا هەیە، بۆزانینی ئەرکەکانی ئـەم دەزگایە چووینە لای مامۆستا محفـوظ مجیـد الامیـن بەرێوەبـەری یەکێتـی پێشەسازی یەکانی هەولێرو لەوبارەیەوە بۆمان دواو وتی:

ـ یەکێتی پیشەسازی یەکانی عیراق ، یەکێکە لەو دەزگـا گرنگانەی کە ئەرکی پاراستنو پەرەپێدانی کەرتـی پیشەسازی تایبەتی پـێ سپێرراوەو ، هەولـی خستنەکاری سـەرمایەی تایبـەتـی دەدا لـە پێنـاوی پێخستنـی باری پیشەسازیو ئابووری وڵات،بەپێی ئەو سیاسەتەی کە شۆڕش بۆ ئەم یەکێتی یەی دیاری کردوە لەیاسای ژمارە ٧٨ی ساڵی ١٩٧٥دا ، لـەم یاسایەدا ئەم یەکینی یـە دەسەڵاتی ئەوەی دراوەتـی کە نوێنەرایەتی هەمـوو پرۆژە پیشەسـازی یـە ـ تایبەتی یەکان بکا لەبـەردەم کاربەدەستانی دەوڵـەتو دەستەو دەزگا عەرەبـیو دەوڵەتیەکانو دادگاکانـدا ، هەروەها بەگوێرەی ئـەم یاسایە ، یەکێتی دەستەڵاتی ئەوەی دراوەتی کە رێبـاز بۆ پرۆژە پیشەسازی یـە تایبەتی یەکان دابنێ ، بـەو شێوەیەی کە خزمەتـی پەرەپێدانی پیشەسازی وڵات دەکا .

● لەهەولێر ، تائێستا ئەم یەکێتی یە چ دەورێکـی گێراوە ؟

سەرەڕای کورتـی ئەمەنی لقی هەولێر ، بـەلام لەگەل ئەوەشدا دەورێکـی کاریگەری هەبـوە لـە پشتگیری کردنی پـرۆژە پیشەسازی یەکان کە دەکرێنە پێنج بەشەوە :

أ ـ بەشـی یەکـەم : پیشەسازی یەکانی دەرهێنانو کانەکانو دروست کـردن .

ب ـ بەشـی دوەم : پیشەسازی یەکانی خواردە ـ مەنیو خواردنەوە .

جـ ـ بەشـی سێهەم : پیشەسازی یەکیماویەکان .

د ـ بەشی چـوارەم : پیشەسازی یەکانی رسـتنو چنینو .. هتد .

هـ ـ بەشی پێنجـەم : پیشەسازی یەکانـی دارو درتاشیو کاغەز ..

● کەی لقی هەولێـر دامەزرا ؟

لەئـەنجامـی فراوانبوونەوەی بەکارهێنانی سەرمایەی تایبەتی لەکەرتـی پیشەسازیداو ، زۆربوونی پرۆژەی پیشەسازی لـە پارێزگای هـەولێـرو ، پشتگیری کردنی سەرکردا ـ یەتی حیزبو شۆڕش بۆئـەم کەرتە ، بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستان .. لەئەنجامـی ئەم هۆیانەدا لەکۆتایـی ساڵی ١٩٧٩دا یەکێتـی پیشازی یەکانی عیراق لـە هەولێر دامەزراو ، لـە سەرەتای سـالی ١٩٨٠دا دەستی بەکاروباری خـۆی کرد .

● چ جۆرە پرۆژەیـەك لەم یەکێتی یـەدا تۆمـار دەکرێن ؟

ـ جارێ دوو جـۆرە وەرگرتن لەم یەکێتی یـەدا هەیە کەبـەم جـۆرەی خوارەوەیە :

١ ـ ئەنـدام ـ ئـەو پرۆژانەیە کە سەرمایەیان لە شەش هەزار دینار کەمتر نیەو وەرگرتنیان ناچاریە ، واتە ئەو جۆرە پرۆژانـە ناچارن دەبێ ئەندامـی یەکێتی بن .

٢ ـ تۆمارکراو ـ ئـەو پرۆژانەن کە سەرمایەیان لـە شەش هەزار دینار کەمترە .

ئۆتۆمبێـل لێ خورینو کارەساتی ڕێگاوبـان

● **ئاشکرایە لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتی ئێمـە ئۆتومبێـل زور زۆربووە وەك دیـاردەیەکـی ئاشـکرا تـر رووداوو کارەساتی ئۆتۆمبێل وەهـا زۆر تر بووە کەپشتۆتـە ئەوەی مەترسی گـەورەی لێ بکرێت .**

جا ئەگەر بێتو سـەر ژمێریەکی ئەو کەسانـە بکرێت کە ئۆتومبێل لـێ ئەخورن (چی ئۆتومبێلـی تایبەتیو چی ئۆتومبێلـی گشتی) ، ئەوا بۆمـان دەر ئەکەوێت کە ژمارەیان لـە ئەو کەسانە زیاترن کـە خەریکی هەر پیشەیەکـی ترن ، ئەمانەش هـەموویان چی شۆفێری تایبەتـیو چی گشتی چی ئەوانەی بـۆ دەوڵەت کار ئەکـەن ، هەموویان ئیشوکاریان وەکو یەکەو هەر ئۆتومبیل لـێ ئەخورنو وەکو یـەك دوو چاری مەترسـیو رووداوو کارەساتی نا هەمواری سەر شەقامەکان ئەبن ، تەنهـا ئەوەندە هەیـە کە رەنگـە نەختێك جیاوزی لە جۆری کارەساتەکەدا هەبێ .

سەر ژمێریەکـی رێکخراوی تەندروستـی جیهانی لە عێراقـدا وای دەرخستوە کە بێنجەمیـن مردن بە هۆی کارەساتـی ئۆتـومبێلـیـەوە بووە ، واتـە لە پێنج مردنـا یەك مردنی بە هـۆی کارەساتی ئۆتومبیلەوەیـە ، هەر لەم رووەوە لە ساڵـی ١٩٧٥دا دایەرەکانی پۆلیسی عێراقی زیاتر لە هەشـت هەزار رووداوی سـەر شەقامەکانیان تۆمار کردووە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنـێ کە ٢٥٠٪ی لە پێنج ساڵی پێشو زیاد کردووەو ئیتـر لەم رووەوە دوور بینـیو لێك دانەوە جیهانی یەکانیش وا ئەگەیەنن کە لە وانەیـە لـە هەمـوو ساڵێکـدا لە دەساڵی داهاتوداو لـە هەمـوو سـەرانسەری جیهاندا زیاتر لە چارەکـە ملیۆنێك مردنو نزیکـەی دە ملیون برینداری قورسـ بە هۆی رووداوو کارەساتی ئۆتومبێلەوە رو بدات .

● ئەو هەشت هـەزار رووداوەی کە لە سەرەوە باسمان کردوو وتمان لەساڵی ١٩٧٥دا لە عێراق رووبـان داوە ، هەموو رووداوەکانـی ئەو ساڵە ، چونکە رووداوی بچکۆلەو برینداری سوك کە بە هۆی کارەساتـی ئۆتۆمبێلـەوە رو ئەدەن لـە بەر زۆر هۆی گشـتیو تایبەتی لە دایەرەکانـی پۆلیس‌دا تۆمار ناکرێن یاخود پۆلیسی لێ ئاگادار ناکەن ، هەر لەم رووەوە لێکۆڵینەوە زانستیەکانیش ئەوایـان دەرخستوە کە گوایا ژمارەی برینداری سوك و رووداوی بچوك کە دایەرەکانی پۆلیسی لێ ئاگادار ناکرێت سـێ ئەوەندەی ژمارەی برینداره خەتـەرەکـانو رووداوە گەورەکانە کە پۆلیسی لـێ ئاگادار ئەکرێت . جا بـەو گوێرەیە ئەتوانین ژمـارەی رووداوە بچوکەکانی ساڵـی ١٩٧٥ لە عێراقدا دانێین بـە ٢٠ـ٢٥ هەزار رووداو کە لە دایەرەکانی پۆلیسی‌دا تۆمار نەکراون ، ئا بەم شێوەیە لە وانەیە بتوانین دەرك بـە رادەی زیانی کارەسـاتو رووداوی ئۆتومبێل بـۆ سەر لایەنی گیانیو ئابووری نیشتمانیمان بکەین .

ئامادەکردنی
حمە سعید حمە کریم

Institut Kurde de Paris

ئەشکەنجە

نوسینی چیکۆف
هیوا عمر احمد
لەئینگلیزیەوە کردویەتی بەکوردی

شەو تارای تاریکی دادابۆوە ، چراکانی شەقامەکە زۆر نەبوو داگیرسێنرابوون . پێچە کلووی بەفرەکەی دائەباریە سەر بانو پشتی ئەسپو سەر شانو شەبقەی فەروی خەلکەکە ، بە هێواشی لەبەر ڕۆشنایی چراکاندا سەمایان ئەکرد .

ـ جۆنا پۆتاپۆی گالیسکەوان ، بێجوولە خۆی لەسەر گالیسکەکەی گرمۆلە کردبوو . بەفرەکە هێندە سپی کردبوو لە تارمایی ئەچوو ، وادیار بوو ئەگەر بەفرەکە بە تەواویش دابپۆشێ ، بیری لەوە نەئەکردەوە خۆی بتەکێنێ . ماینە پیرە بچووکەکەی بێ بزووتن ڕاوەستابوو ، هێندە لەش و لاری ڕێکو پێکبوو لە بووکەشوشە ئەچوو . دوورنیە ماینەکەش لە بیرکردنەوەدا بووبێ ، ئەگەر یەکێ لەو سەوزەبارو مێرگو گاسنە دابڕێ کە پێی ڕاهاتووەو بهێنرێتە نەم شوێنە جەنجالە پڕ لە ڕووناکی ترسێنەرە ، هەر خولقێنراوێ بێ ، ستەمە بیر نەکاتەوە .

لە شێوانەوە هاتوونەتە ئێرە . بەلام کەس نەهاتووە سواری گالیسکەکەی بێ . تاریکی شەوەکە چڕترو ڕووناکی کزی چراکان گەشترو قاوو قیژو جەنجالی ڕێکاکە پتر ئەبوو . دەنگێ هاتە گوێی (جۆنا) :

ـ (ئەرێ کابرا ، نامگەیەنیتە کەناری ـ قیبۆرگ ؟) .

چاوی کردەوە ، لە نێوان برژانگە بەفراویەکانی یەوە ئەفسەرێکی دی . پالتۆیەکی شنەبقەداری لەبەردابوو ، هاواری لێ کردەوە ،

ـ (ئەلێی خەوتوی ، نامگەیەنیتە کەناری .. قیبۆرگ ؟) .

جلەوی ماینەکەی توندکردەوە . ماینەکە جوولاو وەکو خاوەنەکەی خۆی لەبەفرەکە تەکاند . ئەفسەرەکە سواربوو . گالیسکەوانەکە خۆی گورج کردەوە ، فیکەیەکی لێداو قامچیەکەی ڕاوەشاند ماینەکە خۆی قیت کردەوە ، ملی بلندکردەوە ، قاچە باریکەکانی جوولاند ، گالیسکەکە بەڕێکەوت . هاوارێ لە تاریکستانیەکەوە بلند بووەوە ،

ـ (ئەوە ئەلێی شێتبووی ، بۆ گوێ لێ ئەخوری ؟ ، بەرەو لای ڕاست وەرگەڕێ !) .

ئەفسەرەکە بە سەری داقیژاند ،

ـ (ئەلێی نازانی لێبخوری ، کابرا دەستە ڕاست بگرە ؟) .

گالیسکەوانێك جنێوێکی پێدا ، کابرایەك بە بەردەمیاندا ڕابورد ، شانی بەر قەپۆزی ماینەکە کەوت . شانی تەکاندو مۆرەیەکی لە ـ جۆنا ـ کرد .

(پۆتاپۆ) جێی بە خۆی نەئەگرت ، ئەتووت لەسەر پشکۆ دانیشتووە ، شانی بەرزنەکردەوە ، چاوی بەملاو بەولادا ئەگێڕا . وەك نەزانێ لە کوێیەو بۆ لەو جێیەدایە ؟ . ئەفسەرەکە بە گالتەپێکردنەوە ووتی :

ـ (چەندە ناگەس بەچەن، بە دەستی ئەنقەست ڕێت پێ ئەگرن) .

ـ جۆنا ـ دەمی هەلهێنایەوە شتێ بلێ . بەلام ووشەکان لە قورگیدا گیران ،

تەنیا بۆلە بۆلێکی لێوەهات . ئەفسەرەکە پرسی : ـ (چی ئەلێی ؟) .

گالیسکەوانەکە قورگی پاککردەوە ، زەردەخەنەیەکی گرت ووتی :

ـ(ئەم هەفتەیە ، قوربان کوڕەکەم ئەم هەفتەیە مرد) .

ـ (بەڕاستتە ، بەچی مرد ؟)

بە تەواوەتی ئاوڕی لێدایەوە ووتی :ـ (خوا ئەزانێ ، تا ی هەبوو ، سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتو ئیتر مرد . فرمانی خوای بەجێ هێنا) .

دەنگێ لە تاریکیەکەوە هات :

ـ (پیاوخراپ، ئاگاداربە، ئەلێی شێتی ، کوێری ، چاوت نیە ؟)

ئەفسەرەکە ووتی :

ـ (خێراکە، خێراکە بەم شێوەیە بڕۆین بۆ بەیانی ئەگەین) .

جۆنا ـ خۆی قیت کردەوە، جێی بە خۆی نەئەگرت . چەند جارێ ئاوری لە ئەفسەرەکە دابەوە ، بەلام ئەم چاوی نوقاندبوو ، وادیاربوو نایەوێ گوێی بۆ شل بکات . پاشی ئەوەی ئەفسەرەکە دابەزی، لەبەر دەم شوێنێکی جەنجالدا گالیسکەکەی ڕاگرتو لێی مات بووەوە. بەفرە سپیەکە بەسەر خۆی و ماینەکەیدا توێژی بەستەوە . سەعاتێ ، دووان ڕابورد ، دوو گەنجی لاوازو بالا بەرزو گەنجێکی کورتو پشت کۆم . بە جنێوبەیەکدانو هەراو هوریاو پۆستاڵ لەزەوی خشاندن بەرەو لای ئەم هاتن . پشتکۆمەکە بەدەنگێکی نافۆلاوە ، ووتی:

ـ (ئەرێ کابرا ، بەمانگەیەنەرە پردی پۆلیس وبیەت (کۆبك)ت ئەدەینێ) .

لغاوی ماینەکەی توندکردەوە ، فیکەیەکی لێدا . قسەی خۆمانبێ ، بیست ـ کۆبك ـ هەر پارە نیە ، بەلام ئەو لەوساتەدا بیری لای پارە نەبوو . ڕۆبلێك و پێنج کوپکی لا وەك یەك وابوو . تەنیا ئەوەی لا گرنگ بوو، کەسێ بگەیەنێتە شوێنێ .

گەنجەکان بە بگرەو بە دەو قاووقیژەوە سەرکەوتن . ئەبوایە دوانیان دابنیشن بڕیاریاندا لەبەر ئەوەی پشت کۆمەکە بالای کورت ترە ، ئەبێ ئەو بە پێوەبێ . لە پشت ـ جۆنا ـ ڕاوەستا ، بە دەنگێکی پچڕ پچڕ ووتی ـ (بابڕۆین) .

قسەکەی تەواوکرد .

ـ خێراکە ، ئەمە کەی گالیسکەیە . لەوانەیە بگەڕێی لەم شارەدا لەم گالیسکەیە خراپتر نەدۆزیتەوە)..

جۆنا ـ بەدەم حلیکانەوە ووتی : ـ (هەر ئەوەندەم پێ ئەکرێ) .

ـ (دەی خێراکە ، هەر ئەوەندەت پێ ئەکرێ ، بۆ ناتەوێ هەروا لێ بخوڕی ؟ . گەر خۆت گورج نەکەیتەوە تێت ئەسرەوێنم) .

گەنجێکیان ووتی :

ـ (سەرم دێشێ ـ دوێنێ چوار شووشە ـ براندی ـم لای ز دۆکم ـاسـۆف خواردەوە .

ئەوی تریان بە پەستی ووتی : ـ (کوڕە شوورەیی یە، ئەم درۆ زلانەت لەچی یە ؟)

ـ (دەوەرە مەمرە ، بەڕاستەم)

ـ (وایە ، جا کێ درۆی لە تۆ بیستووە ؟)

جۆنا ـ حلیکایەوە.ووتی ـ (چەندە بەگەیفن !)

پشت کۆمەکە هاواری کرد:

ـ (داوەشێی بۆخۆت و لێبخوڕینت، کابرا قامچی یەکی لێدە با گورج بێتەوە) .

ورده ورده هەست بە تەنیایی یەکەی ـ جۆنا ـ نەما .

پشت کۆمەکە ، تێی ئەخوڕی و بە دەنگی لەرزۆکەوە نەفرەتی لێ ئەکردو جنێوی پێ ئەدا ، تا هاوڕێیەکی (نوکتە) یەکی ئەگێڕایەوە، ئەوسا پێ ئەکەنی تا ئەکەوتە کۆکەکۆك . دوو هاوڕێکەی کەوتنە باسی کیژێك ناوی ـ بترۆفنا ـ بوو .

گالیسکەوانەکە ئاوڕێکی لێدانەوە ، پاش کەمێ ئاوڕێکی تری لێدانەوەو بە مینجە مینج ووتی :ـ (سەیرکەن ، ئەم هەفتەیە کوڕەکەم مرد !)

پشت کۆمەکە پاش ئەوەی لە کۆکین کەوت ووتی ،

ـ (هەموومان ئەمرین ، کوڕە کابرا دەستو بردت بێ ، وابڕوا ناگەین) .

ـ (شەقازلەیەك لە بناگوێی بسرەوێنە با خێرابێتەوە)

ـ(پیری کەنەفت گوێت لێیە ؟ . بەشەقازلەیەك گورجت بکەمەوە . گەر یەکێ ڕێزی مرۆڤی وەك تۆ بگرێ ، ئەبێ بە پێ بڕوا ، گوێت لێیە ، یان لات گرنگ نیە چی ئەلێین ؟) .

جۆنا ـ بە حیلکە حیلکەوە ووتی ـ (خوابتان هێلێ چەند گەنجو بەکەیفن !)

یەکێ لە گەنجەکان لێی پرسی ـ (ئەرێ تۆ ژنت هەیە ؟)

ـ (من ، هاهاها ، گەنجو بێ غەمن . ئێستا زەوی شێدار ژنمە ، هۆ هۆ هۆ ، مەبەستم ـ گوڕ ـ ٥ ... کوڕەکەم ئەمرێ ، من بەزیندوویی ئەمێنمەوە . شتێکی سەیرە ، مەرگ بە هەلەداچوو ، لە باتی ئەوەی من بباتەوە، ژیانی کوڕەکەمی قۆچەکرد) .

ئاوڕی لێدانەوە تا پێیان بلێ ، کوڕەکەی چۆن مرد . بەلام پشتکۆمەکە هەناسەیەکی خۆشی هەلکێشاو ووتی ، گوایە گەبشتنە جێ .

بە دەم ئەوەی (بیست کۆبك)ەکەی ئەخستە گیرفانی ، سەرنجی لێ ئەدان کە چۆن لە تاریکی یەکەدا دیار نەئەمان . دیسان کەوتەوە تەنیایی ، دیسان خامۆشی لە ئامێزی گرتەوە . دیسان کەوتەوە هەناسك هەلکێشان . دڵی لە جاران تەنگتر بوو . بە دووچاوی پڕ لە ئەشك و ژان و دوودڵی یەوە سەرنجی ئەو حەشاماتەی ئەدا ، کە بە شەقامەکەدا ڕائەبوردن . تۆبڵێی یەکێ لەو خەلکە نەیەوێ گوێ بۆ ڕازەکانی شل بکات ؟ . بەلام چی بکات ؟ خەلکەکە نەهەست بەبوونی ئەو ئەکەن و نە هەست بە ئەشکەنجەو ژانەکانی ئەکەن . گەر دڵی بتەقی یایە ، ئەشکەنجەو ژانەکانی لافاوێکیان هەڵئەستاند جیهانی ئەکرد بەژێرەوە . بەلام کەس نایان بینێ ، لەشوێنێکی وادا خۆیان شاردۆتەوە ، لە ڕۆژی نیوەڕۆشدا نادۆزرێنەوە .

دەرگاوانێك بە کۆلێکەوە بەلایدا تێپەڕی . جۆنا ـ لێی پرسی ،

ـ (سەعات بووبە چەند ؟) .

ـ (لە ـ ئەوی تێپەڕاندووە ، ئەرێ کابرا بۆچی لێرەدا وەستاوی ، لەم ناوە دوور بکەوەوە).

چەند هەنگاوێ دوورکەوتەوە، خۆی گرمۆلە کردەوەو جلەوی بۆ ئەشکەنجەو ژانەکانی شل کردەوە . وا هەستی ئەکرد ، بێ سودە گەربیەوێ ڕوو لە خەلکی بکات . هەریەکەیان بە کاری خۆیەوە سەر قاڵە . پاش کەمێ خۆی گورج کردەوە ، وەك سەری بیەشێ ، سەرێکی باداو لغاوی ماینەکەی توند کردەوە ، ئیتر حەوسەلەی نەما ، ناتوانێ لەوە زیاتر بەرگە بگرێ .

لە دڵی خۆیدا ئەیووت : ـ (باشتر وایە بچینە ماڵەوە)

ماینەکە وەك ئاگای لە بیرکردنەوەکەی بێ ، کەوتە پەلە ، پاش سەعاتو نیوێك لە تەنیشت ـ ئاگردانێکی کۆنو پیسو پۆخڵدا لێی دانیشت . خەلکی لە سەرزەوی و ئاگردانو سەکۆی ناو ژورەکەدا لێی خەوتبوون، پرخەیان ئەهات. ژوورەکە بۆگەنی لێوە ئەهات، سەیری خەوتووەکانی ئەکردو خۆی ئەخوراند ، لەوە پەشیمان بووبۆوە کە زوو هاتەوە ، کەوتە بیرکردنەوە. (پارەی جۆداسێکیشم پەیدا نەکردووە ، بۆیە هێندە دڵم تەنگە . ئەوەی کاری خۆی بزانێ و خواردنی خۆی و ماینەکەی مسۆگەر بکات ، هەست بە حەوانەوە ئەکات) .

لە سووچێکی ژوورەکەوە، شۆفێرێ ڕاستبۆوە . بە بۆلە بۆل بەرەو لای شوێنی تاجیرە لە لەشی بن کەراسێکدا مابێ ، کاوەی هێوارەی کێوی گول ..

چاوانی من هەروا شلوێن
خوێنی من هەروا دێتەکول .
تا هەناسە لە سینگی
بامەزنی(٢) شادەوە بێ
بێشەرم زی(٣) بترا زێنێ
دڵە مەمکە نەوتینەکەم
دەبێ هەروا دارو بەردی
ئارامو هۆش و بینایم

بسووتێنێ !

ـ ٢ ـ

ئەوین دارانی ئاسمانی
توانەوەو سووتانە بەشیان
لاسای منیان ئەکردەوە
جانەوەرو مارو مێرووی
بنارەکان
شوڕابەی مێویش
زۆر خۆی بە یێخەی
دارا هەڵواسان
بۆیە گشتیان بوون بە منو
لە نێو چاڵی ئەوین سووتان
ئەوە هەورن بۆ پێشوازی
مەلو دەعبا کۆچەرەکان
بەرەو (تاڵی)و (کوڕی ڕەش)(٤)
دەکشێن ؟
یا کەڕەنای سەرە دۆزەخەکەی منە !
ئاو دێنێ لە چاوی عاسمان
فەڕی ئەو ئەشکە سوورانەن
گوڵاڵە سوورەی (سووڕبوون)یان
لە نێو گوڕستانیشا ڕوان ..



شێخ محمد باقەك

ـ ١ ـ

کەو بەهاری گیانی منەو
گراوی بەفرێ
لەهەر کوێ کەویەی(١) سینگی دی
بۆی هەڵ ئەفرێ
ئەوە مەمکن
یان ئاگری
دڵە دوو دڵەکەی منە
شوانان لەوێ کردوونەوە !

(١) کەویە : ئەو بەڵەبەفرە گەورانەن کە بەهاران لە کاتی ڕەشو بەڵەکی کوێستانێ وەدەرئەکەون .
(٢) بامەزن : ئەو شەماڵەی لە ڕۆژهەڵاتی باشوورەوە دێ .
(٣) زی : یێخە ، بەرۆك .
(٤) تاڵی و کوڕی ڕەش دوولوتکە چیان کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی گرندی وەلزێ .

هەواڵی ڕۆشنبیری

یەکێتیی نووسەرانی کوردو دوو کۆڕ :

کێتیێکی مامۆستا عیزەددین فەیزی یە، بریتی یە لە ٨٠ لاپەرە لە چاپخانەی شارەوانی هەولێر چاپکراوە ، سەرەتا باسی یەکێتیی نووسەرانی کوردو کۆنگرەکانی دەکات ، ئنجا دێتە سەر دوو کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کە یەکێتیی بۆ مامۆستا فەیزی ی بەستووە لە یەکەمدا لە هەولێر باسی هەندێ لە بیرەوەری یەکانی خۆی کردووە دەربارەی پەروەردەو ڕۆشنبیریی کوردی ، لە دووەمیشدا لە سلێمانی باسی ڕۆژنامەی هەولێرو تاقی کردنەوەی خۆی کردووە لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا، ئنجا چەند نموونەیەکی لەو نووسینانەی خۆی بلاوکردوەتەوە کە وەختی خۆی لە ڕۆژنامەکەدا نووسیونی .

یا من گونیو نەگونی :

کۆمەڵە شیعرێکی نوێی ماموستا تێلی ئەمینە بە یارمەتی ئەمینداریی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوان هاتیە چاپکرن ، لە چاپخانەی (الحوادث) چاپکراوەو بریتی یە لە ٢١ پارچە شیعر .

کۆچی دوایی ولیام سارۆیان:

لە کۆتایی مانگی پێشوودا لە کالیفورینا ولیام سارۆیان لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا مرد ، سارۆیان کە یەکێکە لە ڕووتکە بەرزەکانی دنیای چیرۆك ـ نووسیی جیهانو بە ڕۆمانە بەرزەکەیەوە (کومیدیای مرۆڤایەتی) بەناوبانگە ، لە دایكو باوکێکی ئەرمەنی یەنابەری ئەمەریکا پەیدابووەو ژیانی منداڵی ـ پاش مردنی باوکی ـ لە هەتیوخانە بەسەربردووەو لە گەڵ دایکیدا ڕەنجو کۆششو کوێرەوەری یەکی زۆریان چەشتووە تا ئەو وەختەی کە بەهەرەی ئەدەبی لێدەرکەوتووە . سارۆیان جگە لە ڕۆمان ، کۆمەڵێك شانۆیی و کورتە چیرۆکی بلاوکردوەتەوە .

بانگەوازێ

خۆم بە بەختیار دەزانم ، کە هەردەم توانام هەبێو بگەڕێم بە شوێن ساغکردنەوەی کەلەپووردا ، بە تایبەتی بەرهەمەکانی هەندێ شاعیری زاناو بلیمەتی وەك ، میرزا ئوقادری پاوەیی و میرزا ئەلماس خانو ئەحمەد بەگی کۆماسی و میرزا شەفیعی کەتۆلەیی .

دیارە ، لەم بارەیەوە ، بەمەبەستی هاریکاریکردن ، ڕوو لە ڕۆشنبیرانو خوێندەوارانی کورد دەکەین، بۆ ئەوەی بە دەنگمانەوە بێنو چی دەربارەی هەریەکێ لەم شاعیرانەوە دەزانێ ، یاخرد ، ئەگەر چیزەیێ بەرهەمیان لایە ، بۆمانی بنێرنو ئیمەش هەر ئەوەندمان لەدەست دێ ، کە پڕ بە دڵ سوپاسیان پێشکەش بکەین ، ئەگەر چی ئەم جۆرە یارمەتیدانانە لە باغچەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ون نابێ ، هەربژین .

محەمەد ئەمین هەورامانی

Institut kurde de Paris

تەیزە سەرکەوتووەکانمان دەستی دلێرانە لە فارسی دوژمن دەوشێنن

رۆژی ١٧ - ٦ - ١٩٨١

١٧٣ کوژراو ، یەك سەنگەری پیادە ، پێنج تانك ، یەك نەفەربەری زرێپۆش ، یازدە ئۆتۆمبیل ، پێنج تۆپخانەی هەمە جۆر، چوار بنکەی مووشەکی (تاو) ، چوار شەڤل ، دە کۆمەڵ تەقەمەنی و یەك رووانگە .

رۆژی ١٨ - ٦ - ١٩٨١

٥٩ کوژراو ، چوار سەنگەری پیادە ، یەك تانك، دوو نەفەربەری زرێپۆش ، چوار ئۆتۆمبیل ، دوو تۆپخانە ، دوو شەڤل ، پێنج کۆمەڵ تەقەمەنی و دوو رووانگە .

رۆژی ١٩ - ٦ - ١٩٨١

٨٣ کوژراو ، دوو تانك، دوو ئۆتۆمبیل ، یەك تۆپخانە ، یەك شەڤل ، هەشت کۆمەڵ تەقەمەنی .

ئەمەو دوژمن بە تۆپخانەی قورس لە دەوروبەری ناوچەی عەبادانەوە بەرانبەر بە شاری بەسرە ، ئەم شارەی بۆردمان کردو نۆ کەسی بریندار کرد .

رۆژی ٢٠ - ٦ - ١٩٨١

٥٧ کوژراو ، شەش سەنگەری پیادە ، یەك نەفەربەری زرێپۆش ، یازدە ئۆتۆمبیل ، دوو تۆپخانە ، دوو شەڤل ، شەش کۆمەڵ تەقەمەنی ، چوار رووانگە.

رۆژی ٢١-٦-١٩٨١

٧٨ کوژراو ، سێ سەنگەری پیادە ، سێ تانك ، سێ نەفەربەری زرێپۆش ، نۆ ئۆتۆمبیل ، سێ تۆپخانە ، یەك بنکەی مووشەك ، دوو شەڤل ، حەوت کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەك رووانگە .

ئەمەو دوژمن جارێکی تر بە دوو تۆپخانەی قورس لە دەوروبەری عەبادانەوە شاری بەسرەی بۆردمان کرد کە بە دەستدرێژی بەردەوامی رژێمی فارس دادەنرێت .

رۆژی ٢٢-٦-١٩٨١

٣٨٤ کوژراو ، پێنج تانك، یەك نەفەربەری زرێپۆش ، پێنج ئۆتۆمبیل ، چوار تۆپخانە ، یەك بنکەی مووشەك ، پێنج شەڤل ،سێ کۆمەڵ تەقەمەنی .

رۆژی ٢٢-٦-١٩٨١

٢٩٤ کوژراو ، سێ سەنگەری پیادە ، دوو تانك ، نەفەربەرێکی زرێپۆش، سێ ئۆتۆمبیل ، دوو تۆپخانە ، یەك بنکەی مووشەك ، کۆمەڵێك تەقەمەنی ، سێ رووانگە .

ئەمەو دوژمن سەرلەبەیانی ٢٣ - ٦ بە تۆپخانەی قورس لە دەورو بەری ناوچەی عەبادانەوە شاری بەسرەی بۆردمان کرد .

ئێران «پاشماوە»

بە دادگادانی سەرۆکی رژێم.

لە جیاتی بەنی صەدر ئەنجومەنێکی سێ کەسی کە بریتی‌یە لە رەجائی سەرەك وەزیران و رەفسەنجانی سەرۆکی ئەوەی پەرلەمان و بەهەشتی سەرۆکی ئەوەی پێی دەووترێت دادگای بالا سەرەك کۆماری بەڕێوەدەبەن کە هەموویان دارو دەستەو سەرکردەی ئەو دەستەڵاتدارەن کە جەنگێکی دژواریان دژ بە سەرۆکی رژێم کرد تا توانیان راوی بنەن .

ئەمەو سەرۆکی رژێم بەرە تاوانبار کراوە گوایە هاووڵاتی‌یەکانی هان داوە بەرەنگاری رژێم بکەن و هانی بەندی‌یەکانی داوە دەست بە مان‌گرتن بکەن .. لە کاتێکدا کە پۆلیسی فارس ئێستا خەریکی پشکنینێکی فراوانە بۆ ئەوەی بەنی صەدر دەست بەسەر بکات .

لە لایەکی تریشەوە تاقمە نەزانەکەی تاران ددانی بەوەدا ناوە کە مستەفا شەمران نوێنەری خومەینی‌ی جادووگەر لە ئەوەی ناوی ئەنجومەنی بەرگری بالا بە .. لەگەڵ یەکێك لە گەورەکانی دەستەودایەرەی رژێم‌دا رۆژی یەك‌شەممە لە کەرتی خەفاجییە کوژراون.

شایانی باسیشە کە مستەفا شەمران وەزیری بەرگری بوو لە حکوومەتەکەی مەهدی بازرگان‌دا و یەکێك بوو لە سەر کردەکانی ئزووتنەوەی ئەمەلی گومان لێ‌کراو لە لوبنان .

ئەمەو دەستەڵاتدارانی رژێمی فارس رۆژی دووشەممە ڕایانگەیاند کە سەرکردەی ئوێی کارو چالاکی‌ی غەیرە نیزامی کە بریار بوو شوێنەکەی مستەفا شەمران بگرێتەوە لەگەڵ مستەفا شەمران‌دا لە خەفاجییە کوژراوە .

شایانی باسیشە کە ئەم دوو بەکرێگیراوانە بە دەستی هێزە چەکدارەکانمان کوژران لەو جەنگەدا کە پێش هەفتەیەك لە خەفاجییە رووی داو دوژمن باشترین بارچە سوپایی‌یەکانی خۆی تێدا بە کار هێنابوو .

گرتنی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران

دەستەڵاتدارانی رژێمی فارس شەوی دووشەممەی رابوردوو صادق قطب زادە وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران‌و شێخ علی تارانی یەکێك لە سەرکردەکانی رێکخراوی - موجاهیدی گەل -یان گرت .

ئەمە رۆژی سێ‌شەممە رۆژنامەی - تیهران تایمز - کە بە ئنگلیزی دەردەچێت بڵاوی کردووەتەوەو ووتوویەتی ئەم دووانە لەبەر ئەوە گیراون چونکە بەرهەڵستی رژێمی دواکەوتووی خومەینی‌یان کردووەو لە چالاکی‌و کاروباری رووخاندنی‌دا بەشداری‌یان کردووە .

هەروەها ووتراوە کە رۆژی دووشەممە ژمارەیەك لە نوێنەرانی لایەنگیری سەرۆکی راکردووی رژێم بەنی صەدر دەستگیر کراون.

دەزگاکانی راگەیاندن «پاشماوە»

بارچە سوپایی‌یەکانی عیراق لە سەنگەرەکانیان‌دا وای‌کرد ئەو هێرشە فراوانەی دوژمن سەرکوت بکرێت‌و نەیەڵن ئێرانیەکان ئامانجەکانیان بەدی بهێنن ئەنجا هێرش‌بردنی بەرانبەرانەو لابردنیان لە مەیدانی جەنگداو راونانیان‌و تێکشکاندنی پاشماوەکانیان .

هەروەها ووتبووی بارچە سوپایی‌یەکانی عیراق بەرەو رووی ئەم هێرشە بوونەتەوەو ئەیان هێشتووە سەربگرێت‌و زیانێکی گەورەی ماڵی‌و گیانی‌یان بە هێزەکانی ئێران گەیاندووە .. کە هەوڵیان داوە هێرشێکی تر بکەن بەڵام هێزەکانی عیراق کوت‌وپڕ سەرکوتیان کردووە .

چەند پرۆژەیەك «پاشماوە»

کۆمەڵێك پرۆژەیان تەواو کرد کە ٧٢٧ هەزار دیناریان تێ چووە و بریتی بوون لە دروست کردنی خانووبەرەی ئامۆژگای کوێران و مەلبەندێکی تەندروستی خۆ پاراستن و دەرمانگەیەکی پزیشکی و خانەیەکی سستەران و شووەو یاریگا لە مەلبەندی لاوانی دهۆك و مەلبەندێکی تەندروستی‌ی سەرەکی ناحیەی درکارو دوو خانوو بۆ پزیشکەکان لە سەرسەنگ و یەك خانووبەرەی دەوڵەتی لەگەڵ دوو خانوودا لە باتێل و خانوویەك بۆ پزیشك لە ئامێدی .

وەتەیەکی گرنگی سەرۆکی فەرمانده «پاشماوە»

دەووترێت خۆپێ پاراستن کە نایەڵن نەتەوەی عەرەب پێشکەوێت و ڕاچەنێت و هەموو شتێك لە زانست و تەکنەلۆژیادا تێ بگەن ئەمە ئەو شێوازە نی‌یە کە نەیەڵێت نەتەوە ڕوو بکاتە ئامانجەکانی و ئەم شێوازە ئەو پارێزەری‌یە ناهێنێتە کایەوە کە دەربارەی بۆ جوولەکەکان دەدوێت چی لە خاکی فەلەستین‌دا بن یان لە دەرەوەی خاکی فەلەستین ئەوەی پارێزەری‌یان بۆ ئامادە دەکات ئەوەیە قایل‌بن ئەو ڕاستی‌یە قبووڵ بکەن کە دەبێت وەك ڕاستی‌یەکی واقیعی‌ی بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ بکەن .. رۆژێك لە رۆژان کە نەتەوەی عەرەب مافی ئەوەی هەیە بە ئاشتی و ئاسایش بژێت و دەستەڵاتی تەواوی خۆی و سەربەستی‌ی خۆیی هەبێت لە بڕیاردان‌دا سەرەڕای سەربەستی‌ی خۆی لە پەرەسەندن و کارکردن و بنیاتنان‌دا .

هەروەها بەرێز سەرۆکی فەرمانده ووتی هیچ هێزێك نی‌یە لە زەمین‌دا ئەگەر ئێستا پارێزەری‌ی بۆ دەستدرێژی کردن لە رێگای کاری دەستدرێژیەوە ئامادە بکات ئەوا هەموو هێزەکان ناتوانن پارێزەری بەهۆی ئەم رێگایەوە لەسەر حسێبی نەتەوەی عەرەب لە پاشە رۆژدا ئامادە بکەن .

ئەمەو ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەکەیدا کە پتر لەسێ سەعاتی خایاند لە چەند مەسەلەیەك کۆڵایەوە و بڕیاری گونجاوی بەرانبەریان هێنایە ئاراوە .

لە کۆبوونەوەکەدا بەرێز طە محیی‌الدین معروف جێگری سەرەك کۆمار و بەرێز طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش یەکەمین جێگری سەرەك وەزیران و بەرێزان هەردوو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕش هەردوو جێگری سەرەك وەزیران طارق عزیز و سعدون غیدان ئامادە بوون .

دەقی ووتەکەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکەینەوە .

قەلای هەولێر «پاشماوە»

یەکو پارچەیێ زەوی‌و (٥٠٠) دینار وەردەگرن ، کە ئەمەش یارمەتیان دەدات بەوەی ژیانیك بۆ خۆیان دابین بکەن .

- : کاك ئیکرام ، دەڵێم تەبیعی ئەوە دیارە کە چوار دەوری قەڵا نیوەی زیاتری چۆڵ‌وکراوەو ئەوەیشی کە ماوەتەوە چۆڵ دەکرێ‌و دیواری پێ هەڵدەپەسیرێ. دەڵێم داخۆ بیر لەوە نەکراوەتەوە ، ناوە ناوە دوکانۆکە (کشك)ی لێ دروست بکرێ‌و شتی فۆتکلۆری ناوچەی هەولێری تێدا بفرۆشرێ .

- : هەر چەندە ئەم پرسیارە پەیوەندێکی راستەو خۆی بە ئێمەوە نی‌یە ، بەڵام وەك پێشنیارێك لە جێی خۆیدایە .

● لە وەڵامی پرسیاریکی تر کە دەربارەی کونترین خانووی قەڵاو هەروەها ئەو خانووانەی کە نرخێکی مێژوویان هەیە ، کاك کمال نوری مەعروف وتی :

جارێ نیسبەت بە کۆنترین خانووی قەڵاوە دەبێ ئەوە بزانین کە کونترین خانوو لە (١٥٠) ساڵ رەتناکا کە ئەویش (گەرماوی قەڵا) یە .

بەڵام ئەو خانوانەی کە نرخێکی مێژوویان هەیە ، ئەوەی راستی‌بێ خانووەکانی قەڵا زۆربەیان نرخی مێژوویی خۆیانیان هەیە ، بێ‌گومان ئەم نرخەیش بەو نەخش‌و نیگارو تاج‌و هونەری وەستایانەیەوە دەسنیشان دەکرێ کە جێی شانازیەو نوێنەری قۆناخێکی مێژووین .. لە خانووانەیش هەر بۆ نموونە ئەو خانووەی کە بە رەشید ئاغا ناسراوەو پریەتی لە نەخش‌و نیگاری جوان کە بە گەچ دروست کراوەو هونەرمەندی‌و دەستەرەنگینی وەستاکەی تێدا دەردەکەوێ، هەروەها خانووەکەی جەمیل عەلی کە بە خانووی تاجەکانەوە ناسراوە ، ئەوە بێجگە لە خانووی شەهاب چەلەبی کە چاو لە سەیرکردنی‌یەوە تێر نابێ بەوەی کە ئەو وەستایانە چۆن چۆنی یاریان بەو خشتانە کردوە .

● دوا سەرنج

ئەوەی سەردانێکی قەڵا بکاو لە خانووەکانی وردبێتەوە دوو دیاردەی دێتە بەر چاوان کە یەکەمیان ئەستوورایی دیواری خانووەکانیەتی‌و گەلێك دیوار هەیە لە دوو مەتر رەت دەکا ، ئەوی دیکەیان ژێر زەمینەکانیەتی، کە لەو باوەڕەدام ، بۆ هاوبنان بەبێ بەکارهێنانی هیچ هۆیەکی کارەبایی‌یەوە نموونەی نی‌یە بۆ حەسانەوە.

ئەوە بێجگە لە دیاردەی ژوورەیەك لە ناو یەکەکان کە بێ‌گومان دوا ژوور ، ژووری نووستن بووە ..

گیروگرفتی رێگاو .. «پاشماوە»

هەموو لایەك هەوڵمان داو هۆی رووودانی ئەم کارەساتە تاهەموارانەمان زانی ، ئیتر ئەبێ دڵسۆزانە بیر لە چارەسەرو کەم کردنەوەیان بکەینەوەو چالاکانە هەوڵێ بۆ بدەین‌و وا من لێرەدا بە نیازی شارەزا بوونی هەندێ لە خوێنەرانی بەرێز بە گشتی‌ی‌و بە کورتی گرنگترین هۆکانی ئەو رووداوانە لەم چەند خاڵەدا کۆ ئەکەمەوە بەشکم ئەمە خوایە هەر کەسە بە گوێرەی جێگاو تواناو ماوەی خۆی هەوڵی نەهێشتن‌و کەم کردنەوەیان بدات .

١ - ئەوانەی رێگاکان بەکار ئەهێنن (واتە مرۆڤ خۆی) کە بە زۆر هۆوە کە خۆیان دروستی ئەکەن توشی کارەساتی سەر شەقامەکان‌و رووداوی ئوتومبێل ئەین ، وەکو نە شارەزایی لە بەکارهێنانی رێگاو بان‌و چۆنی‌یەتی پەرینەوەدا یاخود بە هۆی سەرخۆشی‌و زۆر خواردنەوەوە یاخود بە هۆی گوێ کەڕی‌و هەندێ نەخۆشی تری مێشك‌و عەقڵەوە یان نەزانینی رادەی مەترسی پەرینەوەی سەر شەقامەکان‌و سەرپێچی کردنی یاساکانی هاتوچۆو پەرینەوە لە شوێنێکەوە کە بۆ پەرینەوە نەکراوەو یان بە هۆی سەر لێ تێك چون‌و پەلە پەلی سەر جادەکان بە دوای ئیشی رۆژانەدا .

٢ - رێگاو بانەکان : - رێگاو بان‌و شەقامەکان هەر هەموویان باش دروست نەکراون‌و بە شێوەیەکی زانستیانەی راست پلانیان بۆ نەکێشراوەو هەر بە هۆی زۆر بوونی ئۆتومبێل‌و پەرەسەندنی ئیشوکاری رۆژانەوە بەکار هێنانیان زەحمەتەو ئەم نا تەواوبانەی رێگاو بانەکان ئەبنە هۆی رووودانی گەلێ کارەساتی تا هەمووارى دڵ تەزێن.

بەنی صەدر «پاشماوە»

ئێراندایەو بەم زووانە ئەوی بەجێ‌دەهێڵێت بەرەو ئەرەسەیان ئەڵمانیای فیدرال لە رێگای تورکیاوە. لەلایەکی تریشەوە رۆژنامەی شۆرشی ئیسلامی ووتوویەتی هێشتاکە بەنی صەدر لە ناوچەی رۆژئاوای ئێراندا خۆی شاردووەتەوە.

رۆژنامەکە بە زمانی داواکاری شۆڕشگێری ناوچەیی کرماشان‌و عیلامەوە ووتوویەتی بەنی صەدر لەو ناوچەیەدا خۆی شاردووەتەوەو ئاگاداری خەڵکی‌ی کردووەتەوە هاریکاری‌ی لەگەڵ نەکەن‌و نەبشارنەوە .

مەروتارە «پاشماوە»

ئەم رۆژانە کە گەلەکەمان یادی ئەم دوو رۆژە مەزنە دەکاتەوە ، یادی کردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی و یادی شۆڕشی ١٩٢٠ی ئەمرئەم دوویادە هاندەر دەبن بۆ گورج و گۆڵ کردنی خەباتی گەلەکەمان لە دوو قۆڵەوە : بنیات نان و ئاوەدانی عیراق‌بۆ بەختەوەری نەوەی ئێستا و پاشە رۆژ و جەنگ کردنی مەردانەیش دژی ئەو دوژمنە چاو برسییانەی خۆشی‌یان بۆ عیراق ناوێ و پیلانی لە دژ دەگێڕن . فارسی رەگەزپەرست و زایۆنی‌و هەموو دارو دەستەکانی ئیمپریالی . گەلی عیراق ، ئەو گەلەی لە ساڵی ١٩٢٠دا ، لە کوردستان‌و لە بیابانەکانی خوارووە ، کوردو عەرەب ، یەك دەست بە گورزو گۆپاڵ دژی گەورەترین هێزی‌ئیستعماری لەو سەردەمەدا ڕاپەری‌و تۆقاندی‌و وای‌لێ‌کرد تا لە وولات دەرنەکرایە دەرەوە وازی لێ نەهێنرا . دەڵێین ئەم گەلی عیراقەی خاوەنی دەیان یادگاری‌پیرۆزو سەربەرزی وایەو ئەمڕۆش کە کاروانی سەربەرزی دڕوات‌و بەڕابەری باڵەوان صەدام حسین پشت‌ئەستوورە بە یەکێتی‌ی نیشتمانی‌و برایەتی‌هەتاهەتایی کوردو عەرەب پشت ئەستورە ، لە سەلامەتی‌رێبازی شۆڕشە مەزنەکەی‌و حزبە سەرکردەکەی حزبی‌بەعسی عەرەبی سۆشیالست پشت ئەستوورە ، نە دەست‌درێژی‌و هەڕەشەو گوڕەشەی زایۆنیەکانی کاروانی‌دەوەستێنێ‌و نە دوژمنایەتی‌ی نەزانەکانی قوم‌و ناران‌دەتوانن رێی پێ بگرن ... ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی‌کاروان لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا بەدی‌ی هێناون ، زیاد دەکەن‌و قووڵتر دەبنەوەو کاروانی سەر فرازمان بەرەو لووتکەی سەر بەرزی‌ی زیاتر دەچێتەو .. بۆ پێشەوە .

● هاوکاری ●

رەخنەو لێکۆڵینەوە «پاشماوە»

هەڵتەکاندوە کە بە هاندانی کەسێکی تری ناو خەڵکەکە کەتەکان ماندو دەبن ، کە لەدواوە سەیری دەکردن. رۆستەم لە ژیریانەوە چاوە زیتەکانی هەر بزەیان دێت . تا پیاوێکی دنیادیدە لەکۆلی دەکەنەوەو دواجار بەدەستی بەتاڵ وپشتی قوڕاوی‌یەوە بۆ کاول بووەکەی « ماڵەکەی » دەگەڕێتەوە .

لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکەدا ئەوە نیشان دراوە کە مرۆڤی هەژار بەشی هەر نەبوونی‌و تێ هەڵدانە . تا ئێرە شتێکی گونجاوەو ڕاستە بەڵام بۆچی لە چاو هەموو کرێکارەکان بەرگیانی رۆستەمی هەناسە سارد کەوت . دەتوانرا کەسێکی تر ئەو لێدانەی بخواردایەو رۆستەم پەندی لێ وەربگرتایە ، ئەمە لەلایەك لە لایەکی تر ئەو هەموو تێ هەڵدانەی خوارد تەنها جارێك دەستی نەجووڵاند بەرگری لەخۆی بکات ، کەچی چاوە زیتەکانی هەر بزەبان دەهات ، کە دوو کرداری دژبەیەکن و لە بۆتەیەکدا کۆنابنەوە . کابرا بۆیە رۆستەمی بەکوتاندا تاچاوی ئەوانی تر بترسێنێت لە کاتیکدا دەتوانرا نەهێڵن رۆستەم لەگوڵی کەمترپێ بوترێت‌و نەش ترسێن ، وەك ناشکرایە هێزی کرێکار ئەو هێزە لەبن نەهاتووەیە کەنەك دووکەتە ، بەڵکو هەموو هێزی جیهانی بەسەردا بروخێندرێت ناترسێت . ڕووداوەکانی ئێستاو لەمەوپێشینەی جیهانی ئەو راستیەیان سەلماندووە . کە کرێکار تۆزا ژیانیش بەرەو هەڵدێر گلور دەبێتەوە .

دلێری هاوڕێی خۆی دەکات بە خاوەنی‌و شەش مانگ حوکم دەدرێت ، لە دواجاردا زرنگ خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ‌و لە رێگای سکاڵا نامەیەك لێ پرسراوان ئاگادار دەکات‌و نامەبەکی بەشیمانیشی بۆ دلێر دەنێرێت . ئەوەی جێی سەرنجە زرنگ‌و دلێر بەیەکەوەبوون کە کارەساتەکەیان لە دەست ڕوویدا ، چۆن ئەویان گیراو بەندکراو ئەوتریشیان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو . بێ ئەوەی کەسێك پرسیارێکی لێ بکات ، کە دەبوایە وەك شاهیدێك بمایایەوە تا کاری تحقیق ئەنجام دەدرا . یان چۆن شوفێرێك بەبێ ئەوەی نیشانە بەوەبکرێت کە خێزانی منداڵەکە لێی خۆشبوون‌و داوایان لە سەر قەید نەکردوە - یان چۆن پیاو کوژ هەروا بە ئاسانی بە شەش مانگ حوکم ڕزگاری بوو ، کە هیچ حیسابێك بۆ بارمتەی خێزانەکە نەکراوە . کاك عبدالله نیشارەتی بەوە کردوە کە زرنگ منداڵەکەی کردوە بەژێرەوە تاوانێکی گەورەی کردوە ،

ماویەتی

بەنی صەدر «پاشماوە»

ئێراندایەو بەم زووانە ئەوی بەجێ‌دەهێڵێت بەرەو ئەرەسەیان ئەڵمانیای فیدرال لە رێگای تورکیاوە. لەلایەکی تریشەوە رۆژنامەی شۆرشی ئیسلامی ووتوویەتی هێشتاکە بەنی صەدر لە ناوچەی رۆژئاوای ئێراندا خۆی شاردووەتەوە.

رۆژنامەکە بە زمانی داواکاری شۆڕشگێری ناوچەیی کرماشان‌و عیلامەوە ووتوویەتی بەنی صەدر لەو ناوچەیەدا خۆی شاردووەتەوەو ئاگاداری خەڵکی‌ی کردووەتەوە هاریکاری‌ی لەگەڵ نەکەن‌و نەبشارنەوە .

وەرزش

هەواڵی وەرزشی ...

● لە دوو یاری تەنس‌داو لە پاڵەوانێتی لاس فیگاسی دەولی دا (ایفان لێندل) سەرکەوت بە سەر هارۆلد سۆلۆمۆن - ی ئەمەریکی دا ، ٦ خاڵ بە ٤ خاڵ‌و ٦ خاڵ بە ٢ خاڵ .

● لە یاری جوت‌دا ماکنرۆو فلیمینگ سەرکەوتن بە سەر وولکی‌و دیلات دا ، ئەم چوار یاری‌زانە خەڵکی ئەمەریکان . دوو یاربیان کرد ٦ خاڵ بە ٣ خاڵ‌و ٧ خاڵ بە ٦ خاڵ . بو .

- دەورەیەکی راهێنان بۆمەلەوانی -

● یەکێتی مەلەوانی‌عیراقی لە ٢٧ - ی ئەم مانگەوە بۆ ماوەی حەوت رۆژ لە مەلەوانگای کولێجی سەربازی دەورەیەکی‌راهێنانی مەلەوانی ئەکاتەوە. ئەوەی شایانی باسە یەکێتی داوای لە هەموو لقەکانی پارێزگاکان کردووەناوی سێ راهێنەر بنوسن .

- پاڵەوانێتی پلەی یەکەمی‌تۆپی سەپەتە -

بۆ جێ بە جێ کردنی‌پرۆگرامی وەرزی ١٩٨١ی ، یەکێتی تۆپی سەپەتەی لقی‌بەغدا ، یەکێتی بریاری دا پاڵەوانێتی پلەی یەکەمی‌بەغدا بۆ یاری تۆپی سەپەتە - ی ژن‌و پیاوان لە هەفتەی یەکەمی مانگی تەموزی داهاتوودا رێکخا .

بێلێ ، رۆژ ماری ژنی تەلاق ئەدا

ئەوانەی کە رۆژ نزیکن لە بێلێ‌وە ئەڵێن رۆژ ماری ژنی‌تەلاق داوە کە لە سپی‌یەکانە ، سکرتێرەکەی بێلێ وتی :-

بێلێ لە گەڵ پارێزەکەیدا ڕۆیشتن بۆ شاری (سان دیبگۆ) بۆ ئەوەی موعامەلاتی تەلاق ڕێکخا ، لە پاش ئەوە بێلێ خۆی شاردەوە بەڵام ئەوەندەی پێنەچو لە (بۆرتۆریکۆ) دەرکەوت بۆ ئەوەی بشرویەك بدا بە خۆی‌و ماوەیەك بحەسێتەوە .

ئەوەی شایانی باسە (بێلێ) رۆژ ماری لە مانگی تشرینی دووەم لە ساڵی ١٩٦٥ دا مارە کردووەو کورو کچێکی لێ‌ی هەیە .

هەرچارەی یاری زانیك

ئامادە کردنی
محمد عبدالرحمن زەنگنە

- پیتگا -

● « پیتگا » یاری‌زانی‌تیپی (ئالیوفنتوس)ە لە شاری (تورینو)

- باوکی دوو منالە ئەلیزابیتاو لۆکا .

- یاریزانی چاکەو گۆڵی بە فیرۆ ناروا .

- بەو گۆڵانەی کە بەس تۆمارییان ئەکا ناوی دەرکردووە .

- لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا توشی نەخۆشی (سیل) بوو لە یاری تۆپ‌وەر گەراو کەوتە چارە سەرکردنی خۆی.

- هەموو کەس ئەیووت جارێکی کە ناگەڕێتەوە بۆ یاری کردن ، بەڵام لە پاش مانگ گەڕایەوەو ترسی خستە دڵی یاریزانە دژەکانیەوە .

- تاکو ئێستاکە ٢٥٠ یاری دەرەجە یەکی کردووەو نزیکەی سەد گۆڵی تۆمار کردووە .

کۆڕی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

لەگەڵ نووسەر و ئەدیبانی پارێزگای دهۆك

لە چوارچێوەی بابەخدانی دەزگاکەماندا دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەپێی وکردنی بەیوەندی لەگەڵ نووسەر و رۆشنبیرانی کوردو گفتوگوکردن لەگەڵیاندا و راستەوخۆ گوی گرتن لە داوا کاری یەکانیان و زانینی باری سەرنجیان دەربارەی نەخشەی کاروباری رۆشنبیری دەزگاکە .

رۆژی هەینی رێکەوتی ١٢ - ٦ - ١٩٨١ لە هۆلی کۆبوونەوەی دەزگاکەمان بەرێز بەریوەبەری گشتی مامۆستا اسماعیل رەسول و ئەندامانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی « هاوکاری » و گۆڤارەکانی « بەیان » و « رۆشنبیری نوێ » کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئەدیب و نوسەرانی پارێزگای دهۆك دا کرد . لە سەرەتادا بەرێز مامۆستا اسماعیل رسول بە خێرهاتنی نووسەرو ئەدیبەکانی کردو لە ئەهمیەتی ئەم جۆرە پێگەیشتنانەی نێوان دەزگاکەو نووسەران دواو بە کورتی باسی نەخشەی کاروباری ئەمسالی دەزگاکەی کرد لەگەڵ پەنجەکێشان بۆ ئەو کاروبارانەی تا ئێستا لە رووی چاپکردن و چالاکی رۆشنبیری یەوە جێ بەجێ کردوە . دەربارەی ئەم پێگەیشتنەیشی دەستی بۆ ئەوە کێشتا کە ئێمە حەز دەکەین بایەخ بە چالاکی رۆشنبیری پارێزگای دهۆك بدەین لەسەر خواستو ئارەزووی نووسەرو رۆشنبیرەکانیان . هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە ئێمە بە سنگێکی فراوانەوە ئامادەین گوێمان لە باری سەرنجەکانتان بێت و ئەوەی لە توانادا بێ بۆ خزمەتی چالاکی رۆشنبیری گەلەکەمان بە لایەنی خزمەت کردنی گشتیدا بکەین . دوای هاتە سەر باسی چالاکی تری دەزگاکە لە رووی کۆڕ بەستنەوەو داوای لە ئەدیب و نووسەرانی پارێزگاکە کرد پێداویستەکانی بەستنی کۆرتکی رۆشنبیری ساز بکەن و دەزگاکەمان ئامادەیە هەموو یارمەتیەك لەم بارەیەوە پێشکەش بکات .

دوای ئەوە دەرگای گفتوگوکردن کرایەوەو ئەم مامۆستاو برا ئەدیبانە باری سەرنجی خۆیان دەربارەی چالاکی دەزگاکەو ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری کردن قسەیان کرد مامۆستا صادق بهاالدین ، سەرفراز علی ، جمیل سندی ، مۆید طیب ، سگفان عبدالحکیم ، ادریس چلکی وەصفی ردینێ .

دەربارەی هەر باری سەرنجی کە نووسەران دەریان دەبڕی بەرێز بەریوەبەری گشتی و کارگیرانی دەزگاکە وەلامیان دەدایەوەو باری سەرنجی خۆیان روون دەکردەوە . لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا مامۆستا صادق بهاالدین بە ناوی نووسەرەکانەوە سوپاسی و رێزی بەرێز بەریوەبەری گشتی کرد بۆ سازاندنی ئەم چاوپێکەوتنەو کۆبوونەوەکە زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند .

بەهرەدار

دوو دووی

* سعاد کریم
* پەیمان جمال

● شێرزاد عبدالرحمن ●

● خوشکە سعاد کریم کچە هونەرمەندێکەو لە سالی ١٩٦٠ لە کۆیە لە دایك بووە بۆ یەکەم جارێکیش لە پیشانگایەکی قۆناغی ناوەندی لە کۆیە بەچەند تاپلۆیەك بەشداری کردوە سەرەرای چەند پیشانگایەکی ترو ئێستاش لە قۆناغی دووایی خوێندنی ئامۆژگای ئامادەکردنی مامۆستایانە .

● لێمان پرسی بۆچی لە تابلۆکانتا بابەتی فۆلکلۆرو سرووشت زیاتر رەنگ ئەداتەوە ؟

× چونکە من زیاتر بایەخ بە کەلەپوور ئەدەم بۆ پەرەپێدانی بەهرەی هونەری وەکو تاقی کردنەوەیەکی زیندوو، بۆ مەسەلەی سرووشتیش ناوچەی کوردستان ئەم لەزەتەی پێبەخشیوم ..

● **ئەم کچەش لە کۆڕی ئەمەترەنجدا**

● خوشکە پەیمان جمال حمد امین بە یەکەمی پالەوانیەتی شەترەنجی عیراق دەرچووەو ئەم کچە بەهرەدارە لەم لایەنەی وەرزشی بیرو مێشك بەکار هینانەدا چەند ساڵێکە سەرکەوتنی باشی بەدی هیناوە . دەڵێ :

- لە ساڵی ١٩٦٢دا لە دایك بووم لە ناو خێزانەکەمدا هۆگری ئەم یاریە بووم .

هەر ئەم حەزو ئارەزووە گەرمە بوە کە وای لێ کردم سەرکەوتن بەدەست بێنم و بەرامبەر بەمەش هەست بە دڵشادی و شانازییەکی گەورە دەکەم و ئومێدم زۆرە کە بتوانم لە پالەوانیەتی تردا بەشداربم ، چونکە تا ئێستا لە هندستان و مەغریب بەشداربووم و ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە .

دەربارەی دیاریەکانی ووتی:

تا ئێستا لە لایەن ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان و لقی حیزب و یەکێتی ئافرەتان و ئەنجومەنی گەل و یەکێتی شەترەنج زانەکان و وەزارەتی لاوانەوە خەلات کراوم .

دەربارەی ئەم یاریەش دەڵێ :

هیوام زۆرە کە زیاتر بگەشێتەوەو لاوانی کوردستان زیاتر بایەخ بەم لایەنە بدەن و ئومێدم وایە کە زیاتر بتوانم خۆم پەروەردە بکەم بۆ خزمەتی کۆمەڵ .

لەرەواندز :

کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کوردو وەرزی چالاکی

رەواندز ، شارە خنجیلانەکەی قەدپاڵی چیای کۆرەکی سەرکەشی ، شوێنەواری دێرینی شارستانێتی کوردو پایتەختی میری سۆران ، ئەم شارە مەزنە لە بەخششی خۆی ناگەوێ و دەیەوێ هەمیشە بەشداری خزمەتکردنی رۆشنبیری و هونەری کوردی بکا .

عبدالوهاب تاڵەبانی

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد - بەشی رەواندز مەڵبەندێکی ئەو هەوڵ و کۆششە پیرۆزەیە .. کاك (لوقمان طه) سەرۆکی بەشەکە دەربارەی گرنگێتی بوونی کۆمەڵە لەرەواندز پێی وتین :

- بوونی بەشی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە رەواندز بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بەرامبەر مەسەلە هونەریەکانی گەلەکەمان هۆشیار ببنەوەو، خۆیان لە کۆمەڵە نزیك بکەنەوە . . خەڵکەکە ئێستا ئومێدێکی باشیان بەم کۆمەڵەیە هەیە بۆ جوڵاندنو خستنەکاری باری هونەری لەشارەکەدا .

● **کاروبارتان ، حاڵی حازر لەچیدایە ؟**

- ئومێد دەکەین لەجاران باشتر بێ ، چونکە لەم رۆژانەدا لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەمان لەهەولێرو سکرتیرۆ ژمیریار سەرمان لەبەرێز قایمقامی رەواندزداو هەندێ پێشنیارمان پێشکەشی کرد ، ئەویش ئامادەیی خۆی پیشاندا کە هاوکاریمان لەگەڵدا بکا و بارمەتیمان بدا ، بێگومان ئێمە زۆر سوپاسی دەکەین و ، هیوادارین کە پارچەیە زەوی بەناوی کۆمەڵەوە تۆمار بکرێ ، بەڵکو بتوانین هەربە هاوکاری کارەبەدەستانی دەوڵەت دروستی بکەین و ، بیکەینە مەڵبەندێکی هونەری پێشکەوتوو ، هەروەها پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێ کە ئەمانەنی رۆشنبیری و لاوان لەم دوایی یەدا (٤٠٠) دیناری بەیارمەتی پێشکەش کردوین و سوپاسی دەکەین .

● **دوایی مامۆستا زرار محمد لێپرسراوی هونەری کۆمەڵە لە رەواندز دەربارەی باری هونەری بەشەکە وتی :**

- لە راستیدا ماوەیەکی کەم نیە کە چالاکی یەکانمان راوەستاوە ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك کە پەیوەندی هەر بەکۆمەڵەوە هەبوو ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا درێغیمان نەکردوە لەوەی لەهەموو ئاهەنگە نیشتمانی یەکاندا بەشداری بکەین ، بەتایبەتی بە گۆرانی و مۆسیقا ، لەمەودواش و بەبۆنەی داهاتنی وەرزی پشوودان و گەرانەوەی قوتابی یەکانەوە نیازمان هەیە دەورەیەك بۆ ئەو لاوانە بکەینەوە کە دەیانەوێ فێری مۆسیقا بین و ، بریاریشمان داوە ئاهەنگی گۆرانی و موسیقا سازکەین و شانۆگەری یەکیش پێشکەش بکەین ، بەیارمەتی هەموو لایەك ، بێگومان دەتوانین باری هونەری ئەم شارە خۆشەویستە بەرەو پێش بەرین و سوپاس .

نووسینگەی هەولێر

لە دەرەوەی سنوور

ئافرەتێك رۆژی ٧٠٠ قامچی دەفرۆشێت

تاکوو ئێستا ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەو بڕوایەدان کەوا قامچی و ئامرازەکانی تری وەك قامچی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی دەستەلاتداریتی و جێگای بەرزو پایە بەرزی . هەر وەها ئەم رەوشتە کۆنە کە زۆربەی خەڵك لەو بڕوایەدان بەرەو نەمان چووە تاکوو ئێستا هەر بەردەوامە بەتایبەتی لە پاریس و هەندێك شارە گەورەکانی فەرەنسا هەر وەها تاکوو ئێستا لە هەندێك قوتابخانەدا مامۆستاکان قامچی بەرانبەر بە قوتابی یەکان بەکار ئەهێنن .

هەندێك بازرگانەکان و خاوەن کشت و کاڵ و خاوەن مەرومالات هەن کە جۆرەها قامچی یەکار دەهێنن بگرە ئەم ئافرەتەش کە وێنەکەی لە بەردەمماندایە خۆی و مێردەکەی رۆژی ٧٠٠ قامچی ئەفرۆشن .

● **لەیونان ژیانی ئەدیبەکان دەکرێت بەفلیمی تەلەفزیونی**

لەم دوابیەدا ، نەخشەیەك لە تەلەفزیونی یونانی دانراوە بۆ ژیاندنەوەی بیرەوەری ئەدیبە ناسراوەکانی یونان ئەویش لەریگای تۆمارکردنی چیرۆکی ژیانیانەوە بەفلیمی تەلەفزیونی ، بەکرم کار لەم بارەیەوە ، بەبۆنەی بیرەوەری (٧٠) ساڵەی کۆچی دوایی نووسەری ناسراوی یونانیەوە (ئەلکسندر بابازیمانەی) زنجیرەیەکی (٣٠) ئەلقەیی لەسەر ژیانی تۆمار کراوە .

● **ئافرەتی پۆلیس و فلیمێکی کۆمیدی**

دوا فلیمی ئەکتەری ناسراو (گولدی هون فلیمێکی کۆمیدی یە کە دەوری ئافرەتێکی پولیسی تیا دەگێرێ و ئەم فلیمە لە وانەیە پاداشتی «ئوسکار»ی پێ بدرێ .

چاپکراوی نوێ

لە چاپکراوی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی :

لەعلیخانا گۆڤەیی

لەزنجیرەی سامانی کەلەپووی کوردی و لەچاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، چیرۆکی فولکلوری کوردی « لەعلیخانا گۆڤەیی» دەرچوە کە کاك مصطفی نوری بامەرنی کۆی کردۆتەوەو ئەم چیرۆکە لە (٩٦) لاپەڕەی قەوارە تاوەندیدایەو ئیستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەوێت .

× ×

پەپوولە

دیسان لە زنجیرەی چیرۆکی منداڵان ، کۆمەڵە چیرۆکێك بەناوی «پەپوولە»وە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرچوە ، کە بریتیە لە (١٣) کورتە چیرۆکی منداڵان ، لە نووسینی چیرۆك نووس کاك چەمزا علی امین و وێنەکانی ئەم کۆمەڵەیە هونەرمەند علی مندەلاوی دروستی کردون .

کۆمیدیا

لە نووسینی هونەرمەندی شانۆی کوردی مامۆستا احمد سالار ، دەربارەی « کۆمیدیا » نامیلکەیەك لەم دوایەدا دەرچووە . ئەم باسە ، هەنگاوێکە بوو بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی مەوزوعی هونەری شانۆ بەزمانی کوردی .

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

مژدە چۆن گەورە بوو

گۆڕینی : بەکر حسن

مژدە کچێکی بچکۆلەی ئێسك سووك بوو ، حەزی بوە دەکرد زوو گەورە بێ ، بەڵام نەیدەزانی چۆن خۆی گەورە بکات ، هەموو رێگایەکی تاقی کردەوە .. قۆنەرەکانی دایکی لە پێ کرد پاڵتۆکەی نەنکی لەبەر کرد ، قژەکەی تەسریح کردو ملوانکەیەکی دەنك گەورەی لە مل کرد سەعاتێکی گەورەشی لە دەست کرد . کە خەڵکەکە بینیان گاڵتەیان پێ کردو پێی پێ کەنین .. تا جاریکیان مژدە ماڵەکەیان گسك بدات ، زۆر باش گسکی داو دایکیشی دڵێ بەوە خۆش بوو پێی ووت :-

- ها ، مژدە .. چی یە دەڵێی گەورە بووی ؟!

مژدە بەمەوە نەوەستا زۆربەی کاری ناو ماڵی کرد ئەمکەرەتە نەك دایکی بەڵکو باوکیشی پێی خۆش بوو لەبەر چاوی خێزانەکەیا لە کاتی خواردندا بە مژدەی ووت :-

- ئێمە ئاگامان لێ نەبوو تۆ چۆن گەورە بووی ، مژدە گیان .

بەم جۆرە کەوتە کارکردن، مژدە گەورە بووو خەڵکی پێیان دەووت :-

- ئای لە مژدەی بچکۆلە، چەند گەورەیە .

مژدە خۆشی زانی گەورە بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر قۆنەرە بچکۆلەکانی خۆی لەپێ دەکاو پاڵتۆ بچوکەکەی خۆشی لە بەردەکاو قژیشی تەسریح ناکات و ملوانکەش لە مل ناکات و سەعاتیش لە دەست ناکات ..

کەواتە ئەم شتانەو هیچ شتێکی بە (ڕوکەش شت) کەس ناگۆڕێ و کەسیش گەورە ناکات .

دوو دووی هاوڕێی گۆشە

دلشاد حیدر — حیمە علی جلال